
سیاسەت

روو لە هەرێم دەکەن
کریستیانەکان ئینتیمایان بۆ عێراق نەماوە
16


کۆمەڵایەتی

پرۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی
گۆڕان پێداگرەوە کوردستانی رەتی دەکاتەوە
36


وەرزش

سەرۆکی یانەی ئافرەتانی دهۆک (ماهینور عەبدوڵلا):
پێشتر وەزارەتی وەرزش و لاوان زۆر کێشە و گرفتی بۆ دروست کردین
کچانی وەرزشوان زۆرن، بەڵام پاڵپشتیی ناکرێن
42


تەندروستی

نەخۆشی شەکرە لە کاتی دووگیانیدا
46


کەلتوور

ژنێکی کورد ٤ فەرهەنگی زمان دەنووسێت
56





**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان
warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵلا Lanjaebdulla@yahoo.com
**سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:** عەبدولرەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەرەش behre2009@yahoo.com
**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید
**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولرەحمان
**راوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم
**فایلەکان**
**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com
**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵلا arsalansport@gmail.com

**نوسینگەکان**
**کەرکوک:** سەماح سەمەد
**سلێمانی:** ئازیز مەحمود
**دهۆک:** هەڵز عەلی

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
رێباز عەبدوڵلا
07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07504624506
Normal: 0662647813

دابەشکردن: خانەی سەهەند

**Designed by** - Wshyar Muhamad mustafa
Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com


www.netewe.com





وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئاسۆس نەجیب لە پێشانگای وارڤین



منداڵانی کورد داخستنی DTP شەرمەزار دەکەن





کچان بەشدارییان لە کۆنگرەی دووەمی کریستیانەکاندا کرد

# پیاوێک بەتۆمەتی گێچەڵکردن بەژنان دەستگیر کرا

**وارڤین – تایبەت:** ئەفسەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بەوارڤینی راگەیاند کە پۆلیس، بەتۆمەتی گێچەڵکردن بەژنان لەرێگای موبایلەوە پیاوێکی دەستگیر کردووە. ئەو تاوانبارە ماوەی ٥ مانگە بە٣ سیمکارتی جیاواز گێچەڵی بەچەندین ژن کردووە.

لەرێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/١٤ لەلایەن نووسینگەی ناوەراست بۆ نەهێشتنی تاوان سەربەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر هاووڵاتییەک بەناوی (ش.ع.ق) لەدایکبووی ١٩٨٥ کە فەرمانبەری یەکێک لە فەرمانگەکانی حکوومەتە بەتۆمەتی گێچەڵکردن بەژنان لەرێگەی مۆبایلەوە دەستگیرکرا.

لەوبارەیەوە ئەفسەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر کاروان عەبدولکەریم شێخ عەلی، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند: "تاوانبار دوای ئەوەی دانی بەتاوانەکەیدا ناوە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەوە بەپێی مادەی (٤٣٢) لەیاسای سزادانی عێراقی بریاری بەندکردنی دراوە".



ئەفسەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر هەروەها رایگەیاند کە لەلایەن نووسینگەی ناوەراست بۆ نەهێشتنی تاوان پەیوەندی کراوە بەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە لای تاوانبار هەیەو گێچەڵیان پێکراوە، بەلام تائێستا یەک سکالا لەدژی ئەو تاوانبارە تۆمار کراوە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەکاندا (ش.ع) دانی بەوەدا ناوە کە ماوەی ٥ مانگە لەرێگەی مۆبایلەوەو بەبەکارهێنانی ٣ سیم کارت، شەوانەی دوای کاتژمێر ١١ی شەو پەیوەندی بەچەندین ژنێکەوە کردووە. (ش.ع) لەوبارەیەوە بۆ وارڤین دواو گوتی: "شەوانە دوای کاتژمێر ١١ دەستم دەکرد بەتەلەفۆن، ئەگەر ژن بوایە قسەم لەگەڵ دەکردو زۆر جار داوای قسەی سێکسیم لێ دەکرد هەندێکیان قسەیان لەگەڵ دەکردم و ئەوانیتریش جنێویان پێدەدام". نەقیب کاروان، هۆکاری سەرەکی ئەم حاڵەتەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی یاسایەک بۆ فرۆشتنی سیم کارت لەبازاڕەکان و گوتی: "لەبازاڕە فەوزایەکی زۆر هەیە، هەموو کەسێک دەتوانێت سیم کارتێک بکرێت و لەو رێگایەوە بەسانایی گێچەڵ بەخەڵک بکات، من پێموایە تائێستا ٩٠٪ی خەڵکی کوردستان لەرێگەی مۆبایلەوە گێچەڵیان پێکراوە".



جێی ئاماژەیە، (ش.ع) زگورتییەو هێشتا ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە.

# بنکەیەکی تەندروستی کێشەی نەزۆکی چارەسەردەکات

**وارڤین – هەولێر:** دوای ٧ رۆژی دیکە پێشکەوتووترین بنکەی تەندروستی تایبەت بەچارەسەرکردنی نەزۆکی و منداڵی ناو شووشە لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوەو خاوەنەکەشی دەڵێت لەکارەکەماندا لایەنی شەرعی لەبەرچاودەگرین.

دکتۆرە سەعیدە ئەلئەنساری، کە دکتۆرای لە"نەشتەرگەری منداڵی ناو شووشە"دا هەیە و خاوەنی بۆردی ئەمریکییە موژدەی بەخەڵکی کوردستان دا کە لەرۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٠وە پێشکەوتووترین بنکەی تایبەت بەچارەسەرکردنی نەزۆکی و نەشتەرگەری منداڵی ناو شووشە لەشاری هەولێر دەکەنەوەوە بنکەکەیان بەناوی (بنکەی بەررنجی)دەبێت. ئەم بنکەیە تازەترین دەزگای پشکنین و چاندنی خانەو نەشتەرگەری وردی تێدایە. سەعیدە ئەلئەنساری هەروەها لەگەڵ (د.مونزیر بەررنجی)هاوسەری کە دکتۆرای لەچاندنی خانەو چارەسەری نەزۆکی هەیە بەنیازن چەندین کادیری پسپۆر لەم بوارەدا لەئەمریکاوە بهێننە هەرێمی کوردستان و بەنرخێکی گونجاو کێشەی نەزۆکی لەکوردستان و ناوچەکەدا کۆتایی پێبێنن.

دکتۆرە سەعیدە ئەنساری، جەختی لەوە کردەوە لەکارەکەیاندا زۆر بەوردی لایەنی شەرعی رەچاو دەکەن و لەئەمریکا چەندین نەشتەرگەری سەرکەوتوویان ئەنجامداوەو ئەوانەی کێشەی نەزۆکیان هەبووە چارەسەریان کردووە گەرەنتی ئەوەشی داوە کە بەرێژەی ٩٦٪ی حاڵەتەکانی نەزۆکیان لەلای ژن و پیاو چارەسەرکردووەو بەنیازن ئەو ئەزموونەیان لەکوردستان جێبەجێبکەن. گوتیشی من عەرەب و عێراقیم بە لام هاوسەرەکەم کوردەو زۆر هانیدام تا ئەمریکا بەجێبێڵین و بێین لەم هەرێمە ئارام و جوانەی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا خزمەت بکەین و خۆشبەختانە حکوومەتی کوردستانیش زۆر هاوکاری و ئاسانکاریان بۆ کردین.

**مەریوان نەقشبەندی**

www.netewe.com

## ژنە چالاکڤانێکی سەحرایی مانگێکە مانی لەخواردن گرتووە



**وارڤین – ئەلئەهرام:** ژنە چالاکڤانێکی سەحرای رۆژئاوا بۆ شەرمەزارکردنی هەڵوێستی دەوڵەتی مەغریب لەئیسپانیا ماوەی ٣٠ رۆژە مانی لەخواردن گرتووەو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاش داوای شکاندنی مانگرتنەکەی دەکەن، بەڵام ئەو داخوازییەکانیان رەت دەکاتەوە. ئامیناتۆ حەیدەر، ژنە چالاکڤانی سەحراوی دوای ئەوەی داخوازی پارتە سیاسییەکانی ئیسپانیاو دەوڵەتانی ئەورووپای بۆ شکاندنی مانگرتنەکەی رەت کردەوە، ئەمجارەش داخوازی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بان کی مۆن و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆنی رەت کردەوە. ئامیناتۆ حەیدەر، ئەمرۆ گەیشتە رۆژی سیهەمی مانگرتن و رەوشی تەندروستی بەرەو خراپی دەچێت. وەک دەزانرێت مەغریب لەساڵی ١٩٧٥دا خاکی سەحرای رۆژئاوای داگیر کردووەو تائێستاشی لەگەڵدا بێت وتووێژ و ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی مەغریب و (بەرەی پۆلیساریۆ)دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ گەلی سەحرا بەردەوامە.

## سەمیرە ئۆزال: تورگوت ئۆزال کوژراوە

**وارڤین – تەرەف:** سەمیرە ئۆزال هاوسەری سەرۆککۆماری پێشووی تورکیا لەمیانەی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند کە مێردەکەی کوژراوە. سەمیرە ئۆزال هاوسەری سەرۆککۆماری پێشووی تورکیا تورگوت ئۆزال، بۆ جاری یەکەم و لەمیانەی پرۆگرامی "ئۆلایهەبەر"ی کەناڵ ت.ی تورکیادا کە لەرێگای تەلەفۆنەوە بەشدار بوو لێدوانێکی سەرنجراکێشی دا. سەمیرە، گوتی: "سپێدە کاتێک ئێمە نانمان دەخوارد، تورگوت کەوت. بەمەزندەی من، ئێوارەی پێشووی، بەرلەوەی گیان بسپێرێت، بەشێوەیەک ژار کراوەتەوە ناو خواردن- خواردنەوەکەی. لەسەدا ١٥٠٠دڵنیام کە کوژراوە. هەندێک بەڵگەو دۆکیۆمێنتم لەلایە. هەروەها لەبارەی تاوانبارانیشەوە هەندێک شت دەزانم. بەڵام من دواتر بەڵگەکان ئاشکرا دەکەم".



## سعودیا: مامۆستایانی ژن داوای یەکسانی دەکەن

**وارڤین – بی بی سی:** ژنانی مامۆستا لەسعودیا هەوڵێکی بەرفراوانیان دەست پێکردووە بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرانبەر بەپیاوان و راشیانگەیاندووە لەدژی وەزارەتی پەروەردەی وڵاتەکەیان نارەزایی دەردەبڕن. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا مامۆستایانی ژنی سعودیا خوازیاری زیادبونی مافەکانیان و باش بوونی بارودۆخی کاروبارەکانیان بوون.

مونا عەبدولعەزیز وتەبێژی ژنانی مامۆستا لەسعودیا رایگەیاندووە: هەوڵەکانی مامۆستایان بۆ باش بوونی بارودۆخی ژیانیان کاریگەر بووە بەسەر مامۆستایان پیاو، بەڵام ئاکامێکی بۆ مامۆستایانی ژن نەبووە. ناوبراو ئاشکرای کرد مامۆستایانی پیاو دژی هەوڵەکانیان دەوەستنەوە و زۆرجار هەوڵیان داوە پێش بەچالاکییەکانیان بگرن.

نزیک بە حەفتا هەزار مامۆستای ژن لە سعودیا مووچەی کەم وەردەگرن و جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مووچەی پیاوان و ژنانی مامۆستا دەبیندرێ.

www.netewe.com

## ئەڤین چەتین:
## دەبێ سوید و ئەورووپا وتووێژەکانیان لەگەڵ تورکیا رابگرن



**وارڤین – ئیرۆکورد نیوز:** ژنە سیاسەتمەداری بەناوبانگ ئەڤین چەتین، سەبارەت بەداخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک لەلایەن"دادگای باڵای دەستوور"ی تورکیاوە، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

ئەڤین، داوا لەحکومەتی سوید و بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا دەکات کە وتووێژەکانی ئەندامێتی تورکیا لەو یەکێتییەدا رابگرن. ئەڤین، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە، بڕیارەکەی دادگای دەستووری تورکیا ڕێگاکانی ئاشتی و دیالۆگی چارەسەری پرسی"دۆزی کورد"ی داخستووە. ئەو سیاسەتمەدارە لەبەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا گوتوویەتی د.ت.پ لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا گەورەترین پارتەو لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ٩٩ شارەوانی بەدەست هێناوە، بۆیە داخستنی ئەو پارتە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەدیموکراسی.

پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک ٩٩ شارەوانی و ٨ ئەنجوومەنی پارێزگای بەدەستەوەیە و هەروەها ٢١ پەرلەمانتاری لەپەرلەمانی تورکیادا هەیە.

## هەولێر: ٤ ژن بەرەوڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە

**وارڤین – تایبەت:** سەرچاوەیەکی ئاگادار بەوارڤینی راگەیاند کە لەماوەی مانگی رابردوودا ٤ ژن بەرەوڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە.

ئەو سەرچاوەی هەروەها گوتی لەماوەی مانگی رابردوودا ٦٤ ژن لەلایان تۆمارکردووەو ١٠ ژنیش ئەشکەنجەدراون. سەرچاوەکە هەروەها ئاشکرای کرد کە لەماوەی مانگی ١١دا لەسنووری پارێزگای هەولێر ١٠ ژن ئەشکەنجەدراون و ١٢ ژنیش سووتاون.

ئەو سەرچاوەیە لەبارەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان ئەوەی خستەڕوو کە ٤ ژن دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر و ٢ ژنیش کوژراون.

## هەفتەی داهاتوو تیروپشکی قەوارە سیاسییەکان ئەنجامدەدرێت



**وارڤین – ئەلعراقیە:** گوتەبێژی فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق قاسم عەبودی، رایگەیاند کە ژمارەی قەوارە سیاسییەکانی عێراق ٢٩٦ قەوارەیەو ٢٣ی ئەم مانگەش ڕۆژی تیروپشکی دیاریکردنی ژمارەی قەوارەسیاسییەکان دەبێت.

بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ٧ی ٣ی ساڵی ٢٠١٠، وەک ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەستنیشان کراوە. تائێستا٢٩٦ قەوارەی سیاسی ناویان لەکۆمیسیۆنی هەڵبژاردن تۆمارکردووەو لەو ژمارەیەش ١٥ قەوارە کشاونەتەوەو ١٢ هاوپەیمانێتیش پێک هاتووە.




# یولیا تیمۆشینکۆ: سەرۆکوەزیرانی ئۆکراین

www.netewe.com

# بەپێی راپرسییەکی دەزگای وارڤین:

## ٣٦٪ـی ژنان دەڵێن کابینەی شەشەم ناتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات

## ٣٢٪ـی ژنان لەرێژەی بەشداریکردنی ژن لەکابینەی پێنجەمدا نارازی بوون

بەپێی راپرسییەکی دەزگای وارڤین بۆ کاروباری ژنان کە لەهەرسێ شاری گەورەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) ئەنجامدراوەو سەرجەم بەشداربووانی راپرسییەکە ژن بوون و ئاستی خوێندنیان (قوتابی پەیمانگاو زانکۆ و هەڵگری بڕوانامەی دیپلۆم، ماستەر، دکتۆرا بووە. لەئەنجامی ئەو راپرسییەدا دەرکەوتووە کە٣٢٪ی ژنان لەرێژەی بەشداریکردنی ژن، لەکابینەی پێنجەمدا نارازی بوون و هەروەها ٣٦٪ـی ژنانیش پێیانوایە کابینەی شەشەم ناتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات.

## پرسیارە گشتییەکان:

١) لە کۆی ١٢٠٠ کەس کە لەم راپرسییەدا بەشدارییان کردووە، نزیکەی ٣٩٪ـیان، تەمەنیان لەنێوان (١٨-٢٨)ساڵیدا بووە. ٢٤٪ـیش تەمەنیان لە (٢٩-٣٨) ساڵ بووە. تەمەنی (٣٩ – ٤٨)ـیش رێژەی ٢٣٪ـی بەشداربووانی پێکهێناوە و هەروەها ١٤٪ـی بەشداربووانیش تەمەنیان لەنێوان (٤٩-٦٠) ساڵی بووە.

### خشتەی (١) تەمەنی بەشداربووان

| تەمەن | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| ١٨ تا ٢٨ | ٤٥٤ | ٣٩٪ |
| ٢٩ تا ٣٨ | ٢٨٥ | ٢٤٪ |
| ٣٩ تا ٤٨ | ٢٨١ | ٢٣٪ |
| ٤٩ تا ٦٠ | ١٨٠ | ١٤٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ١٠٠٪ |

### هێڵکاری (١)




www.netewe.com

٢) باری خێزانی لەپرسیارە گشتییەکاندا بۆ سەر ٣ ئاست، دابەشکرابوو و بەپێی ئەو دابەشکردنەش ٥٩٪ـی بەشداربووان سەڵت، ٣٩٪ـی خێزاندار و ٢٪ـی دیکەش بێوەژن بوون.

## خشتەی (٢) باری خێزانی بەشداربووان

| باری خێزانی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەڵت | ٧٠٤ | ٥٩٪ |
| خێزاندار | ٤٦٣ | ٣٩٪ |
| بێوەژن | ٣٣ | ٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ١٠٠٪ |

هێڵکاری (٢)




٣) دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە لەهەولێر، سلێمانی و دهۆک، بەپێی ڕێژەی دانیشتووان دەستنیشان کراوە. بەو پێیەش ٤٢٪ـی بۆ هەولێر، ٣٣٪ـی بۆ سلێمانی و ٢٥٪ـی بۆ دهۆک، بووە.

## خشتەی (٣) شوێنی نیشتەجێبوون

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| هەولێر | ٥٠٠ | ٤٢٪ |
| سلێمانی | ٤٠٠ | ٣٣٪ |
| دهۆک | ٣٠٠ | ٢٥٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ١٠٠٪ |

هێڵکاری (٣)






www.netewe.com

٤) ٣٦٪ی ئاستی زانستی بەشداربووان قوتابی پەیمانگا، ٥٢٪ی قوتابی زانکۆ، ٨٪ی ماستەر و ٤٪ی دکتۆرا بووە.
لەکۆی ئەو ١٥٠٠ فۆرمی دابەشکراو ١٢٠٠، فۆرم گەڕاوەتەوە.

### خشتەی (٤) ئاستی زانستی بەشداربووان

| ئاستی زانستی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دیپلۆم | ٤٣٢ | ٪٣٦ |
| بەکالۆریۆس | ٦٢٣ | ٪٥٢ |
| ماستەر | ١٠٠ | ٪٨ |
| دکتۆرا | ٤٥ | ٪٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |




هێڵکاری (٤)

## پرسیارە تایبەتییەکان:

١) لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ژنان تا چ رادەیەک لەبڕیارە سیاسییەکانی وڵاتدا رۆڵیان هەبووە، ١٤٪ی نموونەکە پێیانوابووە کە ژنان هیچ رۆڵێکیان لەو بوارەدا نەبووە. نزیکەی ٤٠٪ی نموونەکە رایانگەیاندووە کە ژنان، لەو بوارەدا تارادەیەک رۆڵیان هەبووە. هەروەها ٣٢٪ی نموونەکە گوتوویانە کە ژنان، رۆڵێکی کەمیان هەبووە ١٤٪ی دیکەش رۆڵی ژنانیان لەو پرسەدا بەزۆر زانیووە.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان د.عومەر نورەدینی کە هاوکات مامۆستای کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدینە، سەبارەت بەکەمی رۆڵی ژنان و بەشدارپێنەکردنیان لەبڕیارە سیاسیەکاندا، دەڵێت کە پرسی بەشداریکردنی ژنان لەدەسەڵاتی سیاسی، یا بەشداری سیاسی ئافرەتان لە کایە سیاسی و پرسە سیاسییەکاندا، تەنیا بۆ دەسەڵاتی سیاسی، یا بۆ ئەدای حکومەت و سیستەمی سیاسی لەوڵاتدا، کورت ناکرێتەوە. ئەو پێیوایە کە ئەم پرسە رەهەندی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و رۆشنبیریشی هەیە. نورەدینی ئەو هۆکارانەی لەپشت دیاردەی لاوازی بەشداری ژن، لەسیاسەتدا هەن، بەشێکی بۆ ئەداو پرۆژەکانی دەسەڵاتی سیاسی، دەگەڕێنێتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکەن. ئەو دەڵێت، ئاستی نارەزایەتی ژنان، لەو راپرسییە بەشێوەیەک نییە کە ئێمە بڵێین حاڵەتی بەشداریکردنی ژنان، لەسیاسەتدا لەپاشاگەردانییە“. بەپێی ئەو راپرسییە دەردەکەوێت کە هێشتان ژنان، لەبەشداری و رۆڵگێڕانیان لەسیاسەتدا ئاستەنگیان لەپێشەوە دەبێ هەوڵ بۆ بەشداری کارایان بدرێت“.

www.netewe.com

## خشتەی یەکەم بڕیاری سیاسی

| بڕیاری سیاسی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| هیچ | ١٦٣ | ٪١٤ |
| کەم | ٣٨٤ | ٪٣٢ |
| تا ڕادەیەک | ٤٨١ | ٪٤٠ |
| زۆر | ١٧٢ | ٪١٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |




٢) لەوڵامی پرسیاری ئایا لەرێژەی بەشداریکردنی ژنان، لە کابینەی ٥، رازی بوویت. ١٦٪ـی نموونەکە بە ئەرێ وەڵامیان داوەتەوەو ٣٢٪ـی ژنان ناڕازیبوون و ٣٣٪ـی دیکەش تارادەیەک رازیبوون و ١٩٪ـیش زۆر رازیبوون.

وەزیـری پێشووی مافی مـرۆڤ، لەکابینەی ٥ـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر شوان عەزیز، لەبارەی رێژەی بەشداری ژنان لەکابینەی ٥ـدا دەڵێت کە دەکـرا کابینەی ٥، زیاتر گرنگی بەبەشداری ژنان، لەپۆستە باڵاکان بدات"لەگەڵ ئەوەی خۆمان بەکۆمەڵگایەکی مەدەنی ناودێر دەکەین، دەبێ بایەخ بەبەشدارکردنی ژنان لەپۆستە باڵاکانی حکوومەت بدەین". بەڵام وەک باسی لێوەدەکات، کابینەی ٥، بەبەراورد لەگەڵ کابینەی شەش، لەبەشدارکردنی ژناندا سەرکەوتووتر بووە، چونکە لەکابینەی شەشدا رێژەی بەشدارکردنیان دابەزیوە. هاوکات د.شوان، وای دەبینێت کە ئەگەر رەچاوی یەکسانی پیاو و ژن بکرێت، ناکرێت مافی بەشداریکردنی ژن زەوت بکرێت.

## خشتەی دووهەم بەشداری ژنان

| بەشداری ژنان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| رازیم | ١٩٥ | ٪١٦ |
| ناڕازیم | ٣٨٤ | ٪٣٢ |
| رازیم تا ڕادەیەک | ٣٩٦ | ٪٣٣ |
| زۆر رازیم | ٢٢٥ | ٪١٩ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |



٣) پرسیاری سێهەم، سەبارەت بەوە بووە کە هەوڵەکانی حکوومەت تا چ رادەیەک توانیویەتی توندوتیژی دژ بەژنان، کەمبکاتەوە. بەبڕوای ٢٠٪ـی بەشداربووان کابینەی پێنجەم، کارێکی ئەوتۆی بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەکردووە. ١٧٪ـی بەشداربووانیش هەوڵەکانی کابینەی پێنجەمیان لەو بوارەدا بەکەم زانیووە. هەروەها ٣٢٪ـی بەشداربووانیش تارادەیەک لەو هەوڵانە رازی بوون و ٣١٪ـیش لەهەوڵەکانی کابینەی پێنجەم زۆر رازی بوون.

لەبارەی هەوڵەکانی کابینەی ٥ـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، وەزیری رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.کاوە مەحمود، گوتی، حکوومەت هەنگاوی بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنان ناوەو نموونەش بەکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی، دەهێنێتەوە. ئەو دەڵێت ئێستا لەپەرلەمان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەیەو ئەو هەنگاوانەش بۆسەردەمی کابینەی ٥ـی حکوومەت دەگەڕێتەوە.

د.کاوە، کە هاوکات گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بەپێویستی دەزانێت کە عەقڵیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بکەینە کەلتوور و هەموو لایەک بە بەرپرسیارێتییەوە کار بۆ ئەو پرسە بکات. راهێنەری جەندەری شیلان حەمە نوری، پێیوایە، ناکرێت بڵێین لەکابینەی ٥ـی حکوومەتی هەرێمدا هیچ کارێک بۆ پرسی ژن نەکراوە، بەڵام ئەو کارانەی لەچوارچێوەی کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنان یاخود چەسپاندنی یەکسانی رەگەزی لەکوردستاندا کراوە زۆر کەمبووە "دەتوانم بەسەدان فایلی توندوتیژیت پێبلێم کە ناویان و فەرمانی گرتنیان هەیەو توندوتیژیان ئەنجامداوە بەڵام لەسێبەری پارتە سیاسییەکاندا خۆیان حەشارداوە".

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژن لەخولی پێشووی پەرلەمان پەخشان زەنگەنە، ئاماژە بەوەدەکات کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، تائێستا ژن وەک "شەرەفی خێزان" سەیر دەکرێت، لەبەرئەوە دەستبردن بۆ چەمکی توندوتیژی دژ بەژنان جورئەت و لێزانینی دەوێت. زەنگەنە، لەگەڵ ئەوەی، دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، بەهەنگاوێکی گرنگ دەزانێت، بەڵام نایشارێتەوە کە رەنگە کەموکورتی لەکاری بەڕێوەبەرایەتییەکاندا هەبێت و ئەوەش قابیلی چارەسەرکردنە".

## خشتەی سێهەم کەمکردنەوەی توندوتیژی

| کەمکردنەوەی توندوتیژی | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| هیچ | ٢٣٤ | ٪٢٠ |
| کەم | ٢٠٧ | ٪١٧ |
| تا رادەیەک | ٣٨٤ | ٪٣٢ |
| زۆر | ٣٧٥ | ٪٣١ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |

## هێڵکاری سێهەم




www.netewe.com

٤) پرسیاری چوارەم، سەبارەت بەوە بوو، کابینەی پێنجەم تاچەند لەدابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژناندا سەرکەوتوو بووە. نزیکەی ١٨٪. ی بەشداربووان گوتوویانە کە کابینەی پێنجەم کاری بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژنان نەکردووە. ٢٠٪.ی ژنانیش کارەکانی کابینەی پێنجەمیان لەو بوارەدا بەکەمزانیوەو هەروەها ٣٦٪ی بەشداربووانیش پێیانوابووە کە تارادەیەک حکوومەت لەدابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژناندا سەرکەوتوو بووە. ٢٦٪.ی دیکەی بەشداربووانیش هەوڵەکانی کابینەی پێنجەمیان لەو بوارەدا بەسەرکەوتوو زانیوە.

چالاکوانی بواری ژنان خانم رەحیم، سەبارەت بەوەی کە ئایا حکومەت تاچەند توانیویەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژنان دابین بکات، دەڵێت کە کابینەی ٥ هەوڵی بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژن داوە، بەڵام هەوڵەکانی لاواز بوون. "پێموایە کارکردنی کابینەی ٥ لەو بوارەدا تەنها لەچوارچێوەی هەوڵداندا بووە، بەڵام حکوومەت لەدابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژناندا سەرکەوتوو نەبووە". خانم رەحیم، دەڵێت کە لەئاستی سەرۆکوەزیران و هەندێک خەڵک، لەکابینەی ٥، هەوڵ بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژن دراوە، بەڵام لەخوارەوە نەتوانراوە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان دەستەبەربکرێت. هەرچەندە خانم رەحیم، دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ژن تەنیا بۆ ئەرکی حکوومەت ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو کۆمەڵگاش بەکەمتەرخەم دەزانێت.

## خشتەی چوارەم ئاسایشی کۆمەڵایەتی

| ئاسایشی کۆمەڵایەتی | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| هیچ | ٢١٨ | ٪١٨ |
| کەم | ٢٣٩ | ٪٢٠ |
| تا رادەیەک | ٣٧٨ | ٪٣٦ |
| زۆر | ٣٦٥ | ٪٢٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |

## هێڵکاری چوارەم




www.netewe.com

٥) پرسیاری پێنجەم، سەبارەت بەرازیبوونی ژنانی هەرێم لەهەموارکردنی یاسای باری کەسێتی بوو. نزیکەی ٢٣٪.ی ژنان لەهەموارکردنی ئەو یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە رازیبوون و لەبەرانبەریشدا ٣٧٪.ی ژنان لەچۆنیەتی هەموارکردنی رازی نەبوون. هەروەها ٢٦٪.ی نموونەکە تارادەیەک لەو هەموارکردنە رازیبوون و ١٤٪.یش هەموارکردنی یاساکەیان بەسەرکەوتوو زانیوە.

هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، کە بەیەکێک لەهەنگاوە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان دانراوە، تێیدا چەندین برگەی یاسایی گرنگ لەبەرژەوەندی ژنان هەموارکراوە. وەک سنووردارکردنی فرەژنی، دانانی پێناسەی گرێبەستی هاوسەری، شایەتی ژن و میرات. بەڵام ئەو خاڵەی کە زۆرترین گرنگی پێدرا لەلایەن چالاکوانانی بواری ژنانەوە بریتیبوو لەنەهێشتنی فرەژنی لەو یاسایەدا. لەوبارەیەوە د. کاوە مەحمود، دەڵێت کاتێ باسی فرەژنی کرا، بەتایبەتی لەدەرەوەی وڵات هەندێکجار وامەسەلەکان خرایەبەرباس وەک بڵێی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ یاسای فرەژنیدایە. لەکاتێکدا مەسەلەکە وانەبوو و چەواشە کردن بوو."لەگەڵ قەدەغەکردنی فرەژنیم و پێشموایە ئەمە ناکۆک نییە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام. فرەژنی کۆمەڵێک بیانووی شەرعی هەیە کە زیان بەخەڵک دەگەیەنێت. هەموو کاتێکیش شەریعەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای زیان گەیاندن نییە، بەڵکو بەرژەوەندی خەڵکیشی تێدایە. ئەو پێودانگەی بۆ یاساکە دانراوە شتێکی باشەو سنوورێک بۆ دیاردەکە دادەنێت". پەخشان زەنگەنە، هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی بەهەنگاوێکی باش وەسف کرد، بەڵام گوتی:" لەگەڵ یاسایەکدا نیم کە جیاکاری لەنێوان رەگەز و چین و نەتەوەکاندا بکات. ئامارێکم لەبەرەدەست نییە کە بزانم دوای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، رێژەی فرەژنی زیادبووە یان نا. ئەگەر زیاد بووبێت دیارە کەموکوڕی لەجێبەجێکردنی یاساکەدا هەیە".

## خشتەی پێنجەم هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی

| هەموارکردنی یاسا | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٧٥ | ٢٣٪. |
| نەخێر | ٤٤١ | ٣٧٪. |
| تا رادەیەک | ٣٠٩ | ٢٦٪. |
| زۆر | ١٧٥ | ١٤٪. |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ١٠٠٪. |

## هێڵکاری پێنجەم




www.netewe.com

٦) پرسیاری شەشەم، لەسەر جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی بووە. هەرچەندە نزیکەی ٧٠٠ کەس لەبەشداربووان بەشێوەیەک لەشێوەکان لەهەموارکردنی یاسای باری کەسێتی رازیبوون، بەڵام ١٣٪.ی ئەو ٧٠٠ کەسە، پێیانوابووە کە بەهیچ شێوەیەک ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراوە. هەروەها ٣١٪.ی لەو ژمارەیە لەو بڕوایەدابوون کە کەم کار بەو یاسایە کراوەو ٢٨٪.یش پێیانوابووە کە تارادەیەک کار بەو یاسایە کراوەو ٢٨٪.ی دیکەی هەمان ٧٠٠ کەس لەجێبەجێکردنی ئەو یاسایە رازیبوون.

گوتەبێژی فەرمی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عەبدولباست، لەوبارەیەوە دەڵێت کە ئێستا لەدادگاکانی کوردستاندا دەبێت یاسا هەموارکراوەکەی باری کەسێتی جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر گلەیی هەیە لەلایەن هەرکەسێکەوە کە دەڵێت جێبەجێنەکراوە ئەوە لەسەر خودی دادوەرەکـــان، دەوەستێت. بۆئەو مەبەستەش ئاماژە بـەوەدەکـات کە ئـەو دادوەرەی یاسا جێبەجێ ناکات، داواکاری گشتی بۆی هەیە تانە لەبڕیاری ئەو دادوەرە، بدات و بڕیارەکەی دادگاش دەچێتە دادگایەکی بەرزتر ئەگەر یاسایی نەبێت ئەوا هەڵدەوەشێنرێتەوە. عەبدولباست، پێیوایە بەبێئەوەی کەسێک بەڵگەی هەبێت رەخنە لـــەدادوەر بگرێت، ئـەوکـارە دەستتێوەردانە لەدەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەر"داوا دەکەم هەر کەسێک گومانی لەبڕیاری دادگا هەیە، بابچێت تانەی لێ بدات، واتە (تمییز)ی بکات. تائێستا هیچ بەڵگەیەک نییە کە بڕیارەکانی دادگا یاسایی نەبێت. لەدادگای دەشتی هەولێر، لەمرۆژانەدا پیاوێک لەبەر ئـەوەی لـەدەرەوەی دادگـا ژنی هێناوە ٣ساڵ حوکمدراوە".

سـەبـارەت بەهێنانی ژنـی دووەم لـــەدەرەوەی سـنــووری هـەرێـمـی کـوردسـتـان، دادوەر عەبدولباست، گوتی کە حکوومەت ناتوانێت سزای کەسێک بدات کە لـەدەرەوەی هەرێم ژن دەهێنێت"چونکە کاتێک تنازوع لەنێوان ٢ یاسادا هەبێت یەکێکیان لەهەولێر دەرچووبێت و ئەویتر لەبەغدا، ئەوکات کار بەیاسای هەرێم دەکرێت، بەڵام بەمەرجێک لەگەڵ بنەماکانی دەستوور بگونجێت". د. کاوە مەحمود، لەبارەی ئەوەی کە گرێبەستی هاوسەرگیری لـەدەرەوەی هەرێم ئەنجامدەدەن، بەباشی دەزانێت کە پسولەی خۆراک بکرێتە ئامراز لەکاتی هاوسەرگیریدا، بۆ ئەوەی دادگا هاوسەرگیری بۆ کەسێک نەکات کە لەسنوورەکەیدا نییە. لەبارەی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی، بەپێویستی دەزانێت کە زانیاری لەدادگا وەربگیرێت و ئەگەر حاڵەتی فرەژنیش هەیە بزانن چۆن کراوە"ئەگەر یاساکە جێبەجێنەکراوە، پێویستە رێکخراوەکانی ژنان داوا پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار بکەن و بەحکوومەت بڵێن کە یاسایەک هەیەو کاری پێناکرێت. لێپێچینەوە لەکارپێنەکردنی یاسا مافی هەر هاووڵاتییەکە".

## خشتەی شەشەم جێبەجێکردنی یاسا

| جێبەجێکردنی یاسا | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| هیچ | ٩٠ | ٪١٣ |
| کەم | ٢٠٨ | ٪٣١ |
| تا رادەیەک | ١٩٣ | ٪٢٨ |
| زۆر | ١٨٨ | ٪٢٨ |
| کۆی گشتی | ٦٧٩ | ٪١٠٠ |

## هێڵکاری شەشەم



٧) ئەم پرسیارە کە پرسیارێکی کراوە بوو هۆکاری نارازیبوونی بەشداربووانی لەچۆنیەتی هەمواركردنی یاسای بـاری کەسی ئاشکرا کردووە. ٣٧٪ی بەشداربووانی ئەم راپرسییە لەچۆنیەتی هەمواركردنی یاسای باری کەسی نارازیبوون. بەشداربووان نارازیبوونی خۆیانیان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە گەڕاندووەتەوە:
یەکەم: کاریگەری شەریعەتی ئیسلامی لەسەر ناوەڕۆکی یاساکە.
دووەم: کاریگەری پیاوان لەهەمواركردنەکەدا بەشێوەیەک کە یاساکە بەپێی بەرژەوەندی پیاوان داڕێـژراوەو کەمتر بـەرژەوەندی ژنانی پاراستووە.
سێهەم: زۆربەی پەرلەمانتاران بڕوایان بەمافی ژنان نەبووە.

٨) پرسیاری کۆتایی راپرسییەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئایا کابینەی شەشەم دەتوانێت کێشەکانی ژنــان چـارەســەر بـکـات؟ لـەوەڵامـدا ٢٦٪ـی بەشداربووان گەشبینن بەوەی کە کابینەی نوێ دەتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات. لەبەرامبەر ئەوەشدا ٣٦٪ـی ژنان لەو بڕوایەدانین کە کابینەی شەشەم بتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات. هەروەها ٣٨٪ـی ژنانیش پێیانوایە کە رەنگە کابینەی شەشەم تارادەیەک بتوانێت کێشەکانی ژنان چارەسەر بکات.
چالاکوانی بـواری ژنـان خانم رەحیم، دەڵێت من گەشبین نیم بـەوەی کە کابینەی شەش بتوانێت کێشەی ژنـان چارەسـەر بکات. ئەو نمونە بـەوە دەهێنێتەوە کە کابینەی شەش، رێژەی وەزیرەکانی لە ٣ وەزیری ژن بۆ وەزیرێک کەمکردەوەوە هاوکات پۆستی وەزیـری هەرێمی بۆکاروباری ژنان هەڵوەشاوەتەوە. خانم رەحیم، باس لەوەدەکات کە کابینەی شەش، سەرقاڵی دانانی ئەنجوومەنێکی ژنانە بەهۆی سەرقاڵی ئەو ئەنجوومەنەو هەندێک کاری لاوەکی تر، کێشە بنەڕەتییەکانی ژنانی لەبیر چووەتەوە. د.شوان عەزیز، پێیوایە کە تاشەش مانگی تر ناتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ کابینەی شەش بکرێت و بزانرێت کە ئەو کابینەیە لەچارەسەرکردنی کێشەی ژنان سەرکەوتوو دەبێت یان هەنگاو بـەرەو دواوە دەنێت.

## خشتەی حەوتەم کابینەی شەشەم و توانای چارەسەری

| کابینەی شەشەم | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣١٢ | ٪٢٦ |
| نەخێر | ٤٣٠ | ٪٣٦ |
| تارادەیەک | ٤٥٨ | ٪٣٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |

### هێڵکاری حەوتەم




www.netewe.com

## روو لە هەرێم دەکەن

# کریستیانەکان ئینتیمایان بۆ عێراق نەماوە

کەرکووک

کریستیانەکانی عێراق، هەستی ئەوەیان لا دروست بووە کە ئایندەی خۆیان و نەوەکانیان لەعێراقدا کەوتووەتە بەر هەڕەشەوە. ئەوەش دوای زنجیرەیەک کاری توندوتیژی دێت کە ژیانیان کراوەتە ئامانج. هەروەها دێر و کەنیسەکانیان رووبەرووی تەقینەوە بوونەتەوەو رێبەرە ئایینییەکانیان دەکوژرێن. بەگشتی پاکتاوێکی رەگەزییان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت.

ژمارەیەکی زۆر خێزانی کریستیانەکانی دانیشتووی کەرکووک، دوای ئەوەی دووچاری شەپۆلێک لەتوندوتیژی بوونەوە، ناچار بوون بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ بکەن، یان ئەوەی روو لەهەرێمی کوردستان بکەن کە رەوشی ئاسایش تێیدا سەقامگیرە. تائێستا هیچ رێکخراوێک بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر ئەو کارە تیرۆرستییانەی کە لەدژی کریستیانەکان دەکرێت، رانەگەیاندووە.

هەندێک لەچاودێران ئەم کردەوە تیرۆرستیانە، بەکارێکی رەمەکی تیرۆریستی ناودەبەن، هەندێکی تر وەک بۆچوونێکی سیاسی و ئایینی توندڕەوی ناودێری دەکەن کە لەعێراقدا بەرامبەر کەمینە ئایینی و تایفییەکانیتر ئەنجام دەدرێن. لەعێراقی دوای پرۆسەی رزگاریدا، تائێستا چەندین قەشەی کریستیان کوژراوە و خەڵکانی سیڤیلیان ناچارکراون کە ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن.

سارا حەبیب، تەمەنی ٢٤ ساڵەو قوتابی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکووکەو دەڵێت، دەترسم کاتێ بەتەنیا بۆ زانکۆ دەڕۆم، چونکە بەردەوام وا بیردەکەمەوە کە تووشی کوشتن یان رفاندن دەبمەوە." کچی خاڵۆیەکم لەموسڵ لەلایەن تیرۆرستانەوە رفێندرا و پاش ماوەیەک تەرمەکەی لەناوەڕاستی شەقامێکدا دۆزرایەوە".

ئەو کچە تیشک دەخاتەسەر رەوشی نالەباری کریستیانەکانی کەرکووک و دەڵێت هەرکاتێک دەبیستم کریستیانێک رفێندراوە یان کوژراوە، لەناخمدا ترس و دڵەڕاوکێ دروست دەبێت. دوای ئەوەی چەندینجار لەلایەن کەسانی نەناسراووەوە هەڕەشەیان لێکراوە بەشەکەی تری بنەماڵەی سارا، ناچار بوونە روو لەئەمریکا و ئوسترالیا بکەن.

سارا، کە ئێستا لەگەڵ دایک و برایەکیدا دەژی، گوتی:"هەوڵدەدەم بەهەر شێوەیەک بێت خوێندن تەواو بکەم و بچمە لای بنەماڵەکەم لەئوسترالیا، چونکە لەوێ ژیان و ئاسایش فەراهەم کراوە.

ژمارەی کریستیانەکانی کەرکووک، ١٢ هەزار کەسە لەتێکڕای مەسیحیەکانی عێراق کە ژمارەیان نزیک ملیۆنێک دەبێت. پێنج تایەفەی مەسیحی لەکەرکووک هەیە، بەڵام زۆربەیان کلدو ئاشوورین و بەزمانی سریانی قسە دەکەن.

ترس و نیگەرانی باڵی بەسەر مەسیحیەکانی کەرکووک کێشاوە. زۆربەیان بۆ کۆچ کردن لەخۆسازکردندان. هەروەک سەرکینا ئەدور، تەمەن ٣٠ ساڵ کە کارمەندە لەیەکێک لەفەرمانگەکانی کەرکووک دەڵێت، کۆچی ئێمە بۆ دەرەوەی



کریستیانەکان لە کاتی بە جێهێنانی ئەرکی ئاینییدا

ولات بۆ ئەوەیە تا لەژیانێکی ئاسوودەو ئارامدا بژین. سەرکینا، باس لەوەدەکات کە هەرچەندە ئەوان لەسەردەمی رژێمی بەعس رووبەرووی ئازاربوونەتەوە، بەڵام وەک ئێستا لەژێر پەردەی ئیسلامدا و لەلایەن رێکخراوە توندرەوەکانەوە هەڕەشەی کوشتن و کاری توندوتیژییان بەرامبەر نەکراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانێت کە لەنزیکترین دەرفەتدا خۆیان رزگاربکەن،"ئەگینا دەبینە قوربانی دەستی تیرۆریستان. هەروەک چۆن پێشتر کەسووکارمان تیرۆر کران".

مەتران لویس ساکۆ، سەرۆکی قەشەکانی کلدان لەکەرکووک پێیوایە، مەسیحییەکان وەک عێراقییەکانیتر لە توندوتیژی و رفاندن دەترسن، چونکە یاساو ئاسایش وەک پێویست جێبەجێ ناکرێت. ئەو دەڵێت:"مەسیحییەکان، ئینتیمایان بۆ عێراق نەماوەو هەست ناکەن رۆڵەی ئەو ولاتەن،چونکە ئایینەکەیان مەسیحیە، بۆیە بەشێک لەخەڵکی عێراق، ئەوان بەکافر هەژمار دەکەن". ئەو قەشەیە بەمشێوەیە درێژە بەقسەکانی دەدات،"لەم ماوەیەی دواییدا توندوتیژی بەرامبەرمان زۆر پەرەی سەندووە، بۆیە هەمیشە لەململانێ و هەڕەشەدایین". ئاشوور یەڵدا بنیامین کە کەسایەتییەکی سیاسی و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بووە، تیشک دەخاتەسەر رەوشی مەسیحییەکان و دەڵێت کە دوای ئەوەی رەوشی عێراق، رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات ترسی زۆریان لا دروست بووە. هەرچەندە ئەم رەوشە خراپتر بێت هەڕەشەی کوشتن و رفاندن و ئازاردانمان زۆرتر دەبێت. بۆیە ئەو باشترین رێگا بەوە دەزانێت کە کۆچ بۆ ولاتێک بکات کە زۆربەی دانیشتووانی کریستیان بێت. چونکە لەدوای رووخانی رژێمەوە تائێستا لەکەرکووک ٤٠ هاوولاتی مەسیحی لەئەنجامی رفاندن و کوشتن و تەقینەوە، کوژراون و ئەمەیش وایکردووە کە کریستیانەکان لەدڵەراوکێدا بژین.

**زۆر لەرێکخراوە تیرۆرستییەکان لەهەوڵی ئەوەدان لەرێگای هێرشکردنە سەر کریستیانەکان، ئاژاوەی تایفەگەری لەعێراقدا دروست بکەن، تابتوانن رەوشێکی ناسەقامگیر دروست بکەن و پێکهاتەکانی عێراق متمانەو بڕوایان بەیەکتر نەمێنێ.**

زۆر لەرێکخراوە تیرۆرستییەکان لەهەوڵی ئەوەدان لەرێگای هێرشکردنە سەر کریستیانەکان، ئاژاوەی تایفەگەری لەعێراقدا دروست بکەن، تابتوانن رەوشێکی ناسەقامگیر دروست بکەن و پێکهاتەکانی عێراق متمانەو بڕوایان بەیەکتر نەمێنێ. یەڵدا، هانی دەسەڵاتدارانی عێراق دەدات، بەوەی کە لەو شارانەی کریستیانەکانی تێدا نیشتەجێن، رێوشوێنی توند بگرنەبەر، تاچیتر رێکخراوە تیرۆرستییەکان نەتوانن ئەو کارانە بەرامبەر بەپەیڕەوانی ئایینی مەسیحی ئەنجام بدەن."بەهۆی ئەو کارە تیرۆرستییانەوەیە کە هەزاران مەسیحی ناچاربوون ولات جێبهێڵن و رووبکەنە ولاتانی دراوسێ، تا لەو رێگایەوە بچنە ئەورووپاو ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزاران مەسیحی چوونەتە هەرێمی کوردستان، چونکە لەوێ ژیان و ماڵیان پارێزراوە".

هەرچەندە یەکێتی ئەورووپا لەسۆنگەی هەستکردن بەو هەڕەشەو نەهامەتییانەی کە مەسیحییەکانی تێدایە، مافی پەنابەری بۆ ئاسانکردوون، بەڵام ئەم کۆچکردنە لەرووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە، دەبێتە هۆی تێکچوونی سروشتی عێراق. هانی ئەلیاس، تەمەن ٢٦ ساڵە، سەربارى ئەوەی خێزانەکەی هەڕەشەی لێکراوە، کۆچ کردن رەت دەکاتەوەودەڵێت:"کۆچکردن واتە چوون بەرەو چارەنووسی نادیارو هەڵبژاردنی رێگای هات و نەهات. بۆیە من دژی ئەو رێگەچارەیەم و ئەوانەش کە ولاتیان جێهێشتووە ژیانیان لەئێمە خۆشتر نییە. من دڵم بە هەرێمی کوردستان خۆشە و ئەگەر هیچ شوێنێکم بۆ نەمێنێ رووی لێدەکەم".

لەبەر رۆشنایی ئەم قسانە یەڵدا، دەڵێت، کۆچێکی پێچەوانە دەستی پێکردووە، ئەوانەی چوونەتە دەرەوە، دەستیانکردووە بەگەڕانەوە بۆ ولات، بەڵام بۆ شارەکانی پێشوویان نا، بەڵکو دەچنە هەرێمی کوردستان لەبەر بوونی ئاشتی و سەقامگیری و سەختی ژیان لەئەورووپا. یەڵدا، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مەسیحییەکان دان بەخۆیاندا بگرن و لەنێو ولاتەکەی خۆیاندا بمێننەوە، چونکە ئەو شەپۆلی توندوتیژییە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقی بەبێ جیاوازی گرتووەتەوە، بۆیە پێویستە رووبەڕووی ئەو بارودۆخە ببنەوەو خۆڕاگربن.

بەپێی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان پێش ساڵی ٢٠٠٣، نزیکەی یەک ملیۆن و نیو کریستیان لەعێراق بەهەموو تایفەکانەوە دەژیان، بەڵام دوای ئەو ساڵە ژمارەیان کەمی کردووە. ئەمەش پاش ئەوە هاتووە کە چالاکی رێکخراوە دەمارگرژە ئایینییەکان زیادی کردووەو کریستیانەکانیش بوونەتە ئامانجی ئەو کردەوە تیرۆرستیانە. هەروەها بەپێ هەندێ زانیاری ژمارەیەک لەمەسیحییەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ناچارکراون رێبازی ئیسلامی بۆ خۆیان هەڵبژێرن.





سەماح سەمەد

www.netewe.com

# عەنكاوە حوكمی دەشتی نەینەوا دەكات

## سەركیس ئاغاجان بۆ وارڤین: ئۆتۆنۆمی دەخەینە بواری جێبەجێكردنەوە

هەولێر

لەگەڵ ئەوەی مەترسی ئەوە دەكرێت كە تا ٣٠ ساڵی تر كریستیانەكان بەتەواوی عێراقدا نەمێنن، كریستیانەكانی هەرێمی كوردستان لەداڕشتنی نەخشەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی دەشتی نەینەوادا سەركەوتنیان هێناوەو هەروەها لەدەستووری هەرێمدا مافی ئۆتۆنۆمییان جێگیر كردووە. ئەم هەنگاوەش وەك سەركیس ئاغاجان، گوتی ئومێدی مانەوەو پارێزگاریكردنی ژیانی كریستیانەكانە.

### جوگرافیای كریستیاننشین

پێش پرۆسەی ئازادی عێراق، زیاتر لەملیۆنێك كریستیان، لەسەرانسەری عێراقدا هەبوون و نزیكەی ٣٠٠ هەزاری ئەو ڕێژەیەش لەكوردستان نیشتەجێبوون. دیارترین شوێنی كریستیانەكان لەعێراق و هەرێمدا، دەشتی نەینەوا كە ناوچەكانی قەرەقوش، تلكێف، شێخان، حەمدانیە، دەگرێتەوەو هەروەها لەهەرێم سەرسەنگ، هەكاری، عەنكاوەو بەشێك لەسۆران دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نزیكەی ١٢ هەزار كریستیان، لەپارێزگای كەركوك دەژین و نزیكەی ٥٠٠ خێزانیش لەپارێزگای سلێمانی نیشتە جێن. پێشتر ڕێژەی كریستیانەكان لەعێراق ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار كەس بوو، بەڵام دوای پرۆسەی ڕزگاری عێراق، بەهۆی تیرۆر و هەڕەشەوە زۆرێك لەكریستیانەكان، ڕوویان لەهەندەران كرد. ئێستا بەگوێرەی كریستانەكان نزیكەی ٧٠٠ هەزار كەسیان لەعێراقدا ماوەتەوە. كریستیانەكانی عێراق، بەسەر دوو مەزهەبی كاسۆلیك و پرۆتستانتدا دابەش دەبن. زۆرترین ڕێژەی كریستیانەكان لەعێراق و هەرێم، كلدانن. كلدانەكان ٧٦٪ی ڕێژەی كریستیانەكانی عێراق پێكدێنن. لەدوای ئەمانەوە ئاشوورییەكان دێن كە ڕێژەیان ٢٢٪ دەبێت و ئەرمەنییەكانیش ڕێژەیان٢٪ی دەبێت.

پاش تێكدانی كەنیسەو كوشتنی هەندێ قەشەو تیرۆركردنی كریستیانەكان لەعێراق، نزیكەی ١٧ هەزار كەسیان ڕوویان لەهەرێمی كوردستان كرد. ئەمەش وایكرد كە پاپای فاتیكان، بەتوندی هەڵوێست لەدژی ڕێكخراوە تیرۆریستییەكانی عێراق وەربگرێت و ستایشی كوردستانیش بكات، بەوەی كە كریستیانەكانیان داڵدە داوە.

### پلانی ئۆتۆنۆمی

لەخولی دووهەمی پەرلەمانی كوردستان، ڕۆمیۆ هەكاری، وەك فراكسیۆنی لیستی كریستیانەكان داوای لەپەرلەمانی كوردستان كرد كە مافی كریستیانەكان بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی لەدەستووردا جێگیر بكرێت. ڕۆمیۆ لەوبارەیەوە گوتی:"مافی كریستیانەكانمان لەدەستووری كوردستاندا جێگیر كردووە، مادەی ٣٥ بەڕوونی باس لەو پرسە دەكات". لە لایەكی دیكەوە ئەنجوومەنی كلد – ئاشووری- سریانی، لەهەرێمی كوردستان ئەنجومەنێكە كە كار بۆ یەكخستنی گوتاری كریستیانەكان، لەكوردستان و عێراق دەكات. ئەو ئەنجوومەنە ڕۆڵێكی كارای لەیەكهەڵوێستی كریستیانەكاندا هەیە. لەمانگی ٣ ی. ساڵی ٢٠٠٧ لەهەولێر، ئەنجوومەنی كلد- ئاشووری- سریانی، كۆنگرەیەكی گردبوونەوەی كریستیانەكانی عێراق و هەرێمی كوردستانی، ئەنجامدا. لەو كۆنگرەیەدا بڕیاردرا كە نەتەوەی كریستیان بە كلد- ئاشوور- سریانەوە بەیەك ناو بهێنرێت و جیاوازیان لەنێوانیاندا نەكرێت. دواتر داوا كرا كە مافی ئۆتۆنۆمی لەدەستووری هەرێمی كوردستان بۆ كریستیانەكان جێگیر بكرێت. لەسەرەتای ئەم مانگەشدا لەهۆڵی ئاشتی هەولێر، ئەنجوومەنی كلد- ئاشووری – سریانی، بەدروشمی كۆنگرەی نەتەوەیی، دووهەمین كۆنگرەی خۆیان لەبارەی چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ كریستیانەكانی هەرێم و عێراق، بەست. سەرۆكی ئەنجوومەنی كلد- ئاشووری- سریانی، جەمیل زەیتۆ، لەبارەی گرنگی ئەو كۆنگرەیە ڕوونیكردەوە كە ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی ئەو كۆنگرەیەوە داوای جێبەجێكردنی ئۆتۆنۆمی كریستیانەكان لەهەرێمی كوردستان بكەن و هاوكات داواش لەدەسەڵاتدارانی عێراق دەكەن كە مافی ئۆتۆنۆمیان لەدەستوردا جێگیر بكات. جەمیل زەیتۆ، لەبارەی سنووری ئۆتۆنۆمی كریستیانەكانەوە دەڵێت:"دەشتی نەینەوا دەبێت". بەقسەی جەمیل زەیتۆ، بەدروستبوونی هەرێمی ئۆتۆنۆمی پێگەی كریستیانەكان لەعێراقدا بەهێز دەبێت. زەیتۆ، داوا لەكاربەدەستانی عێراقیش دەكات كە بەهەمانشێوەی كوردستان، هەڵوێستیان بۆ جێگیركردنی ئۆتۆنۆمی كریستیانەكان لەدەستووردا دەببڕن.

### دەشتی نەینەوا: هەرێمی ئۆتۆنۆم

پارێزگای نەینەوا، بۆ پەرلەمانی عێراق حیسابی ٣١ كورسی بۆ كراوە. وای بۆ دانراوە كە ژمارەی دانیشتووانی ٣ ملیۆن و ١٠٠ هەزار كەس بێت. كەسایەتییە دیارەكانی كریستیان لەهەرێمی كوردستان و عێراق داوای پێدانی ئۆتۆنۆمی كریستیانەكان لەدەشتی نەینەوا دەكەن. ئەم هەنگاوەی كریستیانەكان بەلای سەركردایەتی سیاسی كوردەوە جێگەی بایەخ بوو و پشتگیریشی لێ كراوە. بۆ نموونە چەندینجار نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی پێشووی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لەوتووێژ لەگەڵ میدیا بیانییەكاندا پشتگیری خۆی بۆ ئەو پرسە دووپات كردووەتەوە. كورد لەبەر چەند هۆكارێك پشتگیری لەو ئۆتۆنۆمیە دەكات: یەكەم: كورد دەزانێت كە ئەو ناوچەیە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی تێدا سەخت بووە. بەڵام ئەگەر

www.netewe.com

ئەو شوێنە بکرێتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کریستیانەکان، ئەوکات بۆ هەرێمی کوردستان باشترە، چونکە کریستیانەکان، دەتوانن لەگەڵ هەرێمدا ڕێکەوتنی ستراتیژییان هەبێت. مەبەستی دووهەم: بۆ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان، بۆ دەستەبەرکردنی مافی کریستیانەکان لەعێراقدا تێدەکۆشێت و بەو سیاسەتەش یەکێتی ئەورووپا ناچاردەکات کە پشتگیری لەدۆزی کورد لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا بکەن.

سێیەم: دروستبوونی هەرێمێکی کریستیاننشین لەدەشتی نەینەوا وادەکات کە ئەو ناوچەیە لەبواری سیاسی و ئابوورییەوە بەهەرێمی کوردستانەوە ببەسترێتەوەو هاوکات بۆ کوردستانیش وەک پشتێنەیەکی ئەمنی بێت.

## سەرکیس ئاغاجان: داڕێژەری پلانی ئۆتۆنۆمی

داڕێژەری ئۆتۆنۆمی کریستیانەکان سەرکیس ئاغاجان، دەڵێت ئۆتۆنۆمی کریستیان لەو شوێنەدا دەبێت کە زۆرترین ڕێژەیانی تێدا نیشتەجێیە. سەرکیس، باس لەوە دەکات کە دوای ئەوەی مافی کریستیانەکان لەدەستووری هەرێمی کوردستان جێگیرکراوە، ئەوان بەبەستنی کۆنگرەی دووهەم هەوڵدەدەن کە ئۆتۆنۆمییەکە بخەنەواری جێبەجێکردنەوە. سەرکیس ئاغاجان، کە پێشتر وەزیری دارایی پێشوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە، دەڵێت: "لەکۆنگرەی یەکەمی کریستیانەکان، لەساڵی ٢٠٠٧، ئەوە چەسپێندرا کە کریستیانەکان بەیەک نەتەوە بەناوی کلد- ئاشوری — سریان ناویان لەدەستووردا جێگیر بکرێت و مافی ئۆتۆنۆنۆمیش بۆ کریستانەکان لەدەستووری کوردستان و عێراقدا بچەسپێنرێت". ئاغاجان، هیوادارە کە ئەو مافەی لەدەستووری کوردستاندا بە کریستیانەکان دراوە لەدەستووری عێراقیشدا پێیانبدرێت. سەرکیس ئاغا جان، جەختی لەوە کردەوە کە کۆنگرەی دووهەم بۆ ئەوەیە، ئۆتۆنۆمی بچێتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەو باس لەجوگرافیای هەرێمی ئۆتۆنۆمی کریستیانەکان دەکات و دەڵێت ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە کام ناوچە لەعێراق زۆرترین کریستیانی تێدا نیشتەجێیەو ئەوانیش ئەو شوێنە بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆم پێشنیاز دەکەن.

هاوکات ڕۆمیۆ هەکاری، کەسایەتی سیاسی کریستیانەکان دەڵێت کە سنووری جوگرافی ئۆتۆنۆمییەکە دەشتی نەینەوا دەبێت و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەر لە٧ هەزار ساڵ، کلدو ئاشوورییەکان لەنەینەوا حوکمیان کردووە.

## ئۆتۆنۆمی و ماددەی ١٤٠

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کریستیانەکان سۆزان یوسف، لەوبارەیەوە بەوارڤینی ڕاگەیاند کە کریستیان نەتەوەیەکی کۆنی عێراقەو بەپێی مێژوو و جوگرافیا ئەو گەلە مافی ئەوەی هەیە کە لەچوارچێوەی عێراقدا ئۆتۆنۆمی هەبێت. لەبارەی ئەوەی ئەگەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی کریستیاننشین دروست بوو، ئەوان لەبارەی ناوچە کێشەدارەکان و ماددەی ١٤٠ تێڕوانینیان چی دەبێت، سۆزان دەڵێت: ئێمە لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ داین و هەمیشە لەگەڵ کوردستانیان هاوڕاین.

## گوڵەکان دەگەشێنەوە

بەردەوامی هەڕەشەی تیرۆر بۆ سەر کریستیانەکان لەعێراقدا بووەتە بابەتێکی هەستیاری نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا. بەپێی بەشی زانیاریەکانی پلان لەرێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەگەر ڕەوشی کریستیانەکان، بەو شێوەی ئێستا لەعێراق بەردەوامبێت، ئەوا تا ٣٠ ساڵی تر عێراق کریستیانەکانی تێدا نامێنێت. ئێستا زیاتر لەنیوەی کریستیانەکانی عێراق، ڕوویان لەهەندەران کردووە. یەکێک لەو کریستیانانەی کە بەهۆی هەڕەشەو تیرۆرەوە بەغدای جێهێشتووەو ئێستا لەهەولێر دەژی گوتی: "تاکە ڕێگەی چارەسەری و ڕێگرتن لەتیرۆر و هەڕەشە لەسەر کریستیانەکان دامەزراندنی هەرێمی ئۆتۆنۆمە. تیرۆر، وەک گوڵی ژاکاوی لێکردوون. ئێمەی کریستیان لەناو خۆماندا زۆر ئارامین و پەلاماری هیچ کەس و لایەنێک نادەین. نازانم بۆ پەلاماری خێزانی ئێمەیان داو سێ کەس لەئەندامانی خێزانەکەمیان بەناحەق کوشت".




www.netewe.com

# "ژنان بۆ دەست بەرزکردنەوە کاندید مەکەن"



ئاڵا تاڵەبانی



سەعدی ئەحمەد پیرە

هەولێر

دوای ئـەوەی یـاسـای هـەڵـبـژاردنـەکـانـی عێراق پەسەندکراو تێیدا رێژەی ٤٣ کورسی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاریکرا، چـاوەڕوان دەکرێت کە کورد لە ٧ی شوباتی داهاتوودا بتوانێت زیاتر لە ٦٠ کورسی بەدەست بهێنێت. بەپێی لێدوانی بەرپرسانی پارتی و یەکێتی، ئەوان لەو رێژەیەدا رەچاوی ٢٥٪ـی کورسییەکانیان بۆ ژنان کردووە. لەگەڵ ئەوەی بەشداری ژن، لەپەرلەمانی کوردستاندا بەپێی سیستەمی کۆتایەو رێژەی بەشداربوونی ژنان ٣٣٪یە، بەڵام لەکابینەی شەشدا رێژەی بەشداری ژن لەحکومەتدا کورتکرایەوە بۆ پێدانی یەک وەزارەت. کە ئەمەش نارەزاییەکی زۆری لەلایەن ژنان و چالاکوانانی ئەم بوارەوە، لێکەوتەوە.

## پێوەری کاندید کردن

ئێستا لیستەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، دەیانەوێت بەشداری رێژەی ژن لەپەرلەمانی عێراق، زیاد بکەن. بەرپرسی سکرتارییەتی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی بەغدا، قادر نەجمەدین، دەڵێت کە لیستەکەیان بەناوی هاوپەیمانی کوردستان، ١٣ پارتی سیاسی لەخۆگرتووە. قادر، ئاماژەی بەگرنگی بەشداریکردنی ژنان لەخولی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا کردو گوتی: "بەشداری ئافرەتمان زۆر بەلاوە گرنگەو زۆر بایەخمان پێداوە". قادر نەجمەدین کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، وێرای ئەوەی پابەندنبوونی پارتەکەی بەیاسای کۆمسیۆن لەدەستنیشانکردنی کـانـدیـدانـی ژن دەخـاتـەڕوو، هێماش بـۆ ئـەوە دەکات کە پارتی لەسەرووی رێژەی ٢٥٪.ی ژنان لەلیستەکەیدا کاندید دەکات. ئەو بەرپرسە دەڵێت هەماهەنگی لەگەڵ لایەن و کیانەکانی تریش کراوەو ئەوانیش رێژەیان دەستنیشانکردووە، کە لەچوار کەس یەکێکیان ئافرەت دەبێت. بەپێی قسەی قادر نەجمەدین، پارتی لەدەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان رەچاوی بڕوانامە، زمانزانی و ئەزموونی کاری پێشوو و توانای کەسەکانی کردووە.

هێمن میرانی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەزانستە سیاسییەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە بەشداریکردنی ژنان لەپرۆسەی سیاسی عێراق و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بە لاواز وەسف دەکات، رێژەی ٣٣٪ـی بەشداریکردنی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان، بەهەنگاوێکی ئەرێنی دەزانێت و داوا دەکات کە ئەو رێژەیە لەپەرلەمانی بەغداشدا جێگیر بکرێت. میرانی، وای بۆ دەچێت کە زیادکردنی رێـژەی بەشداری ژن زەمینەی بۆ خۆشدەکات، لەپرۆسەی سیاسیدا کارابێت، "ئەگەر سیستمی کۆتا بۆ ژن نەبێت، تا کێبڕکێ لەنێوان ژن وپیاوێک دروست ببێت، ژنەکە دەنگی کەمتر دەهێنێ، چونکە تێڕوانینی کۆمەڵگای ئێمە بۆ ژن لاوازە. لەگەڵ ئەوەش ژنیش دەتوانێ هاوشانی پیاو کاربکات و لەپرۆسەی سیاسیدا کارەکتەرێکی بەهێز بێت".

## نا بۆ دەست بەرزکردنەوە

هەرچەندە رێژەی بەشداریکردنی ژنان بۆ پەرلەمانی عێراق، تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام بەپێی سیستەمی کۆتا ئەگەر ژمـارەی ئەو دەنگەی کە کاندیدکراوێکی ژن بەدەستیدەهێنێت کەمیش بێت ئەوا ئەگەری دەرچونی هەر دەبێت. چونکە سیستەمەکە کۆتایەو ٤/١ی کورسییەکان بۆ ژنـە. ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سـەعـدی ئەحمەد پـیـرە، لـەبـارەی مەرجەکانی پارتەکەی بۆ کاندیدکردنی ژن لەپەرلەمانی عێراق، گوتی کە ئـەوان ئەو ژنانەیان کاندید کـردووە کە خاوەن ئەزموونن لەبزووتنەوەکانی ژنان، رێکخراوی خوێندکاران، یان لەپۆستە کارگێرییەکاندا کارییان کـردووە. وەک دەیڵێت بەشێک لەپاڵێوراوەکانیان پێشتر لەپەرلەمان بوون، "مەسەلەی بەغدا زۆر گرنگە، تەنیا دەستبەرزکردنەوە نییە. ژن دەبێ لەوێ زۆر چالاک بێت و رۆڵی خۆی ببینێت". لەبارەی نەبوونی ژن لەسەرکردایەتی یەکێتی و ئەو رەخنانەی ئاراستەیان دەکرێت، لەکاتێکدا پرۆگرامی یەکێتی




پەرلەمانی عێراق

بەحزبێکی سۆشیاڵ دیموکرات وەسف دەکرێت، سەعدی پیرە، رایگەیاند: "لەداهاتوودا ژن، دەچێتە سەرکردایەتی یەکێتی، لەوانەیە لەکۆنگرەی هاتوودا رێژەی لە٢٠٪.ی پۆستە گرنگەکانی یەکێتی بۆ ژن بێت". پیرە، رۆڵی پەرلەمانتارانی پێشووی عێراقی بە"کارا" وەسفکرد و گوتی: "ناتوانم بڵێم هیچیان نەکردووە، پەرلەمانی بەغدا کارایەو کارتۆنی نییە، واتە پەرلەمانتارانی کورد کاران، چەندینجار لەسەر هەڵویستی سیاسی و نەتەوەیی، هۆڵی پەرلەمانیان جێهشتووە". بەقسەی هێمن میرانی، دوورەپەرێزی ژن لەسیاسەت لەکوردستاندا هۆکارگەلێکی جۆربەجۆری هەیە. لەوانە کەلتووری دواکەوتووی کۆمەڵگاو، ئەو تێڕوانینە هەڵەیەی کە لای ئێمە بۆ سیاسەت دروستبووە، "کاری سیاسەت، واتە فرۆفێڵ" و وەک کارێکی باش نەناسراوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە سیاسەت، واتە هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات و خزمەتکردنی وڵات. بۆیەیش تائێستا ژن، کەمتر دەرفەتی بۆ رەخساوەو خۆی لەسیاسەت بەدوور گرتووە. میرانی، لەلایەکیترەوە بەکاربردنی ژنان وەک مەرامێک و قۆرخکردنی دەسەڵاتی لەنێو حزبەکاندا بەهۆکارێک دەزانێت کە وا لەژن دەکات لە کاری سیاسی و حزبی دووربێت و ئەوەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی ژن دەکات. ئەو شارەزایەی بواری سیاسی بەنیگەرانییەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێجار هەوڵی بەکاربردنی ژنان دراوەو بەشێوازێکیتر سوودی لێوەرگیراوە، کە ئەوەش وا لەژن دەکات بترسێت و نەچێتە نێو بواری سیاسییەوە.

## زۆربەی پەرلەمانتارانی پێشوو شارەزا نەبوون

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی بەغدا د.سەعدی بەرزنجی، دەڵێ کە بەشێکی زۆری کاندیدکراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی بەغدا لەرابردوودا لەسەربنەمای کارایی، کاندید نەکرابوون. بۆیە پێیوایە دەبێت لەو بوارەدا گرنگی بەتواناو کارامەیی ئەو کاندیدانا بدرێت. ئەو دەڵێ: "کاندیدکردنی ئەندامان لەسەر بنەمای تواناو کارامەیی نەبووە، گرنگی دان بەتوانای پەرلەمانتاران بۆ دۆزی کورد زۆر گرنگە، ئەو کەسە لەگەڵ ئەوەدا کە کوردی بزانێت عەرەبییەکی باش و تەواو بزانێت". هێمن میرانی، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی د. سەعدی هاوڕایە کە نابێت دانانی ژن تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کورسی بێت و پێویستە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و توانای زانستی و بڕوانامەی شیاو بێت. هەروەها بەپێویستی دەزانێت کە ئەو کەسانە زمانی عەرەبی زۆر بەباشی بزانن تا لەیاساکان تێبگەن و گفتوگۆیان لەسەر بکەن.

بەڕای د. سەعدی بەرزنجی، ئەو کەسانەی دەپاڵێورێن نابێت تەنیا پشت بەبڕوانامەکەیان ببەسترێت چونکە "بڕوانامە گرنگە، بەڵام هەموو شتێک نییە"، پێویستە کەسەکە ئاستی رۆشنبیری بەرز بێت و سیاسەتڤانێکی باش بێت. د. سەعدی، رەگەزی کەسی بۆ کاندید کردن بەگرنگ نازانێت بەڵکو جەخت لەسەر تواناو دڵسۆزی کەسەکان دەکاتەوە ئیتر ژن بێت یان پیاو. بەقسەی د. سەعدی، لەپەرلەمانی بەغدا شەڕەقسە بەس نییە، بەڵکو دەبێت شەڕ لەسەر یاساو پڕۆژە گرنگەکان بکرێت.

ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاڵا تاڵەبانی، سەبارەت بەکارایی و بەشداری ژن لەپەرلەمانی عێراقدا دەڵێت، دەرفەت بۆ هەموان یەکسان بووەو ژن هەبووە یاسای خوێندووەتەوەو تاوتوێی کردووەو هەشبووە خۆی ماندوو نەکردووە،" ئەدای ژن لەپەرلەمانی عێراق خراپ نەبووە، بەڵام دەکرا باشتر بێت". پێشیوایە دەبێت پارتە سیاسییەکان، بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوانی ئەم خولە سوود لەچوار ساڵی رابردوو وەربگرن، ئەگەر نا زیان بە پرسی نەتەوەیی کورد دەگات.



ئاڤان فارس جاف

# ”سیاسەت پێویستی

### بەژان ماتور بۆ وارڤین:

## کودەتای سەربازی دەتوانێت پەیوەندی کوردستان و تورکیا تێکبدات

ئامەد

نووسەری سیاسی و شاعیری بەناوبانگ بەژان ماتور، رایگەیاند کە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا زۆر تەندروستەو تادێت زیاتر پەرە دەسێنێت. هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا رێگەی خراپبوونی ئەو پەیوەندییانەش کودەتای سەربازییە کە لەسیاسەتی ئەمڕۆدا مومکین نییە. ماتور، پێیوایە، تورکیا ناتوانێت ئەو قۆناغەی کە ئێستا لەسیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ دەستی پێکردووە بیوەستێنێت.

وارڤین: وەک کەسێکی ئاگادار لەسیاسەتی ناوخۆی تورکیا چۆن دەڕوانیتە پەیوەندی نێوان حکوومەت و سوپا؟

بەژان: سەرباز لەتورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی لەکودەتاکاندا نیشاندەدات. بەڵام جیهان گۆڕاوەو تورکیاش دەگۆڕێت. تورکیا کاتێک دەگۆڕێت کە لەوە بگات، دیموکراسی بەگوشار نابێت. سوپاش لەوە گەیشتوون، ناکرێت چیدی بەو میتۆدە کۆنە کار بکەن. چونکە زۆربەی وڵاتانی جیهان وازیان لەو رێبازە هێناوە. سوپا ئێستا، لەرێگاگەلێکی تر دەگەڕێ بۆ تێکەڵبوون لەسیاسەتدا. بەڵگەنامەکانی ئەرگەنەکۆنیش سەلمێنەری ئەو راستییەن. تورکیایە ناچار بووە، دیموکراسی خۆی قووڵ بکات. لەناو سوپادا بەشێک هەیە کە دەیەوێت تورکیا لەهەرێمەکەدا پێشبکەوێت. لەتورکیا ئێستا رێککەوتن و دابەشکردنی رۆڵ هەیەو هەر دوو لایەن ئەوەیان قبووڵ کردووە. بەڵام راستییەکی دیکەش هەیە، کاتێک دەیانەوێت حکوومەت تەنگاو بکەن، فاکتەری دیکەی وەک پرسی دراو دێننە گۆڕێ. پاراستنی رژیم کە پێشتر لەلایەن سوپاوە جێبەجێ دەکرا، ئێستا زۆر بەروونی لەرێگەی پارەوە درێژەی پێدەدرێت. سوپا دەزانێت کە داهاتووی ئەم حکوومەتە لەسوننەتی ئیسلامییەوە نزیک دەبێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات کە ئەگەری تێڕوانینێکی موحافەزکار لەنێو بەرێت. راستی ئەو تەنگژانەی ئەمڕۆش خۆی لەناکۆکی نێوان گۆڕانخوازان و ستاتیکۆپارێزاندا دەبینێتەوە.

وارڤین: پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی کوردستان، ماوەیەک وەک ”هێڵی سوور“ دەبینرا. سوودەکانی دروستبوونی ئەو پەیوەندییەی ئێستا چۆنە؟

بەژان: ئێمە، باش دەزانین کە پێڕەوکردنی سیاسەتی هێڵی سوور چ زیانێکی بەتورکیا گەیاند. پێشتر دەگوترا چواردەوری تورکیا بەدوژمن گەمارۆ دراوە. بەڵام ئێستا تورکیایەک دەبینین کە تیڕوانینی بەرفەرەتر بووە، لەگەڵ دراوسێکانیدا پەیوەندی دروست دەکات و سنوور و دەرگاکانی بەڕوویاندا دەکاتەوە. ئەوەش دەزانین لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا، ئەو سنوورانەی کوردی لەیەک جیاکردووەتەوە چەندە هەڵخڵەتێنەرەو چەندەش مرۆڤ بریندار دەکات. ئەو سنوورانە خەریکە بەکردەوە هەڵدەگیرێن، ئەوەش راستییەکی سروشتی، مێژوویی و کەلتووری هاوبەشە. ئێوە کێ لە کێ جیا دەکەنەوە؟ ئێمە دیتمان کە بەو سنوورانەی کێشراون، زەوینگارییەک نەخۆش کرا و عەقڵی خۆی لەدەست دا. بەو تێڕوانینە نوێیەی دیپلۆماسی، ئەو عەردنیگارییە مردووە زیندوو دەکرێتەوە. کوردی باشووریش وەها بیر دەکەنەوە. بەڕای من ئەم قۆناغە دەرفەتێکی گرنگە بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین. بەئاشتبوونەوەی کورد و تورک لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو وزەیەی کە چەوساوەتەوە، ئاشکرا دەبێت.

وارڤین: پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

بەژان: حکوومەتی تورکیا پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و هەرێمی کوردستان بیمەکراو دەبینێت. حکوومەت بەمتمانەوە زوو لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم گەیشت و بەشێوەیەکی چەندلایەنە خستییەناو بەرنامەی سیاسی خۆیەوە. مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئاشتی لەگەڵ کوردی باشوور، یەکێک لەسیاسەتە هەرەئەرێنییەکانی حکوومەتی پارتی دادوگەشەپێدان بوو. ئاکاپە بەدروستکردنی ئەو پەیوەندییە مەودای پێشڤەچوونەکانی نزیکتر کردەوەو ئەو پەیامەشی بەڕایگشتی دا: ”هیچ کێشەیەکم لەگەڵ کورد نییە، تەنیا کێشەم لەگەڵ توندوتیژیپارێزان، هەیە“. واتە ئەو دیالۆگەی کە نەیتوانی لەگەڵ کوردی ناوخۆی بکات لەگەڵ کوردی باشوور کردی. پەیوەندی لەگەڵ کوردی دەرەوەی تورکیا زۆر ئاڵۆز نییەو تێچوویەکی ئەوتۆ نابات، بەڵکو ئیمتیازەکانی زۆرە.

وارڤین: چۆن دەڕوانیتە داهاتووی پەیوەندییەکان؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە ئەو پەیوەندییانە لەسەر ناسینی مافی کوردان لەتورکیا یان کەمکردنەوەی مافەکانیان پێکدێت؟

بەژان: من بڕوام بەچارەنووسی زەوینیگاری هەیە. بەڕای من داهاتووی ئەم زەوییە ئاشتییە. چونکە ئامانجی سیاسەت سوود وەرگرتنەو ئەگەریش بەوپێیە بێت ئاشتی تەنیا رێگایەتی. سەردەمی قازانج وەرگرتن لەشەڕ تێپەڕ بوو. ئێستا سیاسەتی ئاشتییانە بەسوودترە. تورکیا ناتوانێت کۆتایی بەو قۆناغە بێنێت کە لەسیاسەتی دەرەوەو ناوخۆدا دەستی پێکردووە. تەنیا رێگەی خراپبوونی پەیوەندییەکان کودەتایەکی سەربازییە کە ئەوەش لەرۆژگاری ئەمڕۆدا مومکین نییە.

www.netewe.com

# به هێزی ژنانەیە"




سەرباز لەتورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی لەکودەتاکاندا نیشاندەدات. بەڵام جیهان گۆڕاوەو تورکیاش دەگۆڕێت. تورکیا کاتێک دەگۆڕێت کە لەوە بگات، دیموکراسی بەگوشار نابێت.

وارڤین: ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەرشانی هەردوولا بۆ پێشبردنی پەیوەندییەکان چین؟

بەژان: بەر لەهەموو شتێک مەبەستی باش و ئەرێنی و راستگۆبوون پێویستە. دەبێ وەک دوو برا کە پێویستیان بەیەکتر هەیە، پەیوەندی دابنێن و لەسەری رێکبکەون. پێویستە جیاوازییەکان قبووڵ بکرێت و هاوکات وەک دەرفەت هەڵبسەنگێنرێت.

وارڤین: وەک ئاگادارن لەتورکیا قۆناغێک بەناوی"کرانەوەی کورد" دەستی پێ کردووە، هۆکاری ئەو وەستانەکەی چییە، هۆکارەکەی حکوومەتە یان کورد. کام کردەوەو لێدوان ئەو قۆناغەی تێکدا؟

بەژان: ئەو شتانەی، دەبێ لەتورکیا باسیان لێوە بکرێت باس ناکرێن. بەڵام وەها نیشاندەدرێت کە قسەی لەسەر دەکرێت. لەکرانەوەی کوردیشدا هەمان شت روویداوە. لەنێوان رایگشتی هەر دوولادا کێشەی گەورەی لێکنەگەیشتن هەیە. کورد، لەتورک تێناگات و تورکەکانیش لەکورد ناگەن. هۆکارەکەیشی ئەوەیە: هەردوولایەن بەتەواوەتی ناتوانن بیروبۆچوونی خۆیان دەرببڕن. بەشێوەیەکی راست و لەقووڵایی دڵەوە ناتوانین ئەو شتانەی بیری لێ دەکەینەوە بێنینە زمان. رایگشتی بەشێوەیەکی باش بەرێوەناچێت. تورک لەوە ناگەن کە بێدەنگبوونی چەک، لەلای کورد چ واتایەکی هەیە. تورک لەوە ناگەن کە کورد لەئاشتی چۆن تێدەگەن. بۆیە لەکەشێکی وەهادا، هێما ئاشکراکان بەنرختر دەبن. هەمووان بەهێماکان هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن. لەلایەکی دیکەوە کەسانێک کە بەناوی کوردەوە سیاسەت دەکەن لەپاشا پاشایانەتر دەجووڵێنەوە، قۆناغەکە خاو دەبێتەوەو تێکدەچێت.

وارڤین: پێشوازیکردن لەو گەریلاو مەدەنییانەی کە لەقەندیل و مەخمورەوە هاتبوونەوە تورکەکانی توورە کرد. ئایا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە هێشتا تورک ئامادەییان بۆ ئەم قۆناغە نەبوو؟

بەژان: مرۆڤ ناتوانێت پێشبینی بکات کە کام کۆمەڵگا بۆچی ئامادەیە. کۆمەڵناسی بەپێی رووداوەکان دەجووڵێتەوە. رووداوێک لەپێش چاوانە، کەسانێک هاتوونەتەوەو ناڕەزاییەکانیش لێرەن. دەبێ نەتەنیا ئەو پرسیارەی کە تورک بۆچی ئامادەن لەبەرچاو بگرین، بەڵکو دەبێت داخوازی کوردان و پێشڤەچوونەکانیش لەبیر نەکەین. لەنێوان داواکارییە راستەقینەکانی ئەو قەرەباڵغییەی کە لەسیلۆپی دروست بوو و ئەو دیمەنانەی کە لەمیدیاکاندا پیشاندران بەقەد چیا و زەریا فەرق هەبوو. لەو جلانەی کە پۆشیبوویان و تا هێماکانی سەرکەوتن هەموویان خاوەن واتایەکی سەمبولیکن و لەرایگشتیدا وەک خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو نیشاندەدرێت. بەڵام لێرەدا نەسەرکەوتن هەیەو ژێرکەوتن، بەڵکو داواکارییەکی گەورەی کورد هەیە، ئەویش ئاشتییە. بەشێک لەتورکان ئەوەیان وەک"ئەو مرۆڤانەی کە تا دوێنێ بوو، ئێمە پێناسەی خراپمان بەسەردا دەباراندن، ئێستا وەک قارەمان پێشوازییان لێ دەکرێت"، لێکدایەوە. ئەوەش لەگەڵ خۆیدا شۆکێکی دروست کرد.

وارڤین: تۆ سیاسەتی لایەنی کوردی، واتە د.ت.پ چۆن هەڵدەسەنگێنی. ئایا بەپێی پێویست هاریکاری ئەم قۆناغەیان کرد؟

بەژان: لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ئاشکران د.ت.پ ناتوانێت سیاسەتی خۆی بئافرێنێت. جەماوەرێکی

www.netewe.com

زۆر دینامیکی هەیە کە دەتوانێت بەئاسانی لەرێگای پروپاگەندەوە بیانجوولێنێت. د.ت.پ لەم قۆناغەدا پێویستی بەخولقاندنی سیاسەت هەیە، بەڵام ئەوە مومکین نییە. پێدەچێت لەداهاتوویەکی نزیکیشدا مومکین نەبێت. کە تۆپەکەیان بۆ دەهاوێژرێت، هەمیشە دەڵێن،"هێز لەدەستی ئێمەدا نییە. لەگەڵ پەککەکە قسە بکەن، تۆپەکە لەبەر پێی خۆی دوور دەخاتەوە. لەراستیدا د.ت.پ، کاردانەوەو کردەوەی نییە. خۆزگە کاردانەوەی دەبوو و ئیتر دەبێ هەیبێت. بەڵام سیاسەتی تورکیا بۆ هەبوونی ئەو کاردانەوەیە زمانێکی دانەمەزراندووە. لەلایەکەوە بالادەستبوون و کاریگەری ئۆجەلان، لەسەر جەماوەر و لەلایەکی دیکەشەوە کەماسییەکانی دیموکراسی تورکیا وادەکات کە د.ت.پ، هەمیشە

**بۆ سڕینەوەی نایەکسانی نێوان کورد و تورک پێویستە بەر لەهەر شتێک بیرۆکەی"سەردەستەیی" گەنگەشە بکرێت. دەبێت هەندێکەس دەست لەهەڵوێستی ئاغایەتیکردنی ئەم وڵاتە هەڵبگرن.**

لەبابەتێکدا بمێنێتەوە. بۆیە ئەگەر مرۆڤ رەخنەی، لێ بگرێت، دەبێ لەسەر نەخولقاندنی سیاسەت رەخنەی لێ بگرێت. هاوکات دەبێ ئەو رەخنەیەش بەمەرجی تێگەیشتن لەوە بگیرێت کە د.ت.پ، بۆچی ناتوانێت سیاسەت بکات.

وارڤین: هەلومەرجی پێویست بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد چین؟

بەژان: دەبێ وەک یەکەمین هەنگاو چەکەکان بێدەنگ بکرێن و توندوتیژی رابگیرێت. بەڵام سەرچاوەی کێشەی کورد ئەوەیە، کورد ناتوانن ژیانی خۆیان وەک هاووڵاتییەکی یەکسان و لەهەمانکاتیشدا بەهەبوونی خۆیانەوە بەردەوام بکەن. ئەوەش بەدانی مافی زمان چارەسەر دەبێت. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بژیت، دەبێ بەر لەهەموو شێک بتوانێت بەزمانی خۆی بژی. دەبێ مافە زمانی و کەلتوورییەکانی کورد بدرێن تا کوردانیش بتوانن خۆیان وەک هاووڵاتییەکی یەکسان حیساب بکەن و خۆ وەک هاووڵاتییەکی دەرجەدوو نەبینن. پێویستە لەم وڵاتەدا زەمینە خۆشبکرێت. ئەو زەمینەخۆشکردنەش تەنیا بەراستکردنەوەی دەستوور چارەسەر دەکرێت. بۆ سڕینەوەی نایەکسانی نێوان کورد و تورک پێویستە بەر لەهەر شتێک بیرۆکەی"سەردەستەیی" گەنگەشە بکرێت. دەبێت هەندێکەس دەست لەهەڵوێستی ئاغایەتیکردنی ئەم وڵاتە هەڵبگرن.

وارڤین: تۆ پەروەردەیی بەزمانی زکماکی بە یەکێک لەمەرجەکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد دادەنێیت؟

بەژان: دەبێت پەروەردە بەزمانی زکماکی وەک مافێکی سەرەکی لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا هەڵبسەنگێنرێت. ئەگەر زمانێک ببێتە زمانی پەروەردە، ئەوکات دەتوانێت هەبوونی خۆی بەردەوام بکات. بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەک بتوانێت بۆ بابەخەکانی خۆی گۆڕەپانێک دامەزرێنێت، لەهەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستی بەبەکارهێنانی زمان هەیە. ئەگەر نەتوانرێت بەزمانی خۆ لەگۆڕەپانی سیاسەتی رۆژانەو کەلتووردا داهێنان بکرێت، ئەو زمانە دەبێتە زمانێکی مردوو. بەفولکلۆر دەتوانین تاکوێ بچین؟ بۆیە پەروەردەیی بەزمانی کوردی یەکێک لەمەرجەکانە. ئەوەش خەباتێکی دووروودرێژی پێویستە. ئەوانەی کە لەدژی پەروەردەیی بەزمانی زکماکی قسە دەکەن، دەڵێن:"ئەگەر مافی پەروەدە بەزمانی کوردی بدرێت ئەوکات کورد و تورک لەیەکتر جیادەبنەوە". راستە تەنیا شتێک کە لەیەکترمان جیا دەکاتەوە زمانە، بەڵام ریشەمان لەناو ئەم جوگرافیایەدا هەیەو شتی هاوبەشیشمان زۆرە بۆ پێکەوە ژیان.

وارڤین: باس لەگوتنەوەی وانەی کوردی دەکرێت وەک دەرسێکی هەڵبژاردە، بەڵام تائێستا هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکراوە. بەرای تۆ پێویستە دەستپێک ئامادەکاری بۆ بکرێت یان دۆخە قانوونییەکەی بۆ راست بکرێتەوە؟

بەژان: بۆ ئەوەی حوکمە پێشوەختەکان لەمێشک و بەرچاواندا هەڵبگیرێن راستکردنەوە قانوونییەکان زۆر گرنگن. بۆچوونی"زمانێک بەناوی زمانی کوردی نییە"، ٨٠ ساڵە لەمێشکی مرۆڤەکاندا جێگیر کراوە. زۆر زەحمەتە کە مرۆڤ بتوانێت بەشەو و رۆژێک هەڵیبگرێت. لەم رۆژانەدا لەهەر دەمێکەوە قسەیەک دەردەچێت و گەلەک کەس کە خۆیان بەرۆشنبیر دەزانن لێدوانی چەواشەکارانە




www.netewe.com

دەدەن. "ئەگەر کوردی ببێتە زمانی هەڵبژاردە، قوتابخانەکانی ڕۆژئـاوا چییان بەسەردێت؟ زاڵبوونی زمانی فەرمی چۆن پێکدێت". ئەگەر ئێمە بەترسەوە قانوون جێبەجێ بکەین ئەوکات کێشەکان هـەر درێـژەیـان دەبـێـت و بـەرەو جیابوونەوە دەچین. لەفرەیەک لەوڵاتانی جیهاندا لەگەڵ هەبوونی زمانی فەرمیدا زمانەکانی دیکەش بۆ پەروەردە کردن بەکار دێن. لێرە گرنگ ئەوەیە کە سیستەمێک هەبێت کە وا لەو منداڵانە بکات کە پەروەردەیان دەکات، هەست بەوە بکەن کە زمان و ئایینەکەیان شیاوی ڕێزە. واتە کە منداڵێکی کورد لەئەستەنبوڵ لەهەفتەیەکدا ٢ کاتژمێر بەزمانی کوردی پـەروەردە بکرێت لەبەرچاوی هاوڕێکانیدا بەقەدر و قیمەتتر دەبێت و ئەوەش ڕووندەبێتەوە کە یەکێک لەئەرکەکانی دەوڵەت ئەوەیە کە منداڵەکان بەزمانی خۆیان پەروەردە بکات. ئەو منداڵانەی کە زمانەکەیان لەکۆڵان و لەپۆلەکەیاندا قەدەغە بێت و وەک نەبوو حیسابی بۆ بکرێت، لەبواری دروونـی و ڕۆحیدا برێندار دەبن. ئەگەر وابێت وڵات لەمنداڵێکی بەوجۆرە چ خێرێک دەبینێت؟ ئێمە لەسایکۆلۆژییەکی وا ناگەین، ناتوانین لـەوە بگەین کە نەژیان بەکەسایەتی خۆمان دەبێتە هۆی کام کێشانە. قـەدەغـەکـردن و بێبەشکردنی هـەر مرۆڤێک لەزمانەکەی کە گوزارشت لەجیهانی دەروونی ئەو مرۆڤە دەکات، گەورەترین ناحەقییە. لەم وڵاتەدا لایەنگەلێک هەن کە گوشار بۆ لایەنەکانی دیکە دێنن. لەلای ئەوان کورد، عەلەوی و..نین.

وارڤین: ژنانی کورد لەچ قۆناغێکی تێکۆشانی ژنانی جیهاندان؟

بـەژان: بـەڕای مـن ژنـانـی کـورد هەرگیز دوانـەکـەوتـوون. جـاربـەجـار دیمەنی پۆست مۆدێرنی وەها دەبینرێت کە لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وەک چەمکێکی فیۆدالی شرۆڤە دەکرێت. دیوێکی چەمکی فیۆدال تەنیا بەشێک پێشاندەدات. بەڵام لەراستیدا کاپاسیتەیەکی گـەورەی لەخۆیدا حـەشـارداوە. هاوکات کورد کۆمەڵگایەکی هەیە کە لەهەنبانە کەلتوورییەکانیدا دایکسالاری حەواندووەتەوە. لەکۆمەڵگای کورددا بەتایبەت ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لەسەرەوەیەو ناسنامەی سروشتی خۆیان هێشتووەتەوە، زۆر بەنرخن. ژنگەلی وا هەن کە قسەکانیان لەناو کۆمەڵەی پیراندا لەهی پیاوان بەنرخترە. دەبێ ئێمەش لەوە تێبگەین. ژن لەکۆدە کەلتوورییەکانی ئێمەدا سەردەمانێک زۆر بەهێز بـوون. بەڵام ئێستا هەمان ژنی کلاسیک لەسەر ژنانی گەنج وەک ئامێرێکی چەوساندنەوە بەکاردەهێنرێن. لەقەتڵە ناموسییەکاندا دایکان ڕۆڵێکی یەکجار زۆریان هەیە. بەڵام بەڕای من، مرۆڤ دەتوانێت ئەو هێزەی ژنان لەگەڵ هەستی ژناندا یەکبخات. یەعنی مومکینە بەوکارە مرۆڤ بتوانێت لەتوانای لـەبـیـرکـراوی ژن و سروشتی ئاشتییانەی، کەڵکوەربگرێت.

وارڤین: سیاسیبوون چی بە ژنی کورد بەخشی و چی لێوەرگرتەوە؟ (نموونە، ئەو ژنانەی کە بەشداری لەخۆپیشاندانەکاندا دەکەن و چالاکی دەنوێنن، ئایا دەتـوانـن لەکۆڵانەکاندا وەک پێویست بەناسنامەی ژنەوە پێشبکەون؟)

بەژان: ئەمڕۆ ژنان لەسیاسەتدا زۆر بەهێزن. مرۆڤ کاتێک سەیری کۆتای ژنان دەکات ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەڵام ژنێک کە دەبینرێت زمانی پیاوان بەکار دێنێت. بەڵێ کاردانەوەکانی فیمینیستانەیە، بـەڵام فیمینیستێکی وا کە لەرێگای یەکسانی لەگەڵ پیاواندا هەموو ئەو ئامێرانەی کە پیاوان بەکاری دێنن، لاساییان دەکاتەوەو بەکاری دێنێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئافراندن نییە. بەشێوەیەک کە ژن خۆی دەستی لەداهێنان شوشتووەتەوە. دەبێ هەم ژن بی، هەم بەهێز بی، هەمیش بتوانێت ژیانی خۆی تێکەڵی سیاسەت بکەیت. لەوە دەگەم کە زمانی ژن دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا ئاشتی بێنێت. لەکۆمەڵگای ئێمەدا، کاتێک پیاو شەڕ دەکەن، ژنان لەچکەکەیان دەخەنەسەر زەوی و ئەو لەچکە کۆتایی بەشەڕەکە دێنێت. لێرەدا هەر چەند لەچک نیشانەی نامووسە، بەڵام ئەو کردەیە وەک هێزی ژنانە ناودێر دەکەم. ئەوە هێزی ژنێکە کە پرچی بەدیار دەکەوێ و هەبوونی ئاشکرا دەبێت. یەعنی هێزی ژنانەیە. هێزی ئاشتی لەسروشتی ژنەوە دێت، توانای ئافراندن لەزایینەوە دێت و سیاسەتیش ئەو هێزەی پێویستە.

وارڤین: لەوتووێژێکدا گوتووتە لەبەر ئەوەی ناوت کوردییە، جارجار تووشی کێشە دەبیت. سەرەڕای ئەوەش ژنیت و عەلەویت. لەتورکیا ئەگەر مرۆڤ کورد، ژن و عەلەویش بێت، هەست بەچی دەکات؟

بەژان: من خۆم لەهەرجۆرە ناسنامەیەکی بەرتەسک دووردەخەمەوە. لەهەموو هەلومەرجێکدا من وا نیشاندەدەم کە مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی دیکەش سەیری راستییەکان بکات. چونکە لەسروشتی مرۆڤەکاندا مەیلی گەورەبوون هەیە. من خۆم بەخاوەنی ئەو هەموو شتانە دەزانم و ئەو فرەییەش وەک دەرفەتێکی گەورە دەبینم. ئەگەر مرۆڤ بیرۆکەی فرەیی لەکەسایەتی خۆیدا قووڵ بکاتەوە، دەتوانێت دەوڵەمەند بێت. هەموو تیۆرییەک کە لەسەر ڕەهائییەت دامەزرابێت مـرۆڤ تووشی هەڵە دەکـات. ناسنامەی من لەژێر سێبەری ئەم وڵاتەدا ماوەتەوە کە گەلەک تایبەتمەندی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

پڕۆفایل



بەژان ماتور کێیە؟

لە١٤.ی ئەیلولی١٩٦٨ لەناوچەی پازارچیکی مەرعەشی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لەبنەماڵەیەکی کوردی عەلەوییە. سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەدیلۆک تەواو کردووە. کۆلیژی حقووقی لەزانکۆی ئەنکەرە خوێندووە. شیعرەکانی لەگۆڤارگەلی وەک ئادام سەنعەت، ئەکین بەلەتەن و یازیت، دا بڵاوکراوەتەوە. تائێستا دیوانگەلێکی شیعری بەناوی"روزگار دولۆ کۆناکلار/١٩٦٦"،"تانری گورمەسین هارفلەریمی/١٩٩٩"،"ئاین بۆیۆتۆگو ئوگوللەر/٢٠٠٢" نووسیوە. هەروەها خەڵاتگەلێکی بەناوی"خەڵاتی شیعری هالیل کوجاگوز٧/١٩٩٧" و "خەڵاتی شیعری ئورهان موراد ئاریبورنۆ/١٩٩٧.ی وەرگرتووە. ئێستاش گۆشەنووسی ڕۆژنامەی زەمانە.


Photo
هێمن

# د.بەرهەم سەرۆکی ئەنجوومەنەکە دەبێت

# وارڤین وردەکاری ئەنجوومەنی ژنان ئاشکرا دەکات

هەولێر

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەریکی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ژنان بەناوی ئەنجوومەنی باڵای ژنان. راوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیـران و هاوکارێکی سەرۆکی حکوومەت دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ چارەسەری کێشەی ژنان وەسف دەکەن. هاوکات هەندێ لەچالاکوانانی بواری ژنان، ئەوکارە بەبچووککردنەوەی پرسی ژنانی دەزانن.

کابینەی ٥ـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچرڤان بارزانی، لەرێگەی دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی بەداواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان و دانانی وەزیرێکی هەرێم بۆکاروباری ژنان، هەوڵی سنووردارکردنی توندوتیژی دژ بـەژنـان و بـەرزکـردنـەوەی پێگەیانی دا. هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی سێ وەزیری ژن بۆ یەک ژن لەکابینەی شەشدا، سەرۆکی حکومەت د.بەرهەم ساڵح، لەهەوڵی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی ژنانادایەو بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتوون، بەر لەدروستبوونی ئەو ئەنجوومەنە، هەندێ گرفت کەوتووەتە نێوان لایەنانی پەیوەندیدار بەو ئەنجوومەنەوە.

## دەسەڵاتی ئەنجوومەن

راوێـژکـاری کـۆمـەڵایـەتـی سـەرۆکـایـەتـی ئەنجوومەنی وەزیران مەهدی ساڵح، لەبارەی دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای ژنانەوە دەڵێت، ئەو ئەنجوومەنە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دەبێت و راستەوخۆ سـەر بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت. بەپێی قسەکانی


مەهدی ساڵح


پەیام ئەحمەد

مەهدی ساڵح، بیرۆکەکە تائێستا گفتووگۆی لەسەردەکرێت و سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەرۆکی ئەنجوومەنەکە دەبێت و هەندێ وەزیر ئەندامی بۆردی ئەنجوومەن، دەبن. بۆردەکە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، ناوخۆ و داد، لەخۆ دەگرێت. سەرۆکی دامەزراوەی خەندان و هاوکاری د.بەرهەم ساڵح، هەڵکەوت عەبدوڵڵا لەوبارەیەوە گوتی: “دوای کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان، سەرۆکی حکوومەت بەباشی زانی دامەزراوەیەک هەبێت کە خاوەنی کەسایەتی مەعنەویی خۆی بێت و لەبواری ئەو کاروبارانەی پەیوەندیان بەپرسگەلی ئافرەتانەوە هەیە، بۆ گشت دامووەزگا حکومییەکان سەرچاوە بێت. هەروەها راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بیروڕا دەربارەی ئەو مەسەلانە دەردەبڕێت کە پەیوەندییان بەپێگەی ژنەوە هەیە“. دوای ئـەوەی رەشـنـووسـی دامـەزرانـدنـی ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ ژنان، درایـە هەندێ لەرێکخراوەکانی ژنـان، وەک رێکخراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان، هەندێ لەرێکخراوە ناحکوومییەکان، بێئاگایی خۆیان لـەو بابەتە دەردەبـڕن و ئاگادارنەکردنەوەیان بەجێگای پرسیار دەزانن. سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان سۆزان عارف، ناڕەزایی خۆی لەئاگادارنەکردنەوەی رێکخراوەکەیان لەو مەسەلەیە دەردەبڕێت و بـەڕای سـۆزان، مەسەلەکە شەفاف نییە ”دڵنیام ئەو ئەنجوومەنە سەربەخۆ نابێت، ئەگەر وانەبوایە رێکخراوە ناحکوومییەکانیشیان ئاگادار دەکردەوە“. بەبڕوای ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمان پەیام ئەحمەد، ئەو ئەنجوومەنە دەبێ سەربەخۆ بێت و ئەگەر وانەبێت، ئامانجەکەی ناپێکێت. بەرپرسی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی

www.nefewe.com



سۆزان عارف

سکرتاریەتی ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی، شوکریە ساڵح، دەڵێت"تائێستا ساغ نەبووەتەوە ئەنجوومەنەکە سەربەخۆ دەبێت یان نا. چەندین کۆبوونەوەی گەورەو بچووک بۆ ئەوە لەسلێمانی و گەرمیان، بۆ گەلاڵە کردنی کارنامەی ئەنجوومەنەکە کراوە ئێستا کارنامەیەک بەواژۆی ڕێکخراوەکانی ناو تۆڕی هاوبەشی ئافرەتان و چەند کەسایەتییەکی دیارو ناسراو ئامادەیەو پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت".

## "بچووککردنەوەی مەسەلەی ژنانە"

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیستی گۆڕان پەیام ئەحمەد، دانانی ئەنجوومەنێک بۆ ژنان، بەبچووککردنەوەی مەسەلەکانیان وەسف دەکات و ئەوان لەگەڵ دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنە نین"وەک لیستی گۆڕان، پێشنیاری دانانی وەزارەتێکی کاری ژنانمان کرد، بەڵام لەپەرلەمان دەنگی تەواوی نەهێناو لیستی کوردستانی لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ژنان بوون". چالاکوانی بواری ژنان و ڕاهێنەری جەندەری شیلان حەمەنوری، پێیوایە پرسی ژنان لەوە گەورەترە ئەنجوومەنی بۆ دابنرێت. بەڕای شیلان، پشتگوێخستنی پرسی ژنان لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە بەرچاوەو بوونی یەک ژن لەکابینەی شەشی حکوومەت بەبەڵگەی قسەکانی دێنێتەوە"ئەگەر چالاکوانانی سەربەخۆی بواری ژنان و بزووتنەوەی فیمینیستی لەو ئەنجوومەنەدا خاوەن بڕیار نەبن، ئەوا بەکارەکانی گەشبین نیم". هەڵکەوت عەبدوڵڵا، بەپێچەوانەی ڕای شیلان دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە بەکارێکی گرنگ دەزانێت چونکە، کاتێک وەزارەتێک نەبێت بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ژنان، بەو هەموو پێداویستی و داخوازی و گرفتانەوە کە هەیانە، بوونی دامەزراوەیەکی وەها کە نزیکبێت لەناوەندی بڕیارەوە سەرۆکی حکوومەت خۆی سەرپەرشتیی بکات، دەرفەتێکی چاکە بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان سوودی لێ وەربگرن. بەبڕوای هەڵکەوت، کێشەی ژنان ئەوەندە گرنگ و هەستیارە، کە تەنیا بەو ئەنجوومەنە چارەسەر ناکرێت بەڵکو دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیاکانیش لەو پرۆسەیەدا هاریکار بن.

## پێکهاتەکەی ژنانی چالاک دەبن

هەندێ لەچالاکوانانی بواری ژنان بەسەرنجەوە لەپێکهاتەی ئەنجوومەنەکە دەڕوانن، چونکە بەڕای ئەوان پێکهاتەکەی بەپێی ڕیزبەندی حزبایەتی دەبێت و حزب کاریگەری لەسەر دەسەڵات و بڕیاری ئەنجوومەن دەبێت. ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بەپێکهاتەی ئەنجوومەنەکە دەڵێت، تائێستا زانیارییەکی ورد لەبەردەستدانییە بەڵام"ئەنجوومەن لەبۆردێک پێکدێت و ڕێکخراوەکانی ژنان تێیدا ئەندام دەبن. حکوومەتیش هیچ بڕیارێک بەبێئاگاداری و ڕای ڕێکخراوەکان نادات". هاوکاری سەرۆکی حکوومەت هەڵکەوت عەبدوڵڵا، ئاماژە بەهەیکەلی ئەو ئەنجوومەنە دەکات، کە لە ٢٠ کەسایەتی گشتی و خاوەن ئەزموون پێکدێت و ئەندامێتی ئەنجوومەنەکە لەسەر بنچینەی لێهاتوویی و شارەزابوون دەبێت و دوای سێ ساڵ، ئەندامانی ئەنجوومەن شایانی گۆڕان و نوێبوونەوەن. چونکە ئەو جۆرە ئەنجوومەنە لەبنچینەدا پێویستی بەجۆرە کەسانێک هەیە کە بتوانن بەردێک بخەنە سەر بەردێک و لەسەر بنچینەی تێڕوانین و ئایدیۆلۆژیاو حزبایەتی و ناوچەگەری کارنەکەن. بۆیە دەشێت کەسانی سەربەخۆی شارەزا هەڵبژێردرێن. هەروەها



هەڵکەوت عەبدوڵڵا

ئەو کەسە حزبیانەش هەڵبژێردێن کە شایەتی ئەوەیان بۆ دەدرێت بەرژەوەندخوازو تەسکبین نین و خزمەتکردنی ژنان و ئافرەتان لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دادەنێن. شیلان حەمەنووری، پێیوایە، ئەو ئەنجوومەنە، ناتوانێت کارێکی لەوەی هەیە باشتر بۆ پرسی ژنان بکات"ڕەشنووسەکەیم بینیووە مۆرکی حزبایەتی و باڵادەستی پێوەدیارە. بەرهەمی نۆزدەساڵ، لەخەباتی بزووتنەوەی فیمینیستی لەکوردستان، بەهۆی باڵادەستی حزبەکان لەبڕیارداندا تەنیا یەک وەزیری ژنە".

## گرفتی بۆ دروستبووە

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست وارڤین کەوتوون، ئەنجوومەنی باڵای ژنان بەر لەدروستبوونی و لەقۆناغی کارکردن بۆ دامەزراندنی، هەندێ گرفت لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و هەندێ لە چالاکوانان دروستبووە. سەرچاوەیەکی نزیک لەکارەکە ڕایگەیاند، کە بەرژەوەندخوازی و تەسکبینی هەندێ لەژنانی ئەو بوارە کە تەنیا مەبەستیان وێناکردنی ڕۆڵ و پێگەی خۆیان بوو لەناو ئەنجوومەندا کێشەو گومانی دروست کردووە."دەستی هەندێ لەنەیارانی سەرۆکی حکوومەت کە نایەنەوێت پرۆژەیەکی واگرنگ لەسەردەستی ئەو دروستبێت" و ناکۆکییەکانی ناو خودی حزبێک و حزبەکانیتر

www.netewe.com

و ڕێکخراوەکانی ژنان و هاوڕانەبوونیان لەسەر پرسە هەستیارەکان، بووەتە هۆی دروستکردنی گرفت و تێنەگەیشتن لە پەیام و پرۆژەکەی سەرۆکی حکوومەت. بەڵام هەمان سەرچاوە ڕایگەیاند "سەرۆکی حکوومەت لەسەر دروستکردنی ئەنجوومەنەکە پێداگری دەکات".

## دەسەڵاتی ئەنجوومەن فراوان دەبێت

شوکریە ساڵح، چۆنیەتی دەسەڵاتی ئەنجوومەن دەخاتە ڕوو، کە بەپێی گوتەکانی ڕاوێژکارانی د.بەرهەم، پێیانگوتراوە، کە بۆردی ئەنجوومەن سەرۆک و جێگری دەبێت و دەسەڵاتیان بەقەد دەسەڵاتی وەزیر و بریکار دەبێت. واتە خاوەنی بڕیاردەرکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر کارەکان دەبێت. بەپێی قسەکانی مەهدی ساڵح، تائێستا سنووری دەسەڵاتی ئەنجوومەن دیارینەکراوە و جارێ گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتی بڕیاردان و پێشنیاری یاسادەرکردن و گۆڕینی دەبێت و ئەو ئەنجوومەنە ڕاستەوخۆ سەربەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت. بەبڕوای شیلان حەمەنووری، پێویستە ئەو ئەنجوومەنە سەر بەپەرلەمان بێت، تابتوانێت چاودێری حکوومەت بکات و بڕیارەکانی حکوومەت لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەن کاریگەر نەبن.

## "شتێکی باشە حکوومەت ژنی لەبیرە"

ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نازدار ئەسعەد، ڕەزامەندی ڕێکخراوەکەیان لەمەڕ ئەو هەوڵەی حکوومەت ڕادەگەیەنێت و بە "شتێکی باش" وەسفی دەکات. نازدار، ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەکەیان لەلایەن حکوومەتەوە بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی ئافرەتان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت، کە پێشنیاز و ڕەشنووسەکەیان بۆناردوون و ئەوانیش ڕەزامەندییان نواندووەوە. بەڕای ئەو ئەندامەی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتان، حکوومەت ئەو بۆشاییەی بەهۆی نەبوونی وەزارەتێکی ژنان دروستبووە، بەو ئەنجوومەنە پڕی دەکاتەوە و دەڵێت "بیرۆکەیەکی باشە کە حکوومەت ژنی لەبیرەو مافمان بەیەکجاری ناخورێت". هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی بۆردی ئەنجوومەن، بەپێی قسەکانی نازدار، کۆنفرانسێک بەئامادەبوونی


شیلان حەمە نوری

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەبەسترێت و لەوێدا بۆردی ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێت. هەرچەندە نازدار، هەبوونی وەزارەتی ژنانی لاگرنگەو بەبڕوای ئەو ئەگەر "هەرتابلۆش بوایەو کاریشی تێدا نەکرایە هەرباشبوو".

## هەیکەلی ئەنجوومەن

پێکهاتەی ئەنجوومەنی باڵای ژنان بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. ئەنجوومەنەکە کۆمەڵێک لیژنەی دەبێت کە بایەخ بەلایەنە جۆربەجۆرەکانی پرسی ژنان دەدەن و پاش گەڵاڵەبوونی هەر پرۆژەیەک لەڕێگەی لیژنەکانەوە، حکوومەت تاوتوێی دەکات و ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداری دەکات. بۆ نموونە ئەگەر پرۆژەیاسا بێت، ئاراستەی پەرلەمانی دەکات.

٢. ئەنجوومەن، سکرتاریەتێکی بەسەرۆکایەتی سکرتێر دەبێت. جێگرەکەی بەپلەی بریکاری وەزیر، بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ئەنجوومەن دەبێت کە ئەرکی گەیاندنی بڕیارو ڕاسپاردەو پێشنیارەکان بەلایەنە پەیوەندیدارەکانە. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری دامەزراندنی سکرتێری گشتی دەردەکات، کە کارەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت و شایانی نوێبوونەوەیە. سکرتێری گشتی بڕیارەکانی ئەنجوومەن جێبەجێدەکات و سەرپەرشتیی سکرتاریەت و کاروباری فەرمانبەران و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنی کارەکانی ئەنجوومەن، بەپێی ڕێنماییەکان دەکات.

٣. سکرتارییەتی ئەنجوومەن ئەم لیژنانەی ڕاییکردنی کارەکانی دەبێت:

لیژنەی جێبەجێکار: ئەو لیژنەیە کارەکانی ناو ئەنجوومەن بەڕێوەدەبات، چونکە ئەرکی ڕاییکردنی گشت بابەتە دارایی و کارگێڕییەکان و بەدواداچوونی ڕاپۆرتە کۆتاییەکانی ئەنجوومەن و لقەکان و کۆنگرەکانی دەکەوێتە ئەستۆ.

لیژنەی هاماهەنگی: ئەو لیژنەیە کە پەیوەندیی نێوان لیژنە هەمیشەییەکان ڕێکدەخات و باشترین ئامرازەکان دەدۆزێتەوە بۆ کامڵکردنی چالاکییەکانیان و بیروڕا دەربڕین دەربارەی ئەو بابەتانەی دەخرێتەبەردەمیان.

لیژنە هەمیشەییەکان: ئەو لیژنانەن کە بەپێی خاڵەکانی بەندی سی و بە فەرمایش پێکدەهێنرێن و هەریەکە لەبواری تایبەتمەندی خۆیدا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە کاردەکات، ئەوەش لەڕێگەی کۆبوونەوە، سمینار، ورکشۆپ و دیدارەکانەوە کە چەندین بابەت دەردەبڕدرێن.

لیژنە کاتییەکان: ئەو لیژنانەن کە بەشێوەیەکی کاتیو بۆ مەبەستی تایبەتی و دیاریکراو پێکدەهێنرێن و بەتەواوبوونی کارەکەیان کۆتاییان پێدێت.

لقەکانی ئەنجوومەن: پێکهێنانی لقەکانی ئەنجوومەن لەپارێزگاکاندا بەپێی پێوانەی بابەتی دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنەوەو پاش تاوتوێکردنو گفتوگۆکردن دەبێت لەگەڵ پارێزگاری.

سکرتارییەتی گشتی: سکرتارییەتی گشتی کارەکانی خۆی لەڕێگەی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەیکەری ڕێکخراوەییەوە ڕایی دەکات و کۆمەڵێک ڕاوێژکار بۆ ئەو مەبەستە هاوکاریان دەبن.


بەهرە حەمەڕەش

www.netewe.com

# کچانی ئاگر پەشیمانن و نایانەوێت بمرن

دهۆک

بەپێی گوتەی ئەو ژنانەی کە خۆیان سووتاندووە، بەهۆی بێئومێدی لەژیانیان ئەو کارەیان کردووەو وایان زانییوە کە ژیان لای ئەوان کۆتایی هاتووە، بەڵام کاتێ لەژیاندا ماونەتەوە و گیانیان نەسپاردووە، بۆیان دەرکەوتووە کە ژیان کۆتایی نەهاتووەو بەردەوامە. هاوکات لەوبارەیەوە دەروونناسێک رایدەگەیەنێت، ئەو ژنانەی خۆیان سووتاندووە دوای چەند خولەکێک پەشیمانن و حەز ناکەن بمرن. بەڵکو ویستوویانە لەرێگای سووتاندنیان سەرنجی دەوروبەریان بۆ کێشەکانیان راکێشن. ئەو دەروونناسە گوتی:" ئەوە لاوازترین رێگەیە کە کچان پەنای بۆ دەبەن".

## "پەشیمانم"

دە رۆژ لەمەوبەر ژنێکی ٢٥ساڵی بەناوی ک. م، لەشارۆچکەیەکی سنووری پارێزگای دهۆک، خۆی سووتاندووە. هەرچەندە هێشتا هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بۆ پۆلیس ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بۆچوونەکانی ئەندامانی خێزانی ژنەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە بەهۆی هەبوونی کێشە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا خۆی سووتاندبێت. ک.م، لەقاچییەوە تا نزیک گەردنی سووتاووە. ئەو تەنیا دەمووچاوی نەسووتاوە. ئەو ژنە دەڵێت:"خۆم خۆمم سووتاندووەو پەشیمانم. بەڵام ئێستا پەشیمانی هیچ سوودێکی نییە. دەبوایە من پێشتر بیرم لەو کارەم بکردایەتەوە".

لەلایەکی دیکەوە کچێکی ٢٦ ساڵان بەناوی ز.م، لەبەر ئەوەی بەزۆر بەشوودراوە ئاگری بەرداوەتەوە جەستەی و زیاتر لە٥٦٪ـی جەستەی سووتاوە. هەرچەندە لەبەر پرسی عەشیرەتی و کێشەی خێزانی دواندنی ز.م دژوار بوو، بەڵام توانیمان لێدوانی خۆی وەربگرین. ز.م، هۆکاری خۆسووتانەکەی بەمجۆرە گێڕایەوە:"من کەسێکی ترم خۆشدەوێت، بەڵام براکەم بەزۆر دامی بەپیاوێکی تر. لەبەرئەوەی باوکم پیر بووەو هەموو بڕیارەکانی ماڵ کەوتووەتە دەست براکەم. ئەو بەکەیفی خۆی بڕیاریدا کە مێرد بەم کوڕە بکەم. براکەم، دەیزانی کە من کەسێکی دیکەم خۆشدەوێت. بەڵام رق و کینە بەرچاوی گرتبووم و ئاوهام لەخۆم کرد. من ئێستا رووم نییە چاوم بەکەس بکەوێت. ئەگەر کەسێک هەبوایە یارمەتیدابام، نەدەکەوتمە رۆژێکی وەک ئەمڕۆ. من زۆر پەشیمانم، بەڵام وامدەزانی گەیشتوومەتە خاڵی کۆتایی ژیان، کەچی ئێستا دەزانم کە ژیان هەر بەردەوامەو دەبوایەت دانم بەخۆمدا بگرتایە".

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سووتان و جوانکاری دهۆک د. محەمەد ساڵح حەمید، ئاماژەی بەوەکرد کە لەساڵی ٢٠٠٨دا ٢٧٥ حاڵەتی سووتانی جۆراوجۆریان تۆمار کردووەو لەو رێژەیەش ٩٧ کەسیان گیانیان لەدەست داوە. لەکۆی ئەو ٢٧٥ کەسە، ٨٧ ژن و ١٣٣ پیاو سووتاون و لەوەش ٨٣ ژن گیانیان سپاردووەو ١٤ پیاویش مردوون و حاڵەتەکانی دیکەش منداڵ و پیر بوون.

هێشتا ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ـی نەخۆشخانەی جوانکاری و سووتان ئامادەنەکراوە. د. محەمەدیش گوتی:"تا کۆتایی ساڵ ناتوانین هیچ ئامارێک بڵاو بکەینەوە". نەخۆشخانەی سووتان و جوانکاری دهۆک، تەنیا بۆ چارەسەری ئەو کەسانەیە کە خۆیان دەسووتێنن، یان دەسووتێندرێن. رۆژانە چەندین کەسی سووتاو سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن و تائێستاش لەوێ چەندین کەس بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەست داوە. برینپێچێک لەو نەخۆشخانەیە کە رۆژانە برینەکانی ژنانی سووتاو تیمار دەکات گوتی:"تائێستا هەر کەسێک کە هاتووەتە لای ئێمە لەخۆسووتاندنەکەی پەشیمان بووە. بەڵام دان بەوەدا دەنێن کە پەشیمانی سوودی نییەو هەڵەبوون". بەپێی زانیارییەکان، زۆرترینی ئەو کەسانەی خۆیان سووتاندووەو روویان لەو نەخۆشخانەیە کردووە، هۆکارەکەی کێشەی خێزانی بووەو ژمارەیەکی کەم هۆکارەکانیان دەروونی بووە. ئەو برینپێچە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەبارەی ئەوەی کە ئەوان چۆن دیاری دەکەن کەسێک خۆی سووتاندووە یان سووتێندراوە، گوتی:"سووتانی سرووشتی بەهۆی قەزاو قەدەرەوە لەگەڵ ئەو سووتانەی کە بەدەستی



www.netewe.com

مرۆڤ ئەنجامدەرێت جیاوازە. چونکە کاتێ مرۆڤێک خۆی دەسووتێنێت جەستەی هەمووی دەسووتێت، نە تەنیا لایەکی و هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەسووتێنن کاتێک دێنە لای ئێمە بۆنی گازیان لێدێت. لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی ئەوانەی خۆیان سووتاندووە ناڵێن خۆمان ئاگرمان بەرداوەتە خۆمان، بەڵام ئێمە بنکەی پۆلیسی لێ ئاگادار دەکەینەوە".

## "نایانەوێت بمرن"

ئەو کەسەی خۆی دەسووتێنێت یان بیر لەخۆسووتاندن دەکاتەوە، با باش بزانێت کە ئەوە نیشانەی لاوازی دەروونییەتی و زۆرترینی ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن ئامانجیان ئەوە نییە کە کۆتایی بەژیانیان بێنن، بەڵکو دەیانەوێت بەدەوروبەریان بڵێن کە کێشەیەکیان هەیە. بەڵام لەوە بێئاگایە کە بەو کارە ئەنجامێکی خراپتر بەدەست دەهێنێت. ئەگەر بەدواداچوونێک بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانەی خۆیان سووتاندووەو هێشتا دەژین، پەشیمانن و حەز ناکەن بمرن. تەنیا دەیانەوێت کێشەی خۆیان لەو رێگەیەوە چارەسەر بکەن. ئەوە لاوازترین رێگەیە کە کچان و ژنانی ئەم کۆمەڵگایە پەنای بۆ دەبەن. ئەوە قسەی دەروونناس د. محەمەد سەعید، بوو کە بەو شێوەیە خۆسووتاندنی کچان و ژنان شرۆڤە دەکات. بەڕای ئەو، پێویستە ژنان و کچانی ئەم وڵاتە لەوە تێبگەن کە تا مرۆڤ نەکەوێتە هەلومەرجی سەختەوە، هەست بەخۆشی ژیان ناکات. تا نەخۆش نەبێت هەست بەسەلامەتی ناکات، "ئێمە چەندین کەسمان بینیوە کە ئاگریان بەرداوەتەوە جەستەیان، بەڵام بەتەواوەتی گیانیان لەدەست نەداوە. ئەوانە ئێستا پەشیمانن. هەر مرۆڤێک کە خۆی دەسووتێنێت دوای چەند خولەکێک پەشیمانە".

سەبارەت بەخۆسووتاندن وتارخوێنی مزگەوتی شێلێ مەلا زاهید ئەسعەد، پێیوابوو: "خۆسووتاندن لە متمانەبەخۆنەبوونەوە سەرهەڵدەدات. هەرکەسێک خۆی بسووتێنێت بەدەستی خۆی داهاتوویەکی رەش بۆخۆی دروست دەکات و پەیامبەری ئیسلام دەڵێت، ئەو کەسەی کە خۆی بەئاگر بسووتێنێت دەچێتە دۆزەخ و سزاکەی لەهی دونیای زیاتر دەبێت".

ئەو مەلایە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات، کە بەهۆی کێشەوە بیر لەخۆسووتاندن دەکەنەوەو دەڵێت: "لەحاڵەتێکی وەهادا با سەردانی نەخۆشخانە یان دەروونناسێک بکەن، تا چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. پسپۆڕی دەروونی محەمەد سەعید، بەشێک لەرەفتارەکانی مرۆڤی بۆ کەسایەتی خودی مرۆڤەکە گەڕاندەوەو ئینجا رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی.

## خۆی سووتاندووە یان سوتێندراوە؟

ژنێکی ١٩ساڵان بەناوی ج.ف، لەگەڕەکی بەرۆشکێ لەدهۆک خۆی سووتاندووە. بەپێی لێدوانی پزیشکانی نەخۆشخانە رێژەی سووتانەکەی ٦٠٪ بووە. ج.ف، لەگوتەکەیدا بۆ پۆلیس، رەتیکردووەتە کە خۆی سووتاندبێت و گووتوویەتی کە تەباخ پێیدا تەقیوەتەوەو ئاگری گرتووە. بەڵام کەسێکی نزیک لە ج.ف، بە وارڤینی راگەیاند کە ئەو ژنە سووتێندراوەو ئاشکرای کرد کە ج.ف، گووتوویەتی: "ئاگاتان لێ بێت بە پۆلیس نەڵێن خۆی سووتاندووە". ئێستا ئەو ژنە لەنەخۆشخانەیەو رەوشی تەندروستی زۆر خراپەو پەشیمانە لەوکارەی کردوویەتی. بەڵام چیرۆکی ئەویش وەک کچان و ژنانی دیکەیەو هۆکاری سووتانەکەی دەشارێتەوەو ئاشکرای ناکات کە خۆی سووتاندووە یان سووتێندراوە؟

**هێژا شێخ مەمی**

ئەو کەسەی خۆی دەسووتێنێت یان بیر لەخۆسووتاندن دەکاتەوە، با باش بزانێت کە ئەوە نیشانەی لاوازی دەروونییەتی و زۆرترینی ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن ئامانجیان ئەوە نییە کە کۆتایی بەژیانیان بێنن، بەڵکو دەیانەوێت بەدەوروبەریان بڵێن کە کێشەیەکیان هەیە. بەڵام لەوە بێئاگایە کە بەو کارە ئەنجامێکی خراپتر بەدەست دەهێنێت. ئەگەربەدواداچوونێک بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانەی خۆیان سووتاندووەو هێشتا دەژین، پەشیمانن و حەز ناکەن بمرن. تەنیا دەیانەوێت کێشەی خۆیان لەو رێگەیەوە چارەسەر بکەن. ئەوە لاوازترین رێگەیە کە کچان و ژنانی ئەم کۆمەڵگایە پەنای بۆ دەبەن.



# ئەو كاتەی

## لەم ڕۆژگارە

مەریوان

**حەیات سەعا مردووە ...**

**حەیات سەعا مردووە ...**

**حەیات سەعا مردووە ...**

کام مەریوانی هەیە تەنها بۆ جارێکیش بووبێت ئەو ڕستەیە نەبیستبێت؟ یان لەوانەشە خۆی گوتبێتی!

حەیات پیرەکچێکی هەورامییە کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەمەریوان، دەژی. ئەو لەدنیایەکی خەیاڵیدا کە خۆی دروستی کردووە بۆ خۆی دەژی. لەدنیاکەی حەیاتدا کەسێک بەناوی سەعا برایەتی و براژن و برازایشی هەیە. لەدنیای ڕاستیشدا سەعا هەیە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە حەیاتەوە نییە. بەڵام ئەو هەر سوورە لەسەر ئەوەی کە سەعا برایەتی. چەند ساڵ لەمەو پێش کەریمیش برای بوو، واتە هەر بەو شێوەیەی کە سەعای کردبووە برای خۆی، کەریم ناوێکیشی بە برا دانابوو.

دەگێڕنەوە کە گوایە حەیات کاتی خۆی جارێکیان شووی کردوە، بەڵام شەوی زەماوەندەکەی کاتێ زاوا ویستوویەتی لەگەلی بخەوێت هاواری کردووە کە خەڵکە ئەم کابرایە دەیەوێ کاری خراپم لەگەڵ بکات و دواتریش لەدەستی هەڵهاتووەو ئیتر بۆ لەوەودوا حەیات قەد شووی نەکردووەتەوە.

پێستێکی ئەستوورو سەوزەی هەیە، کاتێ لە کەسێک دەڕوانێ چاوی مژمۆڵ دەکاتەوە، دەڵێی لەگەڵت دەدوێ و نادوێ یان بەپێچەوانەوە. هەمیشە گلەیی هەیە کە گوایە سەعای برای لێی دەدا، دەڵێ ئەها قاچم شین و مۆر بووەتەوە، سەیرکە باڵم چی لێ هاتووە.. دەڵێ هەموو ئێوارەیەک سەعا لێم دەدا.

"دەزانم هی چییە، براژنم فیتنەییم دەکات، ئا هی ئەوەیە ئەگینا کاکە سەعام ئەوەندە خراپ نییە".

تائاستی مردن براکەی خۆشدەوێ هەرچەندە لێی دەدات و ئازاری دەدات، بەڵام هەر خۆشی دەوێت.

زۆر لەمێژە منداڵانی شار بە خەبەری درۆیینی مردنی براکەی یان براکانی تووڕەی دەکەن؛

حەیات، سەعا مردووە

حەیات، کەریم مردووە

حەیات کاتێ ئەمە دەبیستێ بە بەرد لە دوایان دەکەوێت، هەر منداڵێکی بەر دەست



# شێتی تەنیا دەکەوێت

## خەیاڵ قڕانەدا هەموومان مەحکوومین بە ژیانی جدی

بکەوێت لێیدەداو دەیکاتە گریان. ئەڵبەت ئەمە تەنیا بۆ منداڵان نییە بەڵکو گەورەکانیش هەر بەوە تووڕەی دەکەن. کاتی وا هەیە کە زۆر تووڕە دەبێ و شووشەی ماڵ و دووکان یان هی ئۆتۆمبیەکان دەشکێنێت.

بەهاوین و زستان دوو قەمسەڵەی لەبەردایە یەکیکیان سوورێکی گەشەو ئەوی تریان نەختێ کاڵتر، هەریەکەو دوو سێ گیرفانی گەورە گەورەی هەیە کە هەمیشە پڕە لەخواردەمەنی، هەڵبەت نەک بۆ خواردنی خۆی، ئەو دەڵێ "بۆ منداڵەکانی سەعای دەبەمەوە". کراسە کوردییەکەی بەری هەندێجار ئاڵەو هەندێ جار شینێکی کاڵ. هەمیشە پێڵاوی پیاوانە لەپێ دەکات، قاچەکانی زل زل و قڵیش قڵیش لەقاچی پیاوی جووتیار دەچێ و، دەستەکانی زبرن وەک دەستی کرێکار.

وەک ڕاستیەک گەورەو بچووک، ژن و پیاو، کچ و کوڕی ئەم شارە لەهەر چینێکەوە بگرە لە حەیات، دەترسن. تەنانەت هەموو شێتەکانی تری شار. هەر لەبەر ئەوە دایک و باوکان بۆ ترساندنی منداڵەکانیان لە حەیات کەڵک وەردەگرن.

مەڕۆ دەرەوە حەیات لێت دەدا.

فڵانە کار مەکە ئەگینا حەیاتت بۆ بانگ دەکەم.

فڵان شت نەخۆی یان فڵان شت بخۆی حەیاتت بۆ بانگ دەکەم.

جا سەیر لەوەدایە ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان بە حەیات دەیانترساندن، ئێستا خۆشیان منداڵەکانیان بە حەیات دەترسێنن. حەیات بۆ منداڵانی مەریوانی، ڕۆڵی گورگانە شەوێی زوو دەگێڕێ. بەدڵنیاییەوە دەڵێم حەیات ڕاستەوخۆ لەپەروەردەی منداڵانی مەریوانیدا ڕۆڵی هەبووە.

لەناو گەورەکانیشدا حەیات، هەندێجار دەبێتە سەرگەرمی خەڵکانی بازاڕی. ئەوان کاتێ بێکارن حەیات، دەدوێنن و تووڕەی دەکەن، یان تەلەفوونی پێدەدەن و دەڵێن سەعا لەوبەری هێڵەوەیە فەرموو قسە بکە. ئەویش هەرکەس لەوبەری تەلەفوونەوە بێت بە سەعای دەزانێ، بۆیە دەست دەکا بەقسە کردن و گلەیی و بناشت و زۆر گوتەی تر. جاری وا هەیە ٢ کاتژمێر قسەی هەیە بۆ سەعای برای.

حەیات، بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڕوای بەدونیاکەی خۆی هەیە. لەگەڵ تێپەڕبوونی ئەم دوو دەیەدا یەک سەرە دەرزی گومان دزەی نەکردووەتە باوەڕەکانی، بگرە دونیاکەشی بەرفراوانتر کردووە، بەبڕوای ئەو، ئێستا سەعا هەرزەکارە گەورە کچی هەیە.

ئێستا حەیات پیر بووە، قەیرە کچێکی ماندوو کە خەم و خەفەت سیمای داپۆشیوەو خەریکە بخنکێ. نازانم چێ بڵێم، دەڵێن شێت خەفەتی نییە! باوەڕتان بێت حەیات، بەقەدەر هەموو دونیا خەفەتی هەیە. خۆ جارانیش هەر بووی، بەڵام لانیکەم خەڵک تاقەتیان هەبوو گوێ لەقسەکانی دڵی بگرن. لانیکەم شێتە هاودەورەکانی خۆی هەبوون و پێکەوە دونیایەکی خۆشیان بۆ خۆیان دروست کردبوو.

حەیات، بەتایبەت بە مردنی* "هەپە" زۆر لێی قەوما. هەستی بەدڵتەنگییەکی زۆر کردو خۆی لەدونیایەکی بێهاوڕێدا بینییەوە. حەیات ئێستا پەشیمانە، پەشیمانە لەوەی کە لەم چوارڕیان بۆ ئەو چوارڕییان بەدوای دەکەوت. پەشیمانە لەوەی لەبەیانییەوە تا ئێوارە بەتاڵە دەزوویەک دەیبەستەوە بەدارێکەوەو هەپە لە ترسا نەیدەوێرا خۆی بەر بدات.

کاتی خۆی تا حەیات بەگوڕ بوو ژن و منداڵ و پیاوی گەڕەکێکی دەکردە کون. جا بۆ نێر هەبوو لە پەنجەرەشەوە فزە بکات! کەی حەیات ئەوە بوو دوو سێ منداڵە لوسکەی گەڕەکی مامۆستایان گاڵتەی پێ بکەن. ئەو لەگەڵ دینارفرۆشەکانی مەیدانی ئیستادیۆم زۆرانی دەگرت، زیاتر لە ٤٠٠ تا ٥٠٠ دینارفرۆش لەوێدا بوون کاتێ مەیلی لێ بوایەت هەر هەموویانی بەجارێ ڕاودەناو مەیدانی چۆڵ.. چۆڵ دەکردو بە تەنیا دەمایەوە.

چی بڵێم، حەیات ئەم منداڵە وردانەی ئێستا هاتوون (شێتانی تازە) بەهاوشانی خۆی نازانێت لەڕاستیدا حەیات سەر بەمەکتەبێکی شێتی بوو کە ئێستا تاق و تەنیا بۆخۆی ماوەتەوە. هەموویان یان مردوون یان تەسلیمی دونیای واقیع بوون و پیرو پەککەوتە لەماڵەوە کەوتوون. حەیات تەنیاو تاک هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکەی خۆیەتی و قاچەکانی کفت، لێوەکانی وشک و شانی قورس و هەناسەی بڕاو و خەریکە بەرەو کۆتایی تەمەن دەڕوات.

ئێستا حەیات، هیچ حەز لەوە ناکات کە مەیدانەکە چۆڵ بکات. ڕۆژانە تاک و تەنیا ملی ڕێی زرێبار دەگرێت و بە ورتە ورت و لە ژێر لێوەوە بە زاراوەی هەورامی بە باڵای سەعای برایدا گۆرانی دەڵێت.

* هەپە. پیاوێکی شێت بوو کە نێوانی لەگەڵ حەیات زۆر خۆش بوو، بەڵام هاوکات زۆر لە حەیات دەترسا.

**ئا/ بنار**



# ژنانی تەڵاقدراو ململانێ لەگەڵ ژیانێکی دژوار دەکەن

دهۆک

شارەزایان و شرۆڤەکارانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، رایدەگەیەنن کە ئەو ژنانەی، دوور لەقانوون و لەدەرەوەی دادگاکان تەڵاقدراون، لەبواری ئابووری و دەروونی و خێزانییەوە بەرەورووی ئاستەنگ و هەڕەشەی گەورەی ژیان دەبنەوەو ژنانیش دان بەو راستییەدا دەنێن. هەروەها ئەو ژنانەی کە تەڵاقیان وەرگرتووەو خاوەنی هیچ داهاتێک نین و منداڵیان هەیە، ئەوا دەبنە "قوربانی" و لەگەڵ ژیانێکی سەختدا ململانێ دەکەن.

بەپێی ئامارەکانی دادگای دهۆک کە لەژمارە ٨ ی گۆڤاری وارڤیندا بڵاو بووەتەوە لەساڵی ٢٠٠٨، لەپارێزگای دهۆک ٤٥ حاڵەتی تەڵاق تۆمارکراوەو لە٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ٤١ حاڵەتی تەڵاق، هەبووە.

پارێزەر مەردان تاهیر، لەدادگای زاخۆ سەبارەت بەمافی ژنانی تەڵاقدراو لەرووی قانوونییەوە دەڵێت کە ئەگەر ژنێک تەڵاقدرا بێت، بەڵام دۆخی پێویستی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی هەبێت، ئەوا مافی خۆیەتی کە خاوەندارێتییان بکات بەومەرجەی"ئەگەر ژنەکە شووی نەکردبێتەوە، یان باری دەروونی خراپ نەبێت". بەڵام ئەو پارێزەرە باسی لەوەش کرد ئەگەر ژنەکە شووی کردووەو پیاوەکەشی بەخێوکردنی منداڵەکانی نەگرتە ئەستۆی خۆی، ئەوکات مافی بەخێوکردنی منداڵەکان بۆ مێردی یەکەمی ژنەکە دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەگەر پیاوی یەکەمجاری مردبێت، ئەوکات بەمەرجێک مێردی دووەم قبووڵ بکات، منداڵەکان دەتوانن لەلای ئەو گەورە بن. لەبارەی نەفەقەی ژنەوە ئەگەر ژنێک تەڵاق بدرێت و دوای سێ مانگ پیاوەکە ژنەکەی نەگەڕاندەوە، بەپێی گوتەی پارێزەر مەردان، ئەو ژنە دەتوانێت داوای نەفەقە بۆ خۆی و منداڵەکانی بکات. هاوکات ئەگەر لەدەرەوەی دادگادا تەڵاقدرابێت، دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات و پیاوەکە بەرەورووی قانوون بکاتەوە. لەوبارەیەوە توێژەری کۆمەڵایەتی خاتوو سومەیە سەعید، نالەباری رەوشی ژنان لەکاتی تەڵاق وەرگرتندا دەخاتەڕوو و دەڵێت کە پیاوان نایەنە ژێر باری قانوون،"بەداخەوە پیاوان دڵی ژنانی تەڵاقدراو کون دەکەن، تا نەفەقەیان پێدەدەن و هەر جارەو بیانوویەک دەگرن، تاخۆیان لەبەخشینی نەفەقە قورتار بکەن". چالاکوانانی بواری ژنان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، گومانیان لەسەر ئامارەکانی تەڵاق هەیە لەدادگاو پێیانوایە ئەو رێژەیە رووی لەزیادبوون کردوە. بەبۆچوونی سومەیە سەعید،"رێژەی تەڵاقدان لەم ساڵانەی دواییدا هەڵکشاوە" و بۆ نموونە" لەم دەڤەرە بەهۆی زاڵبوونی پرسی عەشیرەتگەری بەسەر یاسادا، تەڵاق لەدەرەوەی دادگاکان زۆرەو ئەوەش ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ ژنان".

## رۆژە سەختەکانی ژیان

ئالان سوبح، ژنێکی تەمەن ٣٧ ساڵییەو بەهۆی هەبوونی کێشە لەنێوان خۆی و مێردەکەی تەڵاقدراوەو "بەناچاری رووی لەماڵی باوکی کردووەتەوە".

ئالان، روویەکی تری گرفتەکانی ژنی تەڵاقدراو دەخاتەڕوو،"رۆژانە لەلایەن دایک و برا و خوشکەکانمەوە بەرەورووی قسەی ناشیرین و کێشە دەبمەوەو پێمدەڵێن، گەر باش بوویتایە تەڵاق نەدەدرایت". هێڤی ناوی ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵە. بەپێی قسەکانی، خۆی و ٣ منداڵەکەی لەلایەن مێردەکەیەوە دەرکراون و پاشان تەڵاقدراوە. هێڤی، ئێستا لەماڵی باوکی خۆیدا نیشتەجێیە،" من و دوو کچ و کوڕەکەم کە تەمەنیان ٧-٨-٩ ساڵانە، زۆرجاران پێکەوە دادەنیشین و بۆ حاڵی خۆمان دەگرین. براژن، خوشک، براکانم لۆمەم دەکەن و قسەم پێدەڵێن و منداڵەکانیان بەمنداڵەکانم دەڵێن، بۆچی باوکی ئێوە لەماڵ دەریکردوون، مەگەر دایکتان چی کردبوو". ئەو ژنە ماوەی ئەو حەوت مانگەی لەهاوسەرەکەی جیابووەتەوە وەک"رۆژە سەختەکانی ژیان" ناودێر دەکات.

## لۆمەو ژنانی تەڵاق

بەڕای دەروونناسان، ئەو ژنانەی کە تەڵاقدەدرێن و بەتایبەت کە منداڵەکانیشیان لەگەڵدا دەبێت، تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن. دەروونناس ئیسماعیل عەبدوڵڵا، کاریگەرییەکانی قسەی خەڵک لەسەر باری دەروونی ئەو ژنانە باس دەکات:"بەردەوام دەوروبەر لۆمەی ژنەکە دەکەن و بێبەزەییانە پێیدەڵێن، تۆ ژنێکی باش نیت. ئەوەش رۆژ لەدوای رۆژ کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی ژن دادەنێت و هەندێکجار تووشی نەخۆشیگەلی دەروونی دەکات و ئەوەش دەیگەیەنێتە رادەیەک کە بیر لەخۆکوژی بکاتەوە".

## بەزۆر منداڵەکانیان لێ وەردەگرنەوە

توێژەری کۆمەڵایەتی سومەیە سەعید، سەبارەت بەرەوشی ئەو ژن وپیاوانەی کە خاوەن منداڵن و جیادەبنەوە دەڵێت:"پیاو بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات منداڵەکانی لەژنەکە وەربگرێتەوە، بۆ گەیشتن بەو مەرامەش پەنا دەباتە بەر قسەی بێڕەوشتی و زۆر شتی نارەواو نادروست بۆ ژنەکە دروست دەکات، تا نەفەقە نەدات و منداڵەکانی لێ وەربگرێتەوە". ئاماژە بەحاڵەتێکی تری بێچارەیی ژنانیش دەکات کە هەندێجار کەسوکاریان منداڵەکانیان بۆ بەخێوناکەن و بەناچاری دەیاندانەوە باوکیان، لەوێشەوە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەست پێدەکەن و کاریگەری خراپی لەسەر بەجێدەهێڵن.

## "دایک بە تەنیا ناتوانێت خاوەندارێتی منداڵ بکات"

لەبارەی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵانەوە، دەروونناس ئیسماعیل عەبدوڵڵا، پێیوایە، کە دایک بەتەنیا ناتوانێت منداڵ پەروەردەبکات. وەک باسی دەکات کە ئەو منداڵانە تا گەورە دەبن لەژێر گوشاری دەروونی خراپدا دەژین و بەرەورووی رەفتاری ناشیاو دەبنەوە. هەر بۆیەش کاتێک هەندێک

www.netewe.com



لەو منداڵانە گەورە دەبن، دەبنە قوربانی تەڵاق و بەهۆی ئەوەی هەڵسووکەوتێکی باشیان لەگەڵدا نەکراوە مرۆڤی خراپیان لێ دەردەچێت. ئەمەش زیان بەخۆیان، خێزانەکەیان و کۆمەڵگا دەگەیەنێت. ئەو دەروووننناسە، گوتیشی کە زۆرجار،" ئافرەت بەهۆی کەمدەرامەتی، بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان تووشی هەڵەی گەورەدەبن".

## ٣١ ژنی تەڵاقدراو مووچە وەردەگرن

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مووچەیەکی بەبڕی ٣٠٠ هەزار دیناری بۆ ژنانی تەڵاقدراو بڕیوەتەوە، بەڵام بەقسەی شارەزایانی ئابووری، ئەگەر سەیری ڕەوشی هەرێمی کوردستان بکەین ئەو مووچەیە پێداویستییەکانی ژنانی یەک کەس دابین ناکات، نەک چەند منداڵێکیش. بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگای دهۆک حسێن عەلی، ئاماژەی بە٣١ ژنی تەڵاقدراو کرد، کە مانگانە لەلای ئەوان مووچە وەردەگرن."ڕاستە ئەو مووچەیە کەمەو ڕێژەیەکی بەرزتر لەو ژنانە هەیە کە پێویستیان بەو مووچەیە هەیە. بەردەوام ژنانی تەڵاقدراو فۆرممان پێشکەش دەکەن، بەڵام ئێمە ناتوانین ڕێژەیەکی بەرز وەربگرین". ڕێژەی ژنانی تەڵاقدراو لەپارێزگای دهۆک بەدروستی نازانرێت، بەڵام حسێن عەلی، گەشبینە کە ئەو ڕێژەیە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئاشکرا دەبێت،"ئەگەر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی عێراق دەستبەکار بوو، ئێمە داوا لەخەڵکی دەکەین کە بێن ناوی خۆیان بۆ وەرگرتنی هاوکاری تۆمار بکەن و بەوشێوەیەش ڕێژەکە دیاری دەکرێت".

## چارەسەر لای حکوومەتە

بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە توێژەری کۆمەڵایەتی سومەیە سەعید، بەپێویستی دەزانێت کە حکوومەت خاوەندارێتی لەو ژنانە بکات."بوونی مووچەیەکی وەک چاودێری کۆمەڵایەتی کە لەئاستی پێویستدا نەبێت، قەت نابێتە هۆی ئەوەی کە ژن بەئاسانی ژیانی بەڕێوەبچێت، یان تووشی هیچ هەڵەیەک نەبێت". سومەیە، بەهێزکردن و جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی بەگرنگ دەزانێت،"هێشتا یاسای باری کەسێتی وەک پێویست بەهێز نییەو لەم دەقەردا عەشیرەتگەری زاڵە". بەبڕوای ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ژنانە، ڕەخساندنی هەلی کار و کردنەوەی کارگەو شوێن بۆ کارکردنیان پێویستەو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وردەوردە بتوانن لەبواری ئابوورییەوە پشت بەخۆیان ببەستن و ئەوەندە لەماڵ نەمێننەوەو گوێ لەلۆمەی کەسووکاریان نەگرن.

## پەرلەمان یاسای دەرکردووە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە

لەخولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەک دەرکراوە کە بەپێی یاساکە، ئەو ژنانەی تەڵاقدەدرێن، تا کارێک دەدۆزێتەوە یان شوو دەکاتەوە پێویستە مووچەیەکیان بۆ ببڕدرێتەوە. هەر لەو یاسایەدا چەندین ماددەی تێدایە کە لەبەرژەوەندی ژناندایە. کوێستان محەمەد، ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان، دەرکردنی ئەو یاسایەی بەهەنگاوێکی ئەرێنی وەسف کرد، هاوکات نیگەرانی خۆی لەجێبەجێنەکردنی یاساکە دەربڕی. کوێستان کە ئێستاش سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی گۆڕانە لەپەرلەمانی کوردستان گوتی:"ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراوەو کاری پێنەکراوە".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی، پێیانوایە کە دەبێ ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان، خاوەندارێتی لەو یاسایە بکەن و لەبارەی جێبەجێکردنی یاساکانەوە، لێپێچینەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان بکەن. پەیام ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان بە وارڤینی ڕاگەیاند کە ئەوان لەبەرنامەیاندایە کە بەدواداچوون لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان بکەن. ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە ڕێوشوێنی جیددی بۆ لێپێچینەوە لەجێبەجێنەکردنی ئەو یاسایەو یاساکانی دیکە دەگرنەبەر. هەروەها سومەیە سەعید، ڕەخنە لەڕێکخراوەکانی ژنان دەگرێت کە"تائێستا لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاساکانەوە هیچ گوشارێکیان نەخستووەتە سەر حکوومەت".



بەرەڤان ئەحمەد

www.netewe.com

# پڕۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی

# گۆڕان پێداگرەو کوردستانی رەتی دەکاتەوە

هەولێر

دوای ئەوەی پڕۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی ماڵەوە لەلایەن لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، خرایەڕوو کە تێیدا باسی پێدانی مووچە بۆ ژنانی ماڵ دەکات. ئەو پڕۆژەیە لەلایەن لیستی کوردستانی بەبیانووی ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری تەمبەڵکردنی ژنان، رەت دەکرێتەوە.
بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، هەندێ لەژنانی هەرێمی کوردستان لەقۆناغی ئێستادا لەماڵەوە دانیشتوون و بێکارن.
لیستی گۆڕان کە ٢٥ کورسی لەپەرلەمان هەیە، لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا پڕۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی ماڵ، خستە بەردەم پەرلەمانتارانەوە. لەخاڵی یەکەمی دەقی ماددەی سێیەمی پڕۆژە یاساکەدا ئەو ژنانە دیاریکراون کە پڕۆژەیاساکە دەیانگرێتەوەو ئەوانیش ئافرەتی شووکردوو، تەڵاقدراو ئەو بێوەژنەی کە مێردی مردووەو لەتەمەنی (روشد) دابێت، دەگرێتەوە. بەو مەرجەی کە ئەو ژنانە لەهیچ فەرمانگەیەکی حکوومی یان ئەهلی دانەمەزرابن و هیچ مووچەیەکیان نەبێت و هیچ داهاتێکی دارایی چەسپاو و سەربەخۆی نەبێت.
لەخاڵی دووهەمی ماددەکەدا، ئاماژە بەو کچانە کراوە کە شوویان نەکردووەو تەمەنیان لەوادەی شووکردن تێپەریوەو لە یاساکەدا بە(قەیرە) نابراون. هەروەها مەرجی ئەوە دانراوە کە دەبێت ئەو کچە تەمەنی لەچل ساڵ تێپەڕی بێ و هیچ دەرفەتێکی دامەزراندنی لەفەرمانگەکانی حکومەت نەبووبێت یان دەرفەتی کارێکی ئازادی نەبووبێت و نەخوێندەواری یان خراپی باری جەستەیی و عەقڵی یان رێگرییە کۆمەڵایەتییەکان بوونە هۆکاری کارنەکردنی.
خاڵی سێیەمی پڕۆژەیاساکە باس لەوە دەکات کە ئافرەتی شووکردوو کە شازدە ساڵی لەتەمەنی تەواو کردبێ، وەک ژنێکی پێگەیشتوو واتا تەمەنی (روشد)ی بۆ حیساب دەکرێ.



رۆناک شوانی

## ”پڕۆژە یاساکە ژن تەمبەڵ دەکات“

ئەندامی فراکسیۆنی لیستی کوردستانی پەرلەمانتار سەمیرە محەمەد، لەگەڵ دانانی یاسایەکی لەمجۆرە نییەو و بەبۆچوونی ئەو و لیستی کوردستانی“ئەو پڕۆژەیاسایە بۆ تەمبەڵکردنی ژنان و ناردنەوەیان بۆ ماڵەوەیە“.
سەمیرە محەممەد، ئاماژە بەرەتکردنەوەی پڕۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی ماڵەوە دەکات. ئەو پەرلەمانتارە وایبۆدەچێت کە ئەو پرۆژەیاسایە ژنان تەمبەڵ دەکات و وادەکات کە ئەو ژنانەی لەدەرەوەی ماڵیش کار دەکەن، روو لەماڵەوە بکەن. وەک دەیڵێت ئەو پرۆژەیاسایە کاردەکاتە سەر رێژەی زۆربوونی نەخوێندەواری، چونکە بەشێکی زۆر لەژنان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لەتەمەنێکی زۆردا پەنا دەبەنەوە بەر خوێندن، تا لەداهاتوودا ژیانی جێگر بێت. بەڵام ئەگەر مووچەی



کوێستان محەمەد

هەبێ ئەو هەوڵە نادات. هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، لەپەرلەمانی کوردستان کوێستان محەممەد، لەبارەی ئەو رەخنانەی لەکاتی خوێندنەوەی یەکەمدا لەپڕۆژەیاساکە گیراوە، گوتی:“ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن گوایە ئەو یاسایە ژن تەمبەڵ دەکات وانییە، ئەوانە پڕۆژەکەیان بەتەواوی نەخوێندووەتەوەو تێینەگەیشتوون“. کوێستان، باس لەوەدەکات کە ئەوان لەلیستی گۆڕانەوە پڕۆژەی بیمەی ژنی ماڵەوەیان پێشکەشی پەرلەمان کردووەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێستا دراوە بەلێژنە پەیوەندیدارەکان، ئەوان دەبێ راپۆرتی خۆیان لەبارەوە بنووسن، ئەو کات راپۆرتەکە رادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت، تادانیشتنی پەرلەمانی لەبارەوە ئەنجامبدرێت.

www.netewe.com

## تەنیا لەسەر شاشە لەخزمەتی ژنان دان

ئەو کچێکی باڵابەرزی پێست سپی بوو. چاوە رەشەکانی دونیایەک مەینەتی تێدا دەخوێندرایەوە، تەمەنی٣٦ ساڵە. لەگەڕەکی زانایانی شاری هەولێر نیشتەجێیە. ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی ٣ کەسە. ئەو باس لەوەدەکات کە هیچ سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی نییە. چونکە باوکی پێش چەند ساڵێک بەرووداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستداوەو خۆیشی بەهۆی مردنی دایکییەوە وازی لەخوێندن هێناوەو خوشک و براکانی بەخێو کردووە. ئەو دەڵێت"ژنانی خاوەن دەسەڵات، تەنیا لەسەر شاشە لەخزمەتی ژناندان، لەکاتەکانیتر تەنیا بیر لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەنەوە". ئەو کچە داوا لەحکومەت دەکات"مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە".

روقیە، باوکی نییەو بەتەنیا لەگەڵ دایکی ژیان بەسەر دەبات. ئەو بەکاری چنین و دایکی بەکاری مامانییەوە، بژێوی ژیانیان دەگوزەرێنن. روقیە، کە تائێستا شووی نەکردووە، دەڵێت پێویستە حکومەت مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە، تا لەو ژیانە سەختە رزگاریان ببێت.

## پرۆژەیاساکە پێویستە

پسپۆڕی یاسایی د.تاڤگە بوستانی، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان بەکارێکی گرنگ دەزانێت،بەڵام هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت پەلە لەدانانی یاسا بکرێت چونکە ئەو کارە کاتێکی زۆر و دیراسەیەکی وردی دەوێت. ئەم یاساناسە پێیوایە بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی دەکرێت سوود لەیاسای چاودێری کۆمەڵایەتی عێراقی وەربگیرێت، کە لەساڵی ١٩٨٠دا دەرچووە، "دەکرێت ئەم یاسایە هەمواربکرێتەوە کە تایبەتە بەدابینکردنی مووچەو هاوکاری دارایی بۆ ئەو ژنانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نییە یان ئەوانەی بێوەژن یان پەککەوتەن چونکە ناکرێت بۆ هەر پرۆژەیەک یاسایەک بەجیا دەربکەین".

لەهەمانکاتدا د. تاڤگە، هاندانی ئافرەتان بۆ کارکردن لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا بەپێویست دەزانێت و دەڵێت، پێویستە ژنانیش فێری هەوڵدان بکرێن، بەڵام ئەگەر ژنێک نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت و پەککەوتەبێت شتێکی ترە ئەگەرنا"ژن بۆ خۆی کەسێکی کارایە".

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان گەشە دارا، گوتی، ئەو پرۆژەیاسایە لەلیژنەکەی ئەوان گفتووگۆی لەسەر نەکراوە، چونکە دانانی یاسایەکی لەوجۆرە پێویستی بەزانینی رێژەی ژنانە لەماڵەوەو لێکۆڵینەوەی زیاتری دەوێت. گەشە، پێیوایە ئەگەر یاسایەکی لەمجۆرە دابنرێت ئەوا، ژنان بۆ چوارچێوەی ماڵ دەگەڕێننەوە لەجیاتی هاندان بۆ پرۆژەو بەرهەمهێنان تەنیا کابانی ماڵ دەبن. وەک دەیڵێت دوور نییە ژنانی خاوەنکاریش بگەڕێنەوە چوارچێوەی ماڵ و واز لەکارکردن بهێنن. گەشە دارا، سەربەخۆیی ئابووری ژنان بەخاڵێکی گرنگ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ژنان وەسفدەکات و هاوکات پشتیوانی کردن لەژنانیش بەئەرکی هەموو لایەک دەزانێت. پێشنیوایە، پێویستە بیر لەدەرکردنی یاسایەک بکرێتەوە کە حکومەت توانای جێبەجێکردنی هەبێت.

بیمەی بێکاری وەک بەشێک لەسیستەمی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و لەپێناو خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەو دەکرێت. ئەوەش وەک مافێکی سەرەتایی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەسەر دەوڵەتەوەیە کە لەکاتی بێکاری و نەخۆشیدا بیمەیەک هەبێت کە بتوان پێداویستیەکانی ژیانیانی پێ دابینبکەن. لەوانەش بیمەی رەفاهییەتی کۆمەڵایەتی کە بیمەی بێکاری و بیمەی نەخۆشی بەشێکن لەو مافە کۆمەڵایەتیانە لەوڵاتانێکی وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا و سوید، کە لەم دواییانەدا ئەو گۆڕانکارییانە تیایاندا روویدا، کاریگەری راستەوخۆی نێگەتیڤی لەسەر ئاستی ژیانی خەڵک دانا بەتایبەتیش خەڵکانی پیر و نەخۆش و بێکار. ئەم وڵاتانەش باری ئابووریان باشەو توانای ئەوەیان هەیە کە بەرنامەی ئابووریان بە شێوەیەک دابڕێژن کە لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێت و کار نەکاتە سەر ئاستی داهاتی تاک و بیمە کۆمەڵایەتیەکان.

هەر لەوبارەیەوە نووسەر و چالاکوانی بواری ژنان روونـاک شوانی بەوارڤینی راگەیاند:" هەموو پێوەرە ئابوورییەکان ئەوە دەردەخەن کە حکوومەت توانای هەیە کە بیمە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەیش بیمەی بێکاری بۆ هەموو تاکێک دابینبکات. دابینکردنی ئەو بیمەیە لەئێستادا بۆ ژنانی بێکار زۆر پێویستە. لەبەرئەوەی ژنانی



گەشە دارا

بێکاری کوردستان، نەوەی سەردەمێکی ژیانی سەختی کۆمەڵگای کوردستانن، نەوەی سەردەمی جەنگ و ئەنفالن کە سەختترین قۆناغی ژیانی کۆمەڵگاکەی ئێمە بوو. ئەو پاکتاوکردنەی کە ژن بەشێکی زۆری لەو زیانە بەرکەوت. ئەو ژنانە ئەمڕۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێمەیان پێکهێناوە، بۆیە مافی ئەوەیان هەیە بەسەر حکوومەتەوە کە هیچ نەبێت سەرچاوەیەکی ئابووریان بۆ دابینبکات کە پشت بەگیرفانی خۆیان ببەستن و چیتر دەست لەباوک و مێرد و کوڕەکانیان پان نەکەنەوە".

بەڕای روونـاک، ژنی ماڵەوە ئەرکێکی یەکجار قورسی لەئەستۆیەو، ئەویش بەخێوکردنی منداڵ و کاری ماڵەوەیە کارێکی وەها سانا نییە کە ژن بێبەرامبەر ئەنجامی ئەدات. دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەتایبەتیش ژنانی بێکار، کۆمەڵگایەکی تەندروستتر بەرهەمدەهێنێت کە تیایدا یەکسانی تاڕادەیەک بەرقەرار دەبێت، دایکێکی سەربەخۆ و منداڵێکی ئازاد پەروەردە دەکات.



**ئاڤان فارس جاف**

www.netewe.com

# کوشتنی ژنان تاکەی بەردەوام دەبێت؟

# تریفه ئەو ژنەی دوای سەربڕین ڕۆمانێکی جێهێشت

رانیه

“چوومە ژووری میوان بینیم، تریفە محەمەد، خـرابـووە نێوان قەنەفەکان و منیش ویستم هەڵیستێنم بینیم کە گۆشەی سەر قەنەفەکەی لەسەر ملی دانرابوو، کە بەرزم کردەوە یەکسەر ملی بەپشتدا کەوت. زۆر ترسام! چونکە تەنیا پێستی پشتەملی پێوە مابوو. هاوارم کردو بەپەلە دراوسیکانم ئاگادار کردەوە“. ئەمە گوتەی خوشکی ئەو ژنەیە کە لەگوندی گرجان، شەوی سەربڕانی خوشکەکەی وەها دەگێڕێتەوە.

شەوی ٨/٧ی ١٢ای ٢٠٠٩ ژنێکی گەنج بەناوی تریفە ، لەماڵەکەی خۆیدا سەردەبڕدرێت. ئەو ژنە ماوەی سیانزەساڵە شووی کردووەو خاوەن سێ منداڵەو ماڵی لەگوندی گرجانی چوارقوڕنەیە. تائێستا تاوانبار یان تاوانباران دەستگیرنەکراون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتووە، ئەو شەوە کە تاوانەکە ئەنجامدراوە هاوسەری تریفە ، لەماڵەوە نەبووە. کە ئێمە وەک وارڤین چووینە شوێنی ڕووداوەکە هەمووان پەشۆکا بوون و نیشانەی پرسیار لەروخسارياندا دیاربوو. کچە بچووکەکەی تریفە ، بەباوەشی خوشکی دایکییەوە دەگریا. دایکی تریفە ، بەدەم گریان و پاڕانەوەوە دەیگووت:“کچەکەم لەئاوی حەیات پاکتر بوو. ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەسدا نەبوو. لەگەڵ هاوسەرەکەیدا یەکتریان زۆر خۆشدەویست“.

د.م، خوشکی تریفە ، تەمەنی ١٤ ساڵەو شەوی روداوەکە لەماڵی تریفە ، بووە. هەر شەوێک کە هاوسەری تریفە ، لەماڵ نەبووبێت براکەی لەماڵی ئەو خەوتووە، بـەڵام ئەو شـەوە خووشکەکەی لای خەوتووە. بەپێی قسەکانی د.م، ئەوە شەوە تا درەنگ لەگەڵ خوشکەکەی سەیری فیلمیان کـردووەو بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:“درەنگانی شەو خەوتین. بەنیازبووین بۆ بەیانی نان بکەین. بەیانی کە هەستام تریفە ، لەجێگای خەوتنی نەمابوو. منیش وامزانی چووە لەسەربان نان بکات. دوای ئەوە کوڕەکەی گوتی کوا دایکم، چووە ژووری



کوژراو تریفە محەمەد

میوان کە هاتە دەرەوە پێی خوێنی پێوەبوو. چوومە ژووری میوان بینیم، تریفە، خرابووە نێوان قەنەفەکان و منیش ویستم هەڵیستێنم و گۆشەی سەر قەنەفەکەی لەسەر ملی دانرابوو، کە بەرزم کردەوە یەکسەر ملی بەپشتدا کەوت. زۆر ترسام! چونکە تەنیا پێستی پشتەملی پێوە مابوو. هاوارم کردو بەپەلە دراوسیکانم ئاگادار کردەوە“.

دراوسێکانی تریفە ، دڵتەنگی خۆیان پیشاندەداو

www.netewe.com

دەیانگووت، ئەو ژنە زۆر باشبووەو کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە. تەنیا یەکێ لەدراوسێکان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات بەچرپەوە گوتی:"ماڵی خەزووری رقیان لێبوو و شووبرایەکی لەگەڵی زۆرخراپ بوو". زۆر لەناسیارانی تریفە ، قسەیەک دووپاتدەکەنەوە کە "تریفە ، بێگوناه بوو. هەموو تاوانەکەی ئەو ئەوەبووە کە زۆر جوان بوو، بۆیە هەمیشە لەسەر زاران و خەڵک چاویان زۆر لەسەربوو. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ماڵی شووبراکەی کێشەی بۆ دروست بکەن". ژنە دراوسێیەکی تریفە ، بەناوی ش.ن گوتی:"ئەو ژنە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبوو. ژنێکی زۆر پاک بوو. لەگەڵ مێردەکەی زۆر یەکتریان خۆشدەویست. ئێمە ماوەیەکە دەیانناسین و هیچ کارێکی ناشیاوم لەو ژنە نەبینیووە، تەنیا ژنێکی زۆر جوان و لەگەڵ خەڵکدا کراوە بوو. بەراستی ئەوە تاوانێکی گەورە بوو بەرامبەری کرا". پورە ج.ش، دراوسێیەکی تریانە. وەسفی تریفە ، دەکرد،"ئەو ژنە زۆر فەقیرو بێدەنگ بوو. لەماڵ نەدەهاتە دەرەوە. ئەو شەوەش ئێمە گوێمان لەهیچ دەنگ و چرپەیەک نەبوو کە جێی گومان بێت". هاووڵاتییەکی گرجان، کە نەیویست ناوی خۆی

**"لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە سەردانی شوێنی تاوانەکەمان کرد، بەڵام هیچ ئاسارێکمان دەستنەکەوت، بەڵام لەسەر جێگای خەوتنی تریفە محەمەد، کتێبێکی رۆمانی لێبوو بەناوی ئەمشەو فرمێسک ئەرژێ، لاپەڕەیەکی کتێبەکە نووشتابووەوە دوادێڕی نووساربوو ئەمشەو لەپێناو خۆشەویستی تۆدا دەمرم"**

ئاشکرا بکات گوتی:"ئەو ماڵە پێشتر لەگەڵ ماڵی شووبرایەکی کێشەیان هەبوو و بەوهۆیەوە لەگوندی قەرەنیاغا دەریانکردن و بۆیە هاتنە گرجان. چونکە شووبراکەی دەیگووت، هەڵسووکەوتی ئەو ژنەم بەدڵ نییە، هاوسەرەکەشی باشبوو لەگەڵی و بڕیاری دەدایە دەست تریفە ". هەمان سەرچاوە گووتیشی:"کەس شتێکی خراپی لێنەبینیوە تەنیا شووبراکەی قسەی بۆ دروستدەکرد، بەڵام ژنێکی جوان بوو. لەگەڵ خەڵکدا کراوەبوو. بەهەرحاڵ ئەوە تاوانێکی گەورەیە و خەڵکی ناوچەکەی تاساندووە. هیوادارم بەزووترین کات تاوانبار دەستگیربکرێت".

تریفە ، خاوەنی سێ منداڵە، دووکچ و کورێک بەناوی گ، گە، ت. کچە دوانزە ساڵانەکەی بەناوی گ، لە پرسەی دایکی هاتووچۆی دەرکرد، هاتە لای ئێمەو گووتی:"دایک و باوکم هیچ شەڕیان نەدەکرد".

بەڕێوەبەری نوسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەرانیە، رائید حەسەن خۆشناو، بەوارڤینی راگەیاند:"لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە سەردانی شوێنی تاوانەکەمان کرد، بەڵام هیچ ئاسارێکمان دەستنەکەوت، بەڵام لەسەر جێگای خەوتنی تریفە ، کتێبێکی رۆمانی لێبوو بەناوی ئەمشەو فرمێسک ئەرژێ، لاپەڕەیەکی کتێبەکە نوشتابووەوە دوادێڕی نوسرابوو ئەمشەو لەپێناو خۆشەویستی تۆدا دەمرم". بەپێی زانیارییەکان، تریفە ، گۆڤارو بڵاوکراوەی خوێندووەتەوە، بەڵام ماڵەکەی تریفە ، هیچ کتێبی تێدانییە، بۆیە گومان دەکرێ کە ئەو کتێبە هی تریفە ، نەبووبێت و بۆی دانرابێت. بەپێی گوتەی رائید حەسەن، هیچ دەرگایەکی ماڵەکە نەشکاوەو تەنانەت ناوماڵیش بڵاو نەکراوەتەوە. هاوکات دایکی تریفە ، دەڵێت:"دوو دەرگا شکاوەو چەقۆیەکی گەورەش جێماوەو سەر مەغسەلەکەشیان خوێنی لێبووە کە پێدەچێت دوای ئەنجامدانی تاوانەکە لەوێ دەستیان شۆریبێت". رائید حەسەن، ئاماژە بەهەبوونی گومان لەسەر هەندێ کەس دەکات کە ئێستا دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە. دایکی تریفە ، ئاماژە بەبردنی ئاڵتوونەکانی کچەکەی و مۆبایلەکەی دەکات. بەپێی قسەکانی سەرچاوەیەکی نزیک لەرووداوەکە، لەوانەیە مۆبایلی تریفە ، بۆ ونکردنی دوا ژمارە تەلەفۆن بێت کە بۆی هاتووە بۆیە پێویستە پۆلیس لەرێگەی کۆمپانیای تەلەفۆنەوە هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییانە بدات کە ئەو شەوە بۆ تریفە ، کراون". هاوسەری تریفە ، ناوی م.ک، و پێشمەرگەی بنکەیەکی سەربازی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتووە، ئەو شەوەی ئەو کارەساتە روویداوە، م.ک، لەماڵ نەبووەو لە قەلاچوالان لەدەوام بووە. هەربۆیەش کەسانی دەرووبەری رووداوەکە دەڵێن:"گومانەکە ئەوەیە کە چۆن زانراوە ئەوشەوە م.ک، لەماڵەوە نییە.

هەر کاتێک م.ک، لەماڵ نەبووبێت، براکەی لای تریفە ، خەوتووە بۆچی ئەو شەوە خووشکەکەی لایبووە". بەپێی قسەکانی ئەو سەرچاوەیە، ئەوانە هەموو ئەو گومانە دروستدەکەن کە "لەوانەیە تاوانبار لەکەسە نزیکەکانی تریفە ، بن".

## بەیاننامە دەردەکەن!

دەڤەری بیتوێن یەکێکە لەو دەڤەرانەی کە زۆرترین رێژەی توندوتیژی دژ بەژنانی تێدا ئەنجامدەدرێت. لەماوەی یەک مانگدا تەنیا لەگوندی گرجان، ئەو گوندەی کە تریفە ، لێ تیرۆرکراوە، دوو ژن کوژراون. چەند رۆژێک بەر لەسەربڕینی تریفە ، ژنێکیتر خنکێندرا. وێڕای هەبوونی لق و رێکخستنەکانی یەکێتییەکانی ژنان و ئافرەتان، کاری پێویستی ئەوتۆ بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو توندوتیژیانە نەکراوە. دوای کوشتنی تریفە ، هەردوو رێکخراوی یەکێتی ژنان و ئافرەتان کە خاوەنی دەسەڵاتی زۆرن لەکوردستاندا خەریکی دەرکردنی بەیاننامەن. لێپرسراوی لقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەرانیە بەدیعە خدر، دەڵێت:"ناڕەزایی خۆمان دەربڕین و داوامان لەچەند رێکخراوێکی دیکە کردووە کە بەیەکەوە بەیاننامەیەک دەربکەین". بەدیعە، ئاماژە بەزۆرترینی ئەنجامدانی توندوتیژی لەدەڤەرکەیان دەکات و هاوکات داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکات کە بکوژان دەستگیر بکات. لێپرسراوی بەشی کۆمەڵایەتی لقی راپەڕینی یەکێتی ژنانی کوردستان، سەبارەت بەتیرۆرکردنی تریفە ، گوتی:"ئێمە ئەو کارە سەرکۆنە دەکەین و بێدەنگ نابین و بەرنامەمان دەبێت".



گوڵە ئەحمەد




یارییەکانی پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی ژنانی جیهان لە چین بەردەوامە

## دوو یانەی کوردستان بەشداریی تێدا دەکەن

# ئاداری داهاتوو، پاڵەوانیەتیی باسکەی ژنانی ڕۆژئاوای ئاسیا لە هەولێر دەکرێت

هەولێر

سەرۆکی یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان ئاشکرای کرد، کە پاڵەوانیەتیی یانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا لە یاریی باسکەی ژنان، لە ئاداری داهاتوو لە هەولێر دەکرێت.

سەردار حەیدەر سەرۆکی یەکێتی باسکەی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین، ئەوەی ئاشکرا کرد کە پاڵەوانیەتیی باسکەی ژنانی یانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت، ئەمەش دوای ئەوەی یەکێتی باسکەی ڕۆژئاوای ئاسیا، لە دواکۆبوونەوەیدا لە تارانی پایتەختی ئێران، ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دا، کە پاڵەوانیەتییەکە لە هەولێر بکرێت".

سەردار حەیدەر کە ئەندامی یەکێتی ناوەندیی باسکەی عێراقیشە گوتیشی: "ئێمە داواکاریمان بۆ میوانداریکردنی پاڵەوانیەتییەکە پێشکەش کرد و یەکێتی ڕۆژئاوای ئاسیاش ڕەزامەندیی دەربڕی، ئێمە وەکو یەکێتی باسکەی کوردستان تەواوی خەرجییەکانی پاڵەوانیەتییەکە لە ئەستۆ دەگرین".

ئاماژەی بەوەش دا: پاڵەوانیەتییە بە بەشداریی ٨ یانە بەڕێوەدەچێت، هەردوو یانەی ئەکادی هەولێر و سەنحاریبی دهۆک بە نوێنەرایەتیی عێراق بەشداریی پاڵەوانیەتییەکە دەکەن، یەک یانەش لە هەریەکە لە وڵاتانی ئێران، سوریا، ئوردەن، فەڵەستین، لوبنان و یەمەن بەشداریی پاڵەوانیەتییەکە دەکەن، کە لە مانگی ئاداری داهاتوو ساز دەکرێت.

سەردار حەیدەر ئەوەشی ئاشکرا کرد کە یارییەکانی پاڵەوانیەتییەکە لە هەردوو هۆڵی "ئەکاد" و "سەنتەری بلوو" لە هەولێر بەڕێوە دەچن، کە بە گوتەی ئەو، دوو هۆڵی زۆر پێشکەوتووی وەرزشین لە کوردستاندا.



**تیپی باسکەی کچانی یانەی ئەکاد**

---

## ژنان لە پیاوان خۆڕاگرترن

# ژنانی بەساڵاچووی ڕووسیا، یاریی "ئیکیدۆ" دەکەن

کۆمەڵێک لە ئافرەتانی بەساڵاچووی ڕووسی، لە شاری نۆڤۆسیبیرسیک جۆرە وەرزشێک دەکەن، کە یەکێکە لە یارییەکانی بەرگریکردن لە خۆکردن و بە "ئیکیدۆ" ناسراوە. ئەو یارییە بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەنجام دەدرێت و ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن، فێری بەرگەگرتنی زەحمەتی و ئارامی دەبن، هەروەها یارمەتیان دەدات کە نەرم و نیانی لە جووڵەکردن بە دەست بهێنن و کێشی لەشیشیان کەم بکەنەوە.

ئێستا چالاکییەکانی جەستە بۆ بەساڵاچووان، دەریخستووە کە جووڵەیان ئاسانتر دەکات، هەروەها ئەوەیان لەسەر دەرکەوتووە کە گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ بەسەر جەستە و لەشیاندا هاتووە، لەوانەش کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن و لێدانەکانی دڵ.

بۆچوونی ئەوە هەیە کە بەتەمەنەکان دەتوانن سوود لە بەپێ ڕۆیشتن وەربگرن، پێویست ناکات وەرزشی بەهێز و زەحمەت ئەنجام بدەن، بە تایبەتی لە لایەن ژنانەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵە ژنە ڕووسییە بە خۆڕاگریی مانەوە و لەگەڵ ئاکاتدا ئارامیان گرت، ئەوەی کە سەیریشە، لە یاریی ئیکیدۆدا، ژنان لە پیاوان خۆڕاگرتر دەرکەوتوون و زیاتر بەرگەی زەحمەتیی و بەهێزیی یارییەکەیان کردووە.



www.newe.com

### سەرۆکی یانەی ئافرەتانی دهۆک (ماهینور عەبدوڵڵا):

## پێشتر وەزارەتی وەرزش و لاوان زۆر کێشە و گرفتی بۆ دروست کردین

# کچانی وەرزشوان زۆرن، بەڵام پاڵپشتیی ناکرێن

دهۆک

ماهینور عەبدوڵڵا محەممەد، دەرچووی کۆلێژی پـەروەردەی زانکۆی بەغدایە و لە ساڵی ١٩٧٣ هاتووەتە شاری دهۆک و لە یانەی دهۆکیشدا یاری کـردووە، لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٧یشەوە سەرۆکی یانەی ئافرەتانی دهۆکە.

ئەو خانمە لە بارەی یانەکەیەوە بۆ وارڤین گوتی: "یانەکەمان لە ٢٤-٢-٢٠٠٧ بە پاڵپشتیی بەڕێز "نێچیرڤان بارزانی" هاتە دامەزراندن، کە سەرەتا لە ١٥ وەرزشوانێک پێکهاتبوو، بەڵام ئێستا ئەوەندەش نەماوین، چونکە ئێمە پارەمان نەبوو، کەسیش ناچار نییە بەبێ بەرامبەر کار بکات، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی ئێمە، کە هێشتا ڕێگەی نەداوە بە شێوەیەکی فراوان ژن دەربکەون، جا چۆن ڕازی دەبن بەبێ پارە لە بوارێکی وەکو وەرزشـدا بەشداربن و خزمەت بکەن، لەگەڵا ئەوەیشدا ئێمە بۆ ماوەی دوو مانگ بودجەیەکمان بۆ دابین کرا، بەڵام دواتر چیترمان وەرنەگرت، هەرچەندە ئێمە چەندین بزاڤ و چالاکییمان ئەنجام دا و مۆڵەتیشمان نەبوو، دواتر دوای ساڵ و لە ڕێکەوتنی ٢٣-٨-٢٠٠٩ ئێمە مۆڵەتمان وەرگرت، چونکە پێشتر وەزارەتی وەرزش و لاوان زۆر کێشە و گرفتی بۆ دروست کردین."

سەرۆکی یانەی ئافرەتانی دهۆک هەروەها ئەوەی خستە ڕوو: "ئێستا دوای ئەوەی مۆڵەتی یانەکەمان وەرگـرت، نازانین کێ هاوکاری و پاڵپشتیمان دەکات."

(ماهینور عەبدوڵڵا) سەبارەت بەو جۆرە یارییانەی کە لە یانەکەیاندا ئەنجام دەدرێت و یاریزانەکانیان، گـوتـی: "ئێمە گەلێک یـاریـی جـۆراوجـۆرمـان هەبوو، هەروەها ژمارەیەک یاریزانیشمان هەبوو، یارییەکانیش بریتیی بـوون لە تۆپی باسکە، تۆپی باڵە، شمشێربازی، تۆپی سەرمێز و تێنسی سەرزەوی، تایکواندۆ و تۆپی پێ، هەروەها یاریزانی زۆر بەتوانامان هەبوو، بەڵام ئێستا هیچ یاریزانێکی



(ماهینور عەبدوڵڵا)

**ئێمە زۆرجار شەرم لە خۆمان دەکەین و خەفەتبار دەبین، چونکە هێشتا کرێی ئەو شوققەیەمان نەداوە، کە یانەکەمان لێی نیشتەجێیە و لە بەرامبەر خاوەن شوققەکە شەرم دادەگرێت**

سەرەکیمان نەماوە، چونکە ئێمە پارەمان نەبوو بە یاریزانەکانی بدەین، بۆیە ئەوانیش ڕوویان کردە یانەکانی دیکە و هەلی یاریکردنیان بەدەستهێنا و مووچەی باشیش وەردەگرن".

سەرۆکی یانەی ئافرەتانی دهۆک لە باسکردنی کێشەکانی یانەکەی بـەردەوام دەبێت و دەڵێت: "یانەی ئێمە تەنیا لە کێشە و گرفت دەناڵێنێت و لە لایەنی کارگێڕییشەوە نەمانتوانیوە کاری خۆمان ئەنجام بدەین و چالاکیی خۆمان بەڕێوە ببەین، چونکە ئێمە توانای داراییمان نەبوو".

ماهینور عەبدوڵڵا لە درێـژەی پەیڤەکانی بۆ "وارڤین" هەروەها ئـەوەی خستە ڕوو: "یانەی ئافرەتان، یەکەم یانەی ژنانە لە دەڤەری دهۆک، کە هاتبێتە کایەوە، بەڵام ئێستا تەنیا ناوەکەی ماوە، هەرچەندە ئێمە گەلێک کچی بەهرەمەندمان لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژەکان دەستنیشان کرد و هێنامانە یانەکەمان، کردمان بە وەرزشوان و هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین کردن، بەڵام ئەوان هەموویان لە دەست ئێمە چوون، هەرچەندە بە هیچ شێوەیەک ئێمە کێشەمان لەگەڵ کچە وەرزشوانەکان نەبووە، ئەوان زۆربەیان وەرزشوانی پاڵەوان و خاوەن توانای باش بوون".

ئەو خانمە، کە تەمەنێکی زۆری لە نێو بواری وەرزشدا بردووەتە سەر، باسی ئەوەیش دەکات کە خەڵکانێک دەڵێن ژمارەی کچانی وەرزشوان کەمە، بەڵام ئەو دەڵێت: "بەڵێ کچانی وەرزشوان زۆرن، بەڵام پاڵپشتیی ناکرێن و هان نادرێن، خەڵکانێک دەیانەوێت کچان بەبێ بەرامبەر وەرزش بکەن، ئەوەیش نابێت و وەرزشوانان بە گشتی پێویستیان بە هاوکارییە و ئامادە نییە بە خۆڕایی یاری بکات و ئەگەر ئەوەشیان بۆ نەڕەخسێت، دەچن کارێک دەکەن بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دەست کەوێت و وەرزش ناکەن".

ماهینور خان لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: "ئەگەر



پارە و تواناى دارایی باشمان هەبێت، ئەوا کچە وەرزشوانی پاڵەوانیشمان دەبێت“.

یانەی وەرزشی ئافرەتانی دهۆک بارەگایان لە شوققەیەکی بچووکدایە، ئەمەیش بۆ یانەیەکی وەرزشی گونجاو نییە، سەرۆکی یانەکەش دەڵێت: ”ڕاستە، ئێمە لە شوققەیەکداین و هیچ هۆڵێکیشمان بۆ مەشق و ڕاهێنان نییە، ئێمە ڕاهێنانەکانمان لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی و هۆڵی چالاکی ئەنجام دەدا. دەمەوێت باسی ئەوەش بکەم کە لە ساڵی ٢٠٠٧ پارێزگاری دهۆک پارچە زەوییەکی بە ڕووبەری ١٥٠٠ مەتر بە ئێمە دا، بەڵام بۆ تاپۆکردنی زەوییەکە، شارەوانی کێشە و گرفتی زۆری بۆ دروست کردین، جارێک دەیانگوت هێشتا زەوییەکی دیاریکراو نییە پێتان بدەین، جارێکی دیکە دەیانگوت نەخشەی دهۆک دروست دەکەین و کارەکان ڕێک دەخەین، دواجاریش گوتیان دەبێت لە بری پارچە زەوییەکە، بڕی ٢٠ هەزار دۆلار (دوو دەفتەر دۆلار) بدەن، ئێمەش پرسیارمان لە چەند یانەیەکی دیکەی وەرزشی کرد، کە پێش ئێمە زەوییان بۆ تەرخان کرابوو، کە ئایا ئەوانیش پارەیان لێ وەرگیراوە بەرامبەر زەوییەکان، دەرکەوت کە هیچ بڕیارێکی لەو شێوە نییە و کەس پارەی نەداوە، دواتر چووینە شارەوانی، ئەمجارەش پێیان گوتین کە دەبێت پارەی ڕسومات و مامەڵەی زەوییەکە بدەن، کە ملیۆن و نیوێک دینارە، ئێمەش گوتمان هیچ پارەمان نییە، بەڵام دواتر لە ترسی ئەوەی نەوەکو زەوییە بکرێتە

**لە ساڵی ٢٠٠٧ پارێزگاری دهۆک پارچە زەوییەکی بە ڕووبەری ١٥٠٠ مەتر بە ئێمە دا، بەڵام بۆ تاپۆکردنی زەوییەکە، شارەوانی کێشە و گرفتی زۆری بۆ دروست کردین، جارێک دەیانگوت هێشتا زەوییەکی دیاریکراو نییە پێتان بدەین، جارێکی دیکە دەیانگوت نەخشەی دهۆک دروست دەکەین و کارەکان ڕێک دەخەین، دواجاریش گوتیان دەبێت لە بری پارچە زەوییەکە، بڕی ٢٠ هەزار دۆلار (دوو دەفتەر دۆلار) بدەن**

پارچە پارچە و دابەش بکرێت، (کاک فەیسەڵ) کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی یانەکەمانە، لە ڕێگەی خۆیەوە توانی پارەی ڕسوماتەکە دابین بکات و زەوییەکە تاپۆ کرا“.

سەرۆکی یانەی ئافرەتانی دهۆک ماهینور عەبدوڵڵا دواجار ئەوەی خستەڕوو کە چەند داواکارییەکیان هەیە و هیوای ئەوەشی خواست کە بەرپرسان داواکانیان جێبەجێ بکەن، ئەو گوتی: ”ئێمە دەمانەوێت مانگانە بودجەیەکمان بۆ دابین بکرێت، ئەوکات دەزانن ئێمە کاری خۆمان چۆن ئەنجام دەدەین، چونکە ئێمە مەلەوانگەیەکیشمان دروست کردبوو، هەموو شتێکیشی بۆ ئامادەکرابوو، بەڵام کەس نەهات بەڕێوەی ببات، من داواکاریشم کە کەسانێک هەبن خۆمان لێ بکەن بە خاوەن و ئاوڕێکمان لێ بدەنەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئێستا هەموو کارێکی ئێمە وەستاوە.

ماهینور هەروەها گوتی: ئێمە زۆرجار شەرم لە خۆمان دەکەین و خەفەتبار دەبین، چونکە هێشتا کرێی ئەو شوققەیەمان نەداوە، کە یانەکەمان لێی نیشتەجێیە و لە بەرامبەر خاوەن شوققەکە شەرم داماندەگرێت، چونکە بە ڕاستی ئێمە لەو شوققەیەدا سەرکەوتنی زۆر و ئەنجام و جامی چەندین پاڵەوانیەتییمان بەدەستهێناوە و هیوادارین کێشەکانمان چارەسەر بکرێت و بتوانین یانەکەمان زیندوو بکەینەوە و بۆ نێو خول و پاڵەوانیەتییەکان بگەڕێینەوە“.



هەڵز عەلی

www.netewe.com



www.netewe.com

# پەشێوی پاش زەبری دەروونی : P.t.s.d. -- A.s.d

پەشێوی پاش زەبری دەروونی، جۆرێکە لە جۆرەکانی نەخۆشی دەروونی و دەچێتە خانەی دڵەڕاوکێوە. تووشبوو، بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەو بیستنی"سترێسێک" کە گوشارێکی زۆر توندی هەبێت، یان بەهۆی گورزێکی دەروونی کە توندوتیژییەکەی زۆر سەخت بێت ( (trauma تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت. بەڵای زۆربەی کەسەکانەوە، ( ئەشکەنجەدان، جەنگ، تەقینەوەو حاڵەتی کوشتن) هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئەو نەخۆشییەن.

### جەنگ تووشی کردم

ئەحلام سەدیقە، ژنێکی تەمەن چل و پێنج ساڵ و بەرەگەز عەرەبە. ئەحلام، خەڵکی شاری بەغدایەو لەیەکەی دەروونی هەولێر، لەژێر ڕێنمایی پزیشکانی دەروونی دایە. وەک باسی لێوەدەکات، لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣، بەهۆی بینینی شەڕو کوشتاری زۆرەوە، تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووەو تائێستاش نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بارودۆخی دەروونی بکات. چونکە، شەوانە بەردەوام جەنگی ٢٠٠٣ی عێراقی دێتەوە یاد و هەراسانی دەکات. ئەو نایشارێتەوە کە سەردانی چەندین پزیشکی پسپۆڕی کردووە، بەڵام وەک دەیڵێت:"سوودم وەرنەگرتووەو لەحاڵەتێکی دەروونی ناجێگیردا دەژیم".

شەوبۆ خەلیل، کە هاووڵاتییەکی هەولێرییە، کچێکی تەمەن بیست و نۆ ساڵە، تووشی نەخۆشی دڵەڕاوکێ بووە. شەوبۆ، بەهۆی بینینی کوشتنی کەسێک، تووشی ئەو نەخۆشییە بووە دەڵێت، ناتوانم بەتەنیا لەماڵ بمێنمەوەو ناتوانم بڕیاری هاوسەرگیریش بدەم،"بەردەوام ئەم وێنەیە لەبەرچاومەو لاناچێت".

عەلی عەبدوڵڵا، خەڵکی شاری هەولێرەو پیاوێکی تەمەن پەنجاو دوو ساڵە. هۆکاری تووشبوونەکەی بەمجۆرە دەگێڕێتەوە،"کاتی خۆی پێشمەرگەبووم و مینێک لەبەرقاچم تەقییەوەو بریندار بووم، ئەمەش وایکرد کە قاچێکم لەدەست بدەم. دوای چاکبوونەوەم، نەمتوانی کاری پێشمەرگایەتی بکەم. لەبەرئەوەی ماوەیەک باری دەروونیم شڵەژابوو. دوایی بەهۆی سەرقاڵ بوونم بەکاری دووکان و قەرەباڵغی بازارەوە وردە وردە نەخۆشییەکەم بیر چووەوە.

### ڕێژەی تووشبوون

سەبارەت بەڕێژەی تووشبوون بەم نەخۆشییە، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د. ئومێد قادر تەها، دەڵێت، ڕێژەی تووشبوون بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی تەمەنی مرۆڤەکاندا نزیکەی ٨٠٪ی دانیشتووان دەگرێتەوە. د. ئومێد دەڵێت لەئافرەتدا ١٠ تا ١٢ ٪ی ژنان تووشی نەخۆشییەکە دەبن و لەپیاوانیشدا ڕێژەکە ٥ تا ٦ ٪ دەبێت. واتا ئافرەتان، دوو ئەوەندەی پیاوان تووشدەبن. ئەو دکتۆرە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم نەخۆشییە لەهەموو تەمەنێکدا مرۆڤ تووشی دەبێت، بەڵام زۆرترین تووشبووان لەتەمەنی گەنجیدان، چونکە زیاتر ڕووبەڕووی کێشەو زەبرەکان دەبنەوە. هەروەها لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر ڕێژەکە دەگۆڕدرت، چونکە توانای بەرگری دەروونی مرۆڤەکان، جیاوازە.

### هۆکارەکانی

یەکەم: stressor سترێسەر، هۆکاری هەرە گرنگە، چوونکە سترێسەر نەبێت p.t.s.d. دروست نابێت. بەڵام سترێسەر بەتەنیا هۆکار نییە، دەبێت پێشینە یاخود ئامادەیی سایکۆلۆژی، بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، هەبێت.

دووەم: هۆکاری ریسک Risk factor

١)بوونی زەبری دەروونی لە تەمەنی منداڵیدا.

٢) پێشتر توندوتیژی بەرامبەر کرابێت.

٣)بوونی توندوتیژی خێزانی.

٤)ئەوانەی دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر.

٥)بارودۆخی ئافرەت خۆی گونجاوە بۆ تووشبوون.

٦)ئەوانەی کە توانای شیکاری کێشەکانیان کەمە. واتە کەم سەلیقەن، لە شیکردنەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان.

هۆکاری سێیەم: هۆکارە بایۆلۆژییەکان: Biological Factors

بریتیین لە هۆکارە بۆماوەییەکان، واتە گوێزانەوە لە باوباپیرانەوە بۆ وەچەکانیان.

شلەژانی گەیەنەرە دەمارییەکان (neurotransmitters) کە بریتین لە کۆمەڵێک ماددە لە کۆتایی دەمارەکان دەردەدرێن، وەک نور ئەدرینالین.

### نیشانەکانی:

١) دووبارەبوونەوەی وێنەی ڕووداوەکە بەشێوەی گەڕانەوەی بەردەوامی ڕووداوەکە لەشێوەی هێرشێکی بەردەوام بۆ سەر بیری مرۆڤەکە.

٢) بینینی خەونی ناخۆش بە بەردەوامی.

٣) نەخۆشەکە واهەست دەکات کە ڕووداوەکە دووبارە دەبێتەوە.

٤) شڵەژانی دەروونی کاتێک ڕووبەڕووی شتێک دەبێتەوە کە ڕووداوەکەی بیر دێنێتەوە.

### خۆپاراستن

هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو بیرکردنەوەو هەست و وتووێژانەی کە پەیوەندییان بەڕووداوەکەوە هەیە. هەوڵدان بۆ خۆ دوورخستنەوە لەو چالاکی و شوێن و ئەو کەسانەی کەوا دەکەن تووشبوو ڕوداوەکەی بەبیربێتەوە.

نیشانەکانی ئاگایی بەلایەنی کەمەوە دوانی لەمانەی خوارەوەی هەبێت.

١) بەزەحمەت خەو لێکەوتن، یان بەردەوامبوون لەخەو.

٢)( گرژی و تووڕەیی هەڵچوون.

٣) زۆر ئاگایی (یقظە)

٤) زۆربوونی وەڵامدانەوەی جەستەیی.

بەبڕوای د. ئومێد، جیا لەو نیشانانەی کە باسمان کرد، هەندێ نیشانەی تری وەک شەرمکردن و چالاکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەندێ ڕەفتاری نادروست بۆ زاڵبوون بەسەر حاڵەتەکەدا وەک پەنابردنە بەر جگەرەکێشان و مەی خواردنەوەش لەکەسی تووشبوو بەدیار دەکەون.

جگە لە A.s.d. بۆ دەستنیشانکردنی Ptsd دەبێت، نیشانەکانی کۆمەڵەی (١، ٢، ٣) بەلایەنی کەمەوە هەبێت و ماوەی یەک مانگ بخایەنێت و کار بکاتە سەر توانای کارکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نەخۆشەکە. کەواتە دەتوانین بڵێین P.t.s.d. درێژکراوەی A.s.d. ـە.

### چارەسەر

١) هاندان و پشتگیریکردنی نەخۆش بۆ باسکردنی ڕووداوەکە. تێگەیاندنی نەخۆش کە چۆن خۆی لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنێ. بۆ نموونە نەخۆش فێری Relaxation خاوبوونەوە بکرێت.

چارەسەری ڕەفتاری و ئیدراکی.( Cognitive BehavioralTherapy)

٢) چارەسەر بەهۆی دەرمانەوە کە لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت.



شیلان یاسین

# نەخۆشی شەکرە لە کاتی دووگیانیدا

هەولێر

بەگوتەی پسپۆڕانی بواری ئافرەتان، ئەو ژنانەی لەکاتی سکپڕی یەکەمدا تووشی نەخۆشی شەکرە هاتوون، لەسکپڕی دواتریشیانەوە تووش دەبنەوەو لێیان دەبێتە نەخۆشییەکی درێژخایەن. پزیشکان، بۆ ڕێگرتن لەو نەخۆشییە دانانی خشتەیەکی خۆراک و زیادکردنی ژەمی خواردن، بەچارەسەر دەزانن.

## شەکرە چییە؟

بریتییە لەزیادبوونی ڕێژەی شەکر لەخوێندا. ئەگەر شەکرەکە لە١٢٦ملگم لەحاڵەتی بەرۆژوو بووندا یان لەحاڵەتی بەر لەنانخواردن زیاتربوو، یان دوو کاتژمێر پاش نانخواردن بگاتە ٢٠٠ ملگم بۆ ژن، ئاساییە. بەڵام بۆ ژنی دووگیان، ئەگەر هاتوو ڕێژەی شەکر بەر لەنانخواردن لە ١٢٠ملگم زیاتر بوو، یان دوو کاتژمێر دوای نانخواردن لە ١٤٠ملگم زیاتر بێت، ئەوا بەنەخۆشی شەکرە دادەنرێت.

## هۆکارەکانی تووشبوون؟

سەبارەت بەهۆکارەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و سەرۆکی بەشی نەخۆشی شەکرە لەنەخۆشخانەی لەدایکبوون، د. شەهلا مەحمود عەلاف دەڵێت، شەکرە بەهۆی کەمبوونی ڕێژەی ئەنسۆلین لەخوێندا ڕوودەدات، لەبەر کەمی لێهاتوویی خانەکانی یان بەهۆی دوورگەی لانگرهانز لەرژێنی پەنکریاسدا.

## نیشانەکانی شەکرە؟

نیشانەکانی نەخۆشی شەکرە، بریتییە لەزۆر میزکردن لەشەو و ڕۆژدا. هەستکردن بەتینوێتی. زۆربوونی هەوکردن لەلەشدا وەک، هەوکردنی میزەڕۆ، بەردەوام خورانی کۆئەندامی زاوزێ، بەهۆی هەوکردن بەکەڕووەکان. هەستکردن بەبێتاقەتی.

## گرفتەکانی شەکرە؟

ئەگەر نەخۆشی شەکرە لەخوێندا کۆنترۆڵ نەکرا ئەگەری ئەوە هەیە کە لەداهاتوودا ببێتە هۆی کوێر بوون، وەستانی گورچیلەکان، سڕبوونی دەست و پێ و زیادبوونی گوشاری خوێن و تووشبوون بەنەخۆشییەکانی دڵ و جۆرەها نەخۆشیتر. هەروەها لەژناندا دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان.

## تووشبوان چی دەڵێن:

ناجییە ئەحمەد، دانیشتووی هەولێرەو تەمەنی٣٧ساڵەو شەش منداڵی هەیە. بەهۆی تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە لەکاتی دووگیانیدا، پزیشک خۆراکی تایبەتی لەڕێگەی خشتەیەکەوە بۆ داناوەو حاڵی لەدەست ئەم نەخۆشییە زۆر خراپە. بەپێی پشکنینی شەکرە، بۆی دەرکەوتووە کە لەسکەکانی پێشووی ئەم نەخۆشییەی هەبووە، بەڵام ئەمجارە ڕێژەکەی بەرزترە. ناجیە، گوتی:"نەخۆشی شەکرە بووەتە نەخۆشییەکی درێژخایەن بۆم و بەوهۆیەشەوە کێشی لەشم زیادی کردووە". شنە کەریم، نیشتەجێی پارێزگای هەولێرەو تەمەنی بیست و پێنج ساڵە. شنە، لەقۆناغی سکپڕیدایەو باس لەوەدەکات کە ئەم سکەی نۆبەرەیەو بەوهۆیەوە تووشی شەکرە هاتووە. پزیشکەکان بە شنەیان گوتووە کە منداڵەکەت بوو، شەکرەکەت نامێنێت، بەڵام دوایی دیسان لەکاتی سکپڕیدا تووشی دەبیتەوە.

هەروەها ئاراز عەلی، دەڵێ تەمەنم نەبووەتە ٣٠ساڵ و ٣ منداڵم هەیە. بەڵام پێشتر دایکم شەکرەی هەبوو، ئیتر لەکاتی دوو گیانی لەمنداڵی دووەمدا تووشی نەخۆشی شەکرە هاتم و تائێستاش ئەو نەخۆشییەم هەر ماوە.

## نەخۆشی شەکرە و کاتی دووگیانی

ئەگەر کەسی توشبوو بەنەخۆشی شەکرە، لەپێش سکپڕیدا یان لەکاتی سکپڕیدا بوو، ئەوا دوای چل ڕۆژی منداڵبوون نەخۆشییەکە نامێنێت. بۆیە پێویستە ڕێژەی شەکر لەکاتی سکپڕیدا لەنێوان٢٤ تا ٢٨ هەفتە تاقی بکرێتەوە، چونکە دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە ئافرەتی دووگیان ئەگەر



د.شەهلا عەلاف

هاتوو بەهۆی سکپڕیەوە تووشی نەخۆشی شەکرە بوو، ئەوا لەداهاتوودا دیسان لەکاتی سکپڕیدا تووشی دەبێتەوە. ڕێژەی تووشبوونەکەیشی (٦٠ بۆ ٨٠)٪ دەبێت و ڕەنگە بەو هۆیەوە نەخۆشی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە.

## گرفتەکانی شەکرە و ژنانی سکپڕ؟

شەکرە، دەبێتە هۆی لەبارچوونی چەندجارە. مردنی کۆرپەلە لەناو منداڵداندا. زیادبوونی ئاوی سکپڕی. وێڵاشی پێشەکی. زیادبوونی گوشاری خوێن. مردنی کۆرپەلە پاش لەدایکبوون. تووشبوونی کۆرپەلە بەزەردۆیی (زەردک). لەدایکبوونی منداڵی قەبارە گەورەو شێوانی زکماکی.

## چارەسەری شەکرەی سکپڕی چییە؟

بەپێی قسەکانی د.شەهلا، ئەگەر ئافرەتی دوو گیان بەر لەسکپڕی شەکرەی هەبوو، ئەوا دەبێت دوومانگ بەر لەوەی سکی ببێت شەکرەکەی بەمشێوەیەی خوارەوە کۆنترۆڵ بکرێت:



www.netewe.com






ـ ڕێکخستنی خۆراک .

ـ مەشقکردن و ڕاهێنان لەسەر ڕێکخستنی خۆراک.

ـ بەکارهێنانی دەرمانی پێویست ( حەبی دژی شەکرە یان ئەنسۆلین) لەکاتی چارەسەرکردندا دەبێت، ڕێژەی شەکر لەنێوانی ٩٠ تا ١٢٠ ملگم بێت. بەر لەنانی بەیانی و ئێوارە.

ـ منداڵبوون، لەکاتی تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە، دەبێ لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەتمەند بێت، چونکە کۆنترۆڵکردنی شەکرە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی سروشتی.

## فاکتەرەکانی تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە چین؟

١) گەورەیی تەمەن، ( زیاتر لە٣٥ساڵی)

٢) کێشی زیاد و قەڵەوی بەتایبەتی لەناوەندی سک.

٣) هەبوونی نەخۆشی شەکرە لەیەکێک لەئەندامانی بنەماڵەوە.

٤) تووشبوون بەشەکرە لەکاتی سکپڕی پێشوو یان لەدایکبوونی منداڵێک کێشی لە٤،٠ کگم زیاتر بێت.

٥) لەدایکبوونی منداڵێکی مردوو، مردنی منداڵ پاش لەدایکبوون، یان لەدایکبوونی منداڵێکی ناتەواو.

## ڕێکخستنی خۆراکی ژنی دووگیان

بەپێی قسەکانی د. شەهلا عەلاف، پێویستە لەسەر هەر ئافرەتێکی سکپڕ کە نەخۆشی شەکرەی هەیە، یان ئەوانەی کە تووشی شەکرە دەبن، لەکاتی سکپڕیدا لەنانخواردن دانەبڕێن. نابێت هیچ ژەمێکی سەرەکی پشتگوێ بخرێت و دەبێت ماوەی ژەمەکانیش لەپێنچ کاتژمێر تێنەپەڕێت. بەڵکو پێویستە دوو ژەمی تریش زیاد بکات، تاریژەی شەکر لەخوێندا دانەبەزێت. چونکە دابەزینی شەکر گرفت بۆ کۆرپەلەکەو ئافرەتەکەش دروستدەکات. وەک دڵە کوتێ. لەرزینی لەش و تووشبوون بەگەشکە.

## خشتەی خۆراک

ئافرەتی دووگیان دەبێت سێ ژەمە سەرەکییەکەی خۆی بەرێکی بخوات و ژەمی تریش لەنێوانیاندا زیاد بکات:

**ژەمی بەیانی:**

نیو نان یان کوپێک شیر، بێچەوری، یان نیو کوپ ماستی بێچەوری، لەگەڵ نیو سندی.

**ژەمی نێوانیان:**

نیو مۆز یان نیو سێو یان نیو پرتەقاڵی قەبارە ناوەند، نیو کوپ بقولیاتی برژاو.

**ژەمی نیوەڕۆ:**

نیو کۆپ لەفاسۆلیا، لۆبیاو پاقلە، یان ٥٠گم یەک لەمانەی خوارەوە: سینگی مریشک، یان ماسی لێنراو بەهەڵم یان بەفرن سوورکراوە. نیو کوپ لەنیسک، یان نۆک لەگەڵ نیو کوپ برنجی کوڵاو. نیو تەماتە لەگەڵ خاس و خیار. هەشت دەنکە زەیتوونی ڕەشی گەورە، یان دە دەنکە زەیتوونی سەوز.

**ژەمی نێوانیان:**

ماستی بێچەوری. نیو سێوی قەبارە ناوەند یان نیو پرتەقاڵ یان نیو سندی.

**ژەمی ئێوارە:**

شۆربای سەوزەوات، یەک پەتاتەی سوورکراوە. ٥٠ گم لەسینگی مریشکی برژاو لەگەڵ هەشت دەنکە زەیتوونی ڕەش یان دە دەنکە زەیتوونی سەوز. مایۆنیز، یان هەر جۆرە ساسێکی تری کەمچەوری.

**ژەمی پێش نووستن:**

٣ کوپ دەنکە شامی بێچەوری. هەندێک چەرەزات. نیو لەفەی مریشکی برژاو. ٣٠ گم پەنیری سپی. ماستی بێچەوری. هەندێک پسکیتی کراکر. یەک کوپ شیری بێچەوری.



**شیلان یاسین**

www.netewe.com

# باڵقبوونی پێشینە لە کچاندا

## پزیشکێک: گۆڕانکاری هۆرمۆنەکان باڵقبوون پێش دەخات

هەولێر

پزیشکێکی بواری ئافرەتان ئەوەدەخاتەڕوو کە سووڕی مانگانەی کچان، لەتەمەنی هەشت ساڵیدا حاڵەتێکی نائاساییەو دەبێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی تایبەتەوە ببینرێت و هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت. هاوکات پزیشکێک، نموونە بە کچەکەی دەهێنێتەوە کە بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، کەوتووەتە نێو سووڕی مانگانەوە.

بەگوتەی پسپۆڕانی بواری ئافرەتان، مەرج نییە هەموو کچان لەتەمەنێکی دیاریکراودا بکەونە نێو سووڕی مانگانەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، یەکەمین سووڕی مانگانەی کچان، لەنێوان تەمەنی ١٢ بۆ ١٤ ساڵان ڕوودەدات. تەمەنی مامناوەندی کەوتنەسەر سووڕی مانگانە لە ١٢,٥ ساڵیدایەو تاتەمەنی٤٥ بۆ ٥٥ ساڵی بەردەوام دەبێت. بەپێی قسەی پسپۆڕانی بواری ژنان، بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان، بەدرێژایی تەمەنیان ٥٠٠ جار دەکەونە سەر سووڕی مانگانە. بەگوتەی شارەزایان، کچان دوو ساڵ بەر لەکوران، باڵق دەبن. لەکاتی باڵقبووندا، تووک لە ناوچەی تەناسولی دێت. سینگی گەورە دەبێت و پاشان خوێن دەبینێت و باڵای درێژ دەبێت و زیپکەی لێدێت. هێلکەدانەکانی دەست بەگەشەکردن دەکات و هێلکە دروستدەبێت، واتا بەدیاردەکەوێت کە ئەو کچە ئامادەیی هەیە بۆ زاوزێ. بەڵام لەتەمەنێکی زۆر زوودا هەندێکجار حاڵەتی نامۆ لەهەندێک کەسدا ڕوودەدات. هەندێکجاریش، بەر لەتەمەنی هەشت ساڵی دەکەونە سووڕی مانگانە کە ئەوەش حاڵەتێکی ئاسایی نییە، منداڵ تووشی دەبێت. چونکە هێشتا نەگەیشتووەتە تەمەنی هەرزەکاری و پێش تەمەنی خۆی کەوتووە. بەمەش ئەو منداڵە تووشی جۆرێک لەئاڵۆزی و نیگەرانی دەبێت. نازانێت بۆ یاریکردن بۆ نێو منداڵان بچێت، یان هەڵسووکەوت لەگەڵ گەورەکان بکات. جۆرە ترس و شەرمێک دایدەگرێت کە لەم بچووکییەوە تووشی ئەم حاڵەتە هاتووە. یان لەقوتابخانەو لەناو هاوڕێکانیدا، گرفتی دەروونی و نارێکی باری دەروونی و ئاڵۆزی تووشی دێت.



د.ڕوناک فایەق فەرەج

پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی د.ڕوناک فایەق فەرەج، سەبارەت بەسووڕی مانگانەی ژنان دەڵێت:"ئەگەر لەتەمەنی پێش دەساڵیدا، ئەم حاڵەتە بینرا، یان تا تەمەنی دوای چواردە ساڵی ڕوویندا، ئەوا بەنائاسایی دەژمێردرێت. هەندێکجار منداڵ، بەر لەهەشت ساڵی تووشی ئەم حاڵەتە دێت کە ئەمەش ئاسایی نییەو (IDIOPATHIC)، بۆیە دەبێت ئەو منداڵە پیشانی پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان، بدرێت.

### هۆکارەکانی

جگە لەوەی کە بۆماوەیی جینات، ڕۆڵی هەیە لەزوو توشبوونی کچان بەسووڕی مانگانە،هەندێک هۆکاری تریش هەن لەوانە:

١)بوونی گرێ، لەسەر غودەی کچری (SUPERCINAL GRANDI) لەسەر گورچیلە. لەو حاڵەتەشدا لابردنی گرێکە پێویستە.

٢)کاتێک مێشک (دەماغ) هۆرمۆنی غودەی نوخامی دەردەدات، کاردەکاتە سەر هێلکەدانەکان یان زیادبوونی هۆرمۆناتی مێینە ( ئیستروجین) زۆرەدردانی هۆرمۆنەکان کە ئەوەش هەر لەم تەمەنەوە کێشە بۆ کچەکە دروست دەکات. چونکە لەتەمەنی زۆر زووە. کەچی ئەم حاڵەتەی بەسەر هاتووە. واتا گۆڕانکاری هۆرمۆنات وادەکات باڵقبوون پێش بکەوێت.

٣)هۆکاری مێشک (هایدرۆ کیفلی HYDROCEPHALY)یان لە ناوچەی مێشکدا، گرێ هەیە یان (سەحایا) جۆرە نەخۆشییەکە تووشی دەماغی منداڵ دەبێت) یان هەوکردنی مێشک. ( ENCEPHALITI )

٤)نەخۆشی کەمی کالسیۆم (RICHET ) و دەست و قاچ شێواو دەبێت، بەمەش گەشەی لەش و سەر، ڕێکوپێک نابێت.

٥)نەخۆشی سێندرۆم البرایت (MCC UNE- ALBRIGHT SYNDROME)

٦)بوونی گرێ، هۆرمۆنات زیاد

www.netewe.com

دەکـــــــــــات. (GONDOTDTROPHIN
(SECRETING TUMOUR

٧)نەخۆشەکە هۆرمۆنی ئیسترۆجین وەردەگرێت لەمنداڵی، ئەگەر هاتوو تووشی نەخۆشی پێست بوو کە ئەوەش دەبێتە هۆکاری زوو کەوتنەسەر سووڕی مانگانە.

٨)ئەگەر دایکەکە کاتی خۆی بەهەشت ساڵی عادە بووبێت.

دەبێت بزانیین، کە ئەمجۆرەی سووڕی مانگانە، بەزۆری بێ هێلکەیە. کچ کە لەسکی دایکدایە، حەوت ملیۆن هێلکەی هەڵگرتووە. کە لەدایک دەبێت، دەبێتە یەک ملیۆن. لەتەمەنی باڵقبووندا، چوار سەد تا پێنج سەد هێلکە لەناو دەچێت، تا قۆناغی تەمەنی نائومێدی. جا بۆیە بەزۆری لەم تەمەنەدا تادوای گەشەکردنی کچەکە، هێلکە دروست نابێت. ئەمەش بـەماوەی پێنج ساڵ دروستدەبێت، بەڵام هەندێک حاڵەتی دەگمەن هەیە کە کچەکە تەمەنی نۆ ساڵان بووە منداڵی بـووە. واتا زوو چووەتە ناو سـووڕی مانگانەو زوو شـووبـکـردووەو دوای ساڵێک لـەسـووڕی مانگانە، سکی بـووە، واتـا هێلکەدانەکانی گەیشتووەتە گەشەی تەواو. ئەم پسپۆڕەی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان پێیوایە، قەڵەوی لەسەر ئەم حاڵەتە کاریگەری نییەو منداڵەکەش کە لەدایک دەبێت ئاسایی دەبێت. ڕێژەی ئەم حاڵەتە زۆر کەمە،"لەهەر پەنجا هەزار کەس، یەک کەس تووشی دەبێت". د.ڕوناک، جەخت لەسەر کەمی ئەو حاڵەتە دەکاتەوە، "مـاوەی چل ساڵە من پزیشکم، تائێستا ئەم حاڵەتەم نەبینیوە، بەڵام دەزانم کە بوونی هەیەو لەلایەنی زانستییەوە باسی لێوە کراوە".

## "کچەکەم بەر لە نۆ ساڵی کەوتە ناو سووڕی مانگانەوە"

دکتۆر ریما جورج، کە دانیشتووی شارۆچکەی عەنکاوەیە، باس لە زووباڵقبوونی کچەکەی دەکات کە لەتەمەنێکی زۆر زوودا کەوتووەتە ناو سووڕی مانگانەو دەڵێت:"کچەکەم پێش ئـەوەی تەمەنی بگاتە ٩ ساڵ کەوتە ناو سووڕی مانگانە. من خۆم لەتەمەنی دوانزە ساڵاندا کەوتمە ناو سووڕی مانگانەوە". ئەو دکتۆرە ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە هەندێ لەکچان لەتەمەنێکی زۆر زوودا باڵق دەبن.




## دەستنیشانکردنی ئەم حاڵەتە:

بـەرای ئـەو پزیشکەی بـواری ژنـان، هەر حاڵەتێکی وا کە بوونی هەبێت، پێویستە پسپۆڕی منداڵان و ئافرەتان بیبینن. دایک دەبێت ڕۆڵی هەبێت و منداڵ تێبگەیەنێت، کە ئـەوەش حاڵەتیکی ئاساییەو لەگەڵ گەورەبوونی کچدا چارەسەر دەبێت، ئەگەر منداڵەکە لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە، سووڕی مانگانەی دەستی پێکرد، ئەوا حاڵەتەکە نائاساییەو دەبێت منداڵەکە بۆ لای پزیشک ببرێت و لـەو ڕێگەیەوە گۆڕانکارییەکان بوەستێندرێت و هۆرمۆناتەکان ڕاگیرێن و گرێیەکانی لاببرێن. ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتەش پشکنین و تیشکی ڕەنین، یان تیشکی ئاسایی و پشکنینی هۆرمۆنییە.

## چارەسەر کردن

ئاستی ڕۆشنبیری دایک و هاوکاری دایک بۆ کچان، ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی ئەو منداڵەدا هەیە کە تووشی ئەم حاڵەتە دێت. چونکە ئەگەر شتەکە جینی ( بۆماوە) بێت، دەرمانی پێویستی بۆ وەردەگیرێت، تا لەتەمەنی یانزە ساڵی هاوسەنگی هۆرمۆنی هەبێت و بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکات.

ئا: شیلان یاسین



### پڕۆفایل

د. ڕوناک فایەق فەرج

_ساڵی ١٩٦٦ کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.
_ ساڵی ١٩٧١ لە ئیرلەندا دیپلۆمی وەرگرتووە.
_ ١٩٧٣دکتۆرای وەرگرتووە و لە ١٩٧٤ تا ٢٠٠١ لە بەغداد مامۆستای کۆلێژی پزیشکی بووە.
_ماوەی دوو ساڵە لە کۆلێژی پزیشکی بەشی ئافرەتان وانە دەڵێتەوە.
_ لەنەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر، کاردەکات.

www.netewe.com

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٢١/٣-٢٠/٤

بە گشتی لەسەر ئاستی کارەکەت ڕۆژێکی باشە، هەست بە چالاکی و زیندوێتی دەکەیت و ئارەزووی بەجێهێنانی ئەرکەکانت دەکەیت، لەرووی سۆزدارییەوە وا باشترە داواکاری خۆشەویستەکەت بەجێبهێنیت و لەگەڵیدا بچیتە دەرەوە.

## گا



٢١/٤-٢٠/٥

ئەمڕۆ هەواڵێکی خۆشت لەبواری کارەکەتدا پێدەگات، بەمزوانە باری دارایت زۆر باش دەبێت. بەرێوبەرەکەت متمانەی زۆری پێتەو لەکارەکانت رازیـە، کۆمەڵێک مەوعیدت دێتە پێش کە لەخۆشەویستەکەت دوورت دەخاتەوە.

## دوانە



٢١/٥-٢١/٦

ئەمڕۆ کارەکانت وەک پێویست نارۆن کە دەبێتە هۆی تووڕە بوونت بەڵام باشتروایە هێمن بیت چونکە ئەمە هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات. لەرووی سۆزدارییەوە باشتروایە توندتر بیت و کەسایەتیەکی سەربەخۆت هەبێت.

## قرژاڵ



٢٢/٦-٢٢/٧

ئەمرۆ کاروبارێکی زۆرت لەسەرشانە پێویستە جێبەجێیان بکەیت ئەمەش تووشی هیلاکیت دەکات. هەوڵبدە کەمێک پشوو بدەیت، ئەمڕۆ خۆشەویستەکەت دەبینیت و کاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر دەبەیت.

## شێر



٢٣/٧-٢٢/٨

هەست بە خەمۆکی دەکەیت بە هۆی کارەکانتەوە کـە ئەنجامیان دەدەیـت، هەوڵبدە شێوازی کارەکەت بگۆڕیت، ئەم ماوەیە رۆمانسی دەبێت و کەشوهەوای خۆشەویستی بەسەرتدا زاڵ دەبێت.

## گوڵەگەنم



٢٣/٨-٢٢/٩

لوتـبـەرز مەبە و گـوێ لەبووچونەکانی کەسی بەرامبەرت بگرەو لەسەر بۆچوونەکانی خۆت پێداگری مەکە، تووشی هەڵوێستێکی دژوار دەبیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، هەوڵبدە داوای لێبووردنی لێبکەیت و پاساو بۆ هەڵوێستەکەت بهێنیتەوە.

## تەرازوو



٢٣/٩-٢٣/١٠

هـەوڵـبـدە سەرنجێکی بـاش لای هـاوکـارەکـانـت بەجێبهێڵیت، بەزەردەخە راستەقینەکەت دەتوانیت زۆر شت بەدەست بهێنیت، لەم ماوەیە هیچ بڕیارێکی بەپەلە لەباری سۆزدارییەوە مەدە چونکە بەخت یاوەرت نابێت.

## دووپشک



٢٣/١٠-٢١/١١

رێگا مەدە هەڵچوون و تووڕەبونەکانت کاریگەری لەسەر پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکەتدا هەبێت، هەوڵبدە شتەکان بەئاسایی وەربگریت، لەرووی سـۆزداریـیـەوە گرنگی بەکەسێکی نەگونجاو دەدەیت، پێویستە زیاتر بە عەقڵ بیربکەیتەوە.

## کەوان



٢٢/١١-٢١/١٢

هـەوڵـبـدە بــەردەوام بیت لـەسـەر گفتوگۆ و دیالۆگ چونکە بەم شێوازە دەتوانیت کێشە هەڵواسراوەکانت چارەسەر بکەیت، لە رووی سۆزدارییەوە بێهیوا دەبیت لەکەسێک کە پێشتر سەرسام بوویت پێی.

## گیسک



٢٢/١٢-١٩/١

ئەم ماوەیە بەشێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام هـەوڵـبـدە کـارەکـانـت کـەڵـەکـە نـەبـن، رێگە بەدروستبوونی کێشە مەدە لەنێوان خۆشەویست و بنەماڵەکەت.

## سەتڵ



٢٠/١-١٨/٢

رۆژێـکـی بـاشـە لــەرووی کـارکـردنـەوە و چێژ لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانت وەردەگـریـت، هیچ بەڵێنێک مەدە تاتەواو دڵنیا نەبیت لە جێبەجێکردنی چونکە دەرئەنجامەکەی باش نابێت.

## نەهەنگ



نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

هەوڵدەدەیت کارەکان بەرێ بکەیت تا بارودۆخەکان لەبەرژەوەندی تۆ یەکلایی دەبێتەوە، ئاگاداری باری تەندروستی خۆشەویستەکەت بە، چونکە ئەو پێویستی بەپشتیوانی تۆیە.

www.netewe.com

# گەنمە شامی:

**ناوی کوردی:** گەنمە شامی، شەندەری،گوڵە پێغەمبەرە
**ناوی زانستی:** Zea Mays
**خێزانی زانستی:** Gramineae





## تایبەتمەندی فیزیکی

**بۆن:** نییە
**تام:** شیرین
**پلەی گەرمی بەرگەگر:** (( ١+ بۆ +٤٢ )) س°
**بەرزی رووەکە:** (( ١٠٠ – ١٨٠ )) سم

**ناوبانگی کوردی:** ئەم رووەکە پێشتر لە کوردستاندا نەبووە، بەڵکو هاوردە کراوە. مێژووی هاوردەکردنیشی بۆ سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی دەگەڕێتەوە کە ئەوکات کاروانچییە کوردەکان، روویان لە ناوچە جیاجیاکانی عەرەبستان کردووە و لەوێوە بۆ کوردستانیان هاوردە کردووە. هەندێ لەخەڵک بە گەنمەشامی ناوی دەبەن، گوایە ئەم رووەکە یەکەمجار لە شامەوە هاوردە کراوە. هەندێکی تر بە گوڵە (( پێغەمبەرە )) ناوی دەبەن، گوایە یەکەمجار لەشاری پێغەمبەر (( د.خ )) واتە، شاری مەدینەوە هاوردەکراوە. هەندێکی تریش بە شەندەری، ناوی دەبەن کە گوایە لە سەردەمی گرانی گەورە ساڵانی (( ١٩٠٠-١٩١٠ )) لەجیاتی گەنمی ئاسایی، کراوە بە نان. بەهەر جۆرێک بێت بەری ئەم رووەکە هەر لەکۆنەوە کۆڕی شەوانەیماڵانی پێ رازێنراوەتەوە. بەتایبەت لەوەرزی زستاندا کە لەگەڵ کەمێک رۆن زەیت و خوێ تێکەڵکراوەو برژێنراوە. پاشان وەک شەوچەرە پێشکەشی میوانەکان کراوە.

**شوێنی رووان:**
کێڵگەی کشتوکاڵ.



**شێوەی روانی** لەوەرزی بەهاردا



**وەرزی رووان :** بەهار مانگی (( ٣-٦ )).

**ناوبانگی پزیشکی گیایی:** Zea Mays
لەپزیشکی گیایی نێودەوڵەتیدا بۆ چارەسەرکردنی ناتەواوییەکانی گورچیلە Renal disorder بەکاردێت. بەتایبەت لەکاتی میزگیراندا dysuria بەهۆی هەوکردنی پرۆستات Prostatits کە میزڵدان خاودەکاتەوەو کرداری میزکردنیشUrination ئاسان دەکات. ئەمەش بەهۆی بوونی رێژەیەکی زۆر لەماددەی پۆتاسیۆم $K^+$ لە پێکهاتەکەیدا. هەروەها کرداری دەردانی زراوی جگەر Bile Secretion رێکدەخات و بەرزی فشاری خوێن Hypertension کەم دەکاتەوە . لەگرنگترین ئەو ماددانەی لەناو Zea Mays دا هەن: Potassium($K^+$)، Lanoline، Mycenae، Vitamin K، Vitamin C . جێی ئاماژەیە، جۆرە مشەخۆرێک Parasite لەسەری دەژێ بەناوی Ustilago Zeae کە هەر لەکۆنەوە گەلی زۆنی مەکسیکۆ، بۆ خێراکردنی کرداری منداڵبوونی ئاسایی Normal Vaginal Delivery و راگرتنی خوێنبەربوونی منداڵدان Uterus Hemorrhage بەکاریان بردووە. هەروەها بۆ تیمارکردنی برینی پێستیش Skin Ulcerبەکاریان هێناوە کە بەهۆی حەساسیەو خروشتەوە Itching دروست بوونە.


سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com





سیراجەددین مەحمود



www.netewe.com



# لە تەلەفزیۆنی کوردیدا بێژەری ژن بۆچی قەڵەون!



دەمـەوێ سەرنجتان بۆ بابەتێک ڕاکێشم کە من بۆ خۆم زۆرم پێ گرینگە. لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ ئێوەیش گرنگ بێت. ماوەیەکی درێژ بوو چاوەڕێ بووم ژنێکی کورد یان ڕۆژنامەوانێکی ژن لەسەر ئەم بابەتە بنووسێت و بۆ من نەمێنێتەوە. بەڵام من لە هیچ شوێنێک شتێکی وەهام نەبینی. پێش ماوەیەک تەلەفزیۆنی فەرمی سوریا بڕیارێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە بێژەری ژن دەرکرد.

بڕیارەکە چی بوو؟

بەڕێوەبەرایەتی فەرمی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سوریا بڕیاریدا ژنی قەڵەو وەکو بێژەر پەسەند نەکات. بەگوێرەی ئەو بڕیارە بێژەری ژن دەبێ: لاو بێت، زراڤ بێت، جوان بێت و قەڵەو نەبێت.. ژنی قەڵەو ناتوانێ لە تەلەفزیۆنی سوریادا کار بکات.

ئەم بڕیارە سەبارەت بەبێژەری ژنەو لێیان داواکراوە جێبەجێی بکەن.

لەهەموو تەلەفزیۆنەکانی جیهاندا بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەو هەواڵ بێژەری تایبەت دێنە هەڵبژاردن. بۆ نمونە ژنێک کە درێژی ١٦٠ سانتیم بێت، دەبێ قورسایی لە ٥٥ کیلۆ زۆرتر نەبێت.

خاوەنی تەلەفزیۆنەکان لە هەڵبژاردنی بێژەردا بەر لە هەموو شت سەرنجی جوانی ژن دەدەن، بەژن و بـاڵای، شۆخ و شەنگی بێژەرەکە.. ئەو ژنەی بە گوێرەی بەژن و باڵای خۆی جوان نەبێت، بۆ پێشکەشکردنی هەواڵ و بەرنامە نایەتە هەڵبژاردن. ئەو ژنەی دەم و سیمای میدیایی نەبێت، خاوەنی تەلەفزیۆن هەڵینابژێرێت بۆ بێژەری.

کاری تەلەفزیۆن بازاڕە. شاشە ژنی جوان و خۆش تیپی دەوێ. زۆربەی جار بەهۆی جوانییەوەیە بینەر تەماشای بەرنامەو هەواڵەکان دەکات. زۆر جاران بەرنامەو هەواڵ بە بێژەرەکانی دەناسرێنەوە. من بۆ خۆم یەکێکم لەو کەسانە بێژەری جوان و سەرکەوتوو سەرنجم زۆرتر ڕادەکێشێت بۆ بەرنامەکە.

پێموایە بە داخـەوە نە بێژەرە ژنەکانمان، نە بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن ئەم شتە هەرگیز سەرنجیان ڕاناکێشێت. خاڵێکی زۆر گرنگەو بەداخەوە بە گرینگی نابینن. ئێمە گوێ بەستاندارتی بێژەری جیهانی نادەین. بێژەری ژنمان زۆرە لەبەر قەڵەویی چاکەتیان بۆ نابێت. بە زۆر بشکۆکی چاکەتەکانیان دادەخەن. ئەم شتە بە ئاشکرا لە شاشەکاندا دیارە. با ئەو کەسانە بەم شتە دڵگران نەبن، بەڵام بە ڕاستی شتێکی زۆر ناخۆشە. بابەتەکە بێژەری ژنە، بەڵام زۆر بێژەری پیاویش بەو شێوەیەن. گەلێکیان بە زۆر پشتوێنی پانتۆڵەکانیان دادەخەن.

ئەو ڕۆژە خانمێکی بێژەرم لە تەلەفزیۆندا بینی، لە تەلەفزیۆنێکی کوردیدا بەرنامەیەکی سەبارەت بە کردنەوەی کۆگایەک پێشکەش دەکرد. کراسێکی کوردی لەبەر بوو. لەبەر قەڵەویی نەیدەتونی بڕوات بەڕێوە. دە بیربکەنەوە ئەگەر پانتۆڵی لەبەر بوایە، بەراستی دیمەنێکی ناخۆشە.

دووبارە بەداخەوە. بەشێکی زۆر لە بێژەرانی ژنمان گوێ بە خۆیان نـادەن. شۆخ و شەنگی خۆیان ناپارێزن. زۆر دەخۆن بە تایبەتیش خواردنی چەور و کەمیش دەجوڵێن. فیتنەس نییە، وەرزش نییە، ڕێکردن و جوڵە نییە.. خواردنی زۆر و جوڵەی کەم، پەرێشانی کردوون. ئەوان بە دەستی خۆیان خۆیان دەخەنە ئەو دۆخە خراپەوە.

نازانم ئەو خانمە بێژەرانە چەندێ خۆیان بە پارێزی خواردنەوە سەرقاڵ دەکەن؟ چەند جاران هەوڵی پارێزیان داوە؟ کەم بخۆن و کەم سواری ماشین ببن و زۆر بجوڵێن...

پێش چەند ڕۆژێک هەواڵی کردنەوەی کۆگای "مانگۆ" لە هەولێر بڵاوبووەوە. مانگۆ کۆگایەکی ئیسپانییە. زۆر بە ناوبانگە، لە سەرانسەری جیهان لقی هەیە. کە هەواڵەکەم خوێندەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم. بە خۆمم دەگوت، لەمە خۆشترە! با خانمانی بێژەرمان ڕێگای ئەو کۆگایە پێ بزانن و لەوێ بەرگی جوان و لەبار پەیدا بکەن.

هـیـوادارم ژنە بێژەری کـورد، ئەوانەی بێژەریی تەلەفزیۆن وەکو پیشە بۆ خۆیان دەبینن و کاری خۆیان بەلاوە گرنگە ئەم قسانەی من بە دەربەست وەربگرن و دڵگران نەبن.

**دلبخوین دارا**

www.netewe.com

# ئەتەکێتی جگەرە کێشان



ڕێساکانی ئەتەکێت و ڕێوڕەسمەکانی مامەڵەکردن دەرفەت بۆ هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە دەبێت خۆتی تێبخزێنی، ئەگەرچی خوویەکی زیانبەخشی وەک جگەرەکێشانیش بێت. تەنانەت جگەرە کێشانیش، ئەتەکێتی خۆی هەیە. بۆئەوەی دووربی لەبێزارکردنی خەڵکی دەوروبەرو پاراستنی تەندروستی هەمووان، پێویستە ڕەچاوی ئەتەکێتی جگەرەکێشان بکەیت.

-ئەتەکێت لە جگەرە کێشاندا:

-لێرەدا ئەتەکێت، مانای ئەوە نییە مرۆڤ لە کاتی ئامادەبوونی کەسانی دیکەدا جگەرە نەکێشێ، ئەگەر چی خودی ئەو کەسانە خۆیان جگەرەکێشیش نەبن، بەڵام پێویستە لەم بارودۆخانەی خوارەوەدا جگەرە نەکێشرێت:

١.کاتی ڕێکردنی لەگەڵ ژنێکدا بەسەر شەقامەکاندا.

٢.کاتی تەوقەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

٣.لەکاتی هاتنە ژوورەوەی کەسێک بۆ ژوورێکی داخراو، نووسینگە یاخود سەرخەر، دا (مصعد ).

٤.کاتی ئاخاوتنی کورت لە تەنیشت کەسێکەوە.

٥کاتی ئاخاوتنی درێژ لەگەل کەسێکدا کە پێویست بە دانیشتنی ماوەیەکی درێژ بکات. ئەگەر جگەرەکێشان لەو شوێنەدا ڕێگەپێدراو بوو، پێویستە سەرەتا مۆڵەت وەربگرێت.

٦.لە شوێنە داخراو و گشتییەکاندا.

٧.لە کاتی ئامادەبوونی ژنێکی سکپڕدا.

٨.لەبەردەم ئەوانەی لەڕووی تەمەنەوە لە خۆت گەورەترن.

٩.لەبەردەم منداڵانی بچووک و ساوا و هەرزەکاراندا.

١٠.لەهەمووی باشتر ئەوەیە کە دەست لە جگەرەکێشان هەڵبگریت، چونکە ژینگە پیس دەکات و بۆ تەندروستی خۆت و دەوروبەریش زیانبەخشە.

کنێر عەبدوڵڵا



www.netewe.com

# ئەستێرەی وارڤین

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

بوون بەبێژەر حەزی منداڵیمە، براکەم و هاوسەرەکەم زۆرهاوکارم بوون لەسەرکەوتنم لەکاری بێژەریدا. لەچەندین یاری پاڵەوانێتیدا بەشداربووم.

### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

بێژەری وەرزشم لەکەناڵی کوردسات، بەرنامەیەکم هەیە. بەدەر لەکاری بێژەری مامۆستام.

## پرۆفایل

ناو: بەناز حەمە ئەحمەد

ڕەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: خێزاندارم و دووکچ و کوڕێکم هەیە.

ئاستی خوێندەواری: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان.

شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی



### خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

١. عەدنان کەریم: لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە
٢-زەکەریا: دایکم
٣-شیرکۆ تالیب: وەرە هاوڕێم بە
٤-مەرزیە: کانی
٥- لەیلا فەریقی: گۆیم لی بگرن
٦-هانی: ساندرێلا
٧-ئەیوب عەلی: واتێنەگەی
٨- لۆکە: SMS
٩- تارا جاف: کۆنە هەواران
١٠- کانی: ئەی خودا

### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

خۆشەویستترین و نزیکترین کەسم هاوسەرەکەمە

www.netewe.com

# ژنێکی کورد ٤ فەرهەنگی زمان دەنووسێت

## ناهیدە رەشیدیان:
## چارەسەری کێشەی ژن بەڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایەوە بەستراوەتەوە

تایبەت

ژنێکی کوردی دانیشتووی هۆڵەندا لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین ئاشکرای کرد کە چوار فەرهەنگی بەزمانی کوردی و بیانی لە ئەورووپا نووسیـەوەو فەرهەنگەکانیشی لەهەریەک لە وڵاتانی فەرەنسا، هۆڵەندا، بەلژیکا و سویسرا، بڵاوکراوەتەوەو هاوکات هاووڵاتیانی کوردستانی و بیانی دەتوانن بۆ فێربوونی زمان کەڵکی لێوەردەگرن.

ناهیدە رەشیدیان، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەو لە شاری سنە لەدایک بووە. ناهیدە، ماوەی ١١ ساڵە نیشتەجێی هۆڵەندایە. ئەو ژنە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی چوار فەرهەنگی، بە زمانی (هۆڵەندی-کوردی)، (کوردی-هۆلەندی)، ( فەرەنسی- کوردی) و (کوردی-فەرەنسی) نووسیەوەو لەماوەی ٨ ساڵدا تەواوی کردوون، هاوکات ناهیدە خوازیاری ئەوەیە کە ئەو فەرهەنگانەش لەهەرێمی کوردستان چاپ بکرێن و بگەیەنرێتە دەست هاووڵاتیان. ناهیدە، ١١ ساڵ بەر لەئێستا دەچێتە هۆڵەنداو لەوێ لەگەڵ خەڵکی سلێمانی نیشتەجێی هۆڵەندا ئاشنایی دروست دەکات، پەرە بە بەهێزبوونی زمانی کوردی دەدات. ئەو وەها باسی ئەو ئەو ئاشنایەتییە دەکات:"پاش ئاشنابوونم لەگەڵ خەڵکی سلێمانی دووچیرۆکم بەزمانی کوردی نووسی و لەڕووی زمانەوانییەوە سوودم لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار بینی. نووسینی ئەو دوو چیرۆکە وایکرد کە بیر لەنووسینی فەرهەنگێک بکەمەوە". ناهیدە، دوای ئەوەی کە زمانی هۆڵەندی بە رێنووس و قسەکردن بەتەواوی فێر دەبێت، بۆ نووسینی ٢ فەرهەنگ بە زمانی (کوردی – هۆڵەندی) (هۆڵەندی – کوردی)، بەماوەی ٤ ساڵ خەریکبوونی بەچاپی دەگەیەنێت. وەک باسی لێوە دەکات، ئەو دوو فەرهەنگە بووەتە سەرچاوەی تەواوی کوردەکانی نیشتەجێی هۆڵەندا و ئەو هۆڵەندییانەی کە دەیانەوێت کوردی فێر ببن. "هەم هۆڵەندییەکان بۆ فێربوونی کوردی و هەمیش کوردەکان بۆ فێربوونی هۆڵەندی، کەڵکی لێوەردەگرن". هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ١٠٠٠ هەزار دانەی لەو دوو فەرهەنگە بەچاپ گەیاندووە."جێگەی خۆشحاڵییە کە بتوانم ١٠٠٠ خێزانی هۆڵەندی خۆشحاڵ بکەم و هەروەها هانی ئەو هۆڵەندییانەش بدەم کە دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن".

ناهیدە، هەروەها زمانی فەرەنسی بە رێنوس و قسەکردنەوە بەباشی دەزانێت. ئەو٤ ساڵی تر لەتەمەنی خۆی بۆ نووسینی دوو فەرهەنگی (کوردی-فەرەنسی) ، ( فەرەنسی –کوردی) تەرخان دەکات. ماوەی ٢ مانگە ئەو دوو فەرهەنگەیشی لەفەرەنسا، سویسراو باشوری بەلژیکا، بڵاو کردووەتەوە کە ئەمەیش"لەناو خەڵکدا جێگەی خۆی گرتووەو پێشوازی زۆری لێکراوە".
ئەو ژنە، ئارەزووی ئەوە دەکات کە فەرهەنگەکانی لەهەرێمی کوردستان بڵاو بکرێنەوە. بۆ ئەومەبەستەیش داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە کارئاسانی بۆ بکات، تا خەڵکی کوردستان لە فەرهەنگەکانی سوودمەند بن.

ناهیدە، جیالەوەی کە لەڕووی نووسینی فەرهەنگەوە دەستێکی باڵای هەیە، ئەو لەبارەی پرسی ژنانیشەوە بۆچوونیی تایبەتی خۆی هەیە. سەبارەت بەرۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگای ئەورووپا باس لەوە دەکات کە ژنی کورد، بەدەگمەن توانای ئەوەی هەبووە کە خۆی دەربخات، مەگەر ئەو ژنانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزبووەو لەنێو خێزانێکی هونەریدا پەروەردەبووە. ئەم هۆکارەیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەشێکی زۆری ژنی کورد، لەئەورووپا،"خەریکی منداڵ بە خێوکردنن".







www.netewe.com



**ناهیده ڕەشیدیان**

بەڵام خالێکی جوانی ژنی کورد بەوە وەسف دەکات کە خێزان پەروەرن و وەک ژنی فارس و ئەورووپا، زوو واز لەمێردەکەیان ناهێنن. لەبارەی جیاوازی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ ئەورووپا، باس لەوە دەکات کە لەئەورووپا کێشەی دەروونی بۆ تاکەکان دروست ناکرێت و ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکان هاوسەنگە.“کەسێک کە بووە ١٨ ساڵ خۆی مافی دیاریکردنی ژیانی خۆی و هاوڕێ و بیرکردنەوەی خۆی دەدات. ئەو کۆمەڵگایە دیدی بۆ ژیان جوانەو یەکسانی کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکات“.

ناهیده، ئەوە دەخاتەڕوو کە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو کێشەی ژن بەیەکەوە گرێدراون و ئەگەر کۆمەڵگا پێشکەوتوو بێت، ئەوا کێشەی ژنیش چارەسەر دەبێت. لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا بەهۆی نەبوونی یاسا یان بەهۆی جێبەجێنەکردنی یاسا، وا دەکرێت کە ژن بچەوسێتەوە.

وەک دەیڵێت:“دەبێت پیاو لەگەڵ خێزانەکەی هاوکار و یەکسانخواز بێت و لەبەخێوکردنی منداڵ و خێزان، یارمەتیدەری بێت. دەبێ پیاو خێزانناس بێت و هەوڵی سەقامگیری خێزان بدات“.

لەبارەی ئەرکی ژنیشەوە دەڵێت:“ژنی کورد دەبێت کۆمەڵگا بناسیت، دەبێت مافەکانی خۆی بزانێت کە چییە. بزانێ بۆچی خێزان پێکدەهێنێت. بەرپرسیارێتی خۆی وهاوسەرەکەی بزانێت. سەقامگیری خێزان بزانێت. ئەوکاتە دایکێکی چاک بۆ منداڵەکەی و هاوسەرێکی باش دەبێت“. ناهیده، بەشداری کەمی ژنانی هەرێمی کوردستان لەبواری سیاسیدا بۆ دواکەوتوویی بۆ دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگایانە دەگەڕێنێتەوە کوردستانیان داگیرکردووە یان دراوسێی کوردن. ئەو دەڵێت:“کۆمەڵگاکانی دراوسێی کورد باوەڕیان بە یەکسانی ژن و پیاو بەشداری سیاسی ژنان نییە، ئەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەلتووری کورد کردووە. بەڵام جێگەی خۆشحاڵییە کە ئێستا ژنان لەپۆستە باڵاکانی حکوومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێن“.

ناهیده، بۆچوونی وایە کە دەبێت مافی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر دەستەبەر بکرێت و بەیاسا پشتگیری لەپرسی ژن بکرێت. هەروەها پێیوایە کە نابێت تاکی کورد وەک تاکێکی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بیربکاتەوە، چونکە لەکۆمەڵگای دواکەوتوو ژن مافی خۆی نازانێت و پیاویش ئاستی هۆشیاری نزمەو مافی ژن زەوت دەکات.

ناهیده، ئارەزووی لەوەیە کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لێرەیش خزمەت بە زمانی کوردی بگەیەنێت.“من زور نیشتمانم خوشدەوێ و بەئاواتم ڕۆژێک بۆ کوردستان بگەڕێمەوەو لەبواری فەرهەنگی زمانی کوردی و فەرەنسی و هۆڵەندی خزمەتی خوم پیشکەش بەخەڵکی کوردستان بکەم. ئاواتی من ئەوەیە کە زمانی کوردی شانبەشانی زمانەکانی ناوچەکە وەک عەرەبی و فارسی و تورکی پێشبکەوێت. ئەو دەیەوێت کورد لەرووی زمانەوانییەوە وڵاتانێکی وەک سویسراو بەلژیکا بەنموونە وەربگرێت.

**ئا: ئاران جەمال**

**پرۆفایل**

ناهیده ڕەشیدیان ١٩٥٥ لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووەو کۆلیژی ئەندازیاری تەواوکردووە.

١١ ساڵە لە هۆڵەندا نیشتەجێیە.

چوار فەرهەنگی نووسیەوەو شارەزایی لەزمانی ئینگلیزی – هۆلەندی و فەرەنسی هەیە.

زەواجی کردووەو دوو منداڵی هەیە.

www.netewe.com

# هێڤی بەرواری:

# رەتکردنەوەی پیاو واتای ئازادی ژن ناگەیەنێت

ئەڵمانیا

”واهەست نەکەن کە ژنێک هەموو کارەکانی پیاوی ئەنجامدا مانای ئازادییە. بەڕای من ئەوە تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانە. ژن، دەتوانێت بەنەرمونیانی لەسەر هەر کێشەیەک دانووستان لەگەڵ مێردەکەی بکات. هەندێ ژن وابیردەکەنەوە ئەگەر پێچەوانەی پیاو رەفتاریان کرد ئەوە ئازادییە. شەڕکردن لەگەڵ پیاو ئازادی نییەو تێکدانی کۆمەڵگەیە“. ئەمە چەند گوتەیەکی نووسەرو چالاکوان هێڤی بەروارییە کە لەرێگەی دیمانیەکی تایبەت بە وارڤین، بۆ ژنانی، رادەگەیەنێت.

نووسەرو چالاکوان لەپارێزگای دهۆکدا هێڤی بەرواری، حەزی نووسین و دەستپێکی شیعری بۆ ئارەزووی منداڵی دەگەڕێنێتەوە کە لەرێگەی رادیۆی کوردی بەغداوە گوێبیستی، بەرنامەی شیعرو ئەدەبیات دەبوو. دواتریش کاتێ دەست بەنووسینی بابەتی کۆمەڵایەتیی و شیعر دەکات لە بڵاوکراوە کوردییەکانی وەکو، رۆژنامەی هاوکاری، بزاڤ، گۆڤاری بەیان، کاروان و دەنگێ مە، بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە.

هێڤی بەرواری کە دوومنداڵی بەناوی کۆمات و ئاگری هەیەو لە تەمەنی (١٧_١٥) ساڵی دان، باس لەئەرکی دایکایەتی دەکات کە کارێکی زۆر گرانەو لەهەمانکاتیشدا بۆ هاوسەنگی نێوان کاری نووسین و ژیانی خێزانداری بە پێویستی دەزانێت کە مرۆڤ هەست بە بەرپرسیارێتی ژیان بکات و مافی کەسانی دەوروبەریش بدات، تا لەکارەکانیدا سەرکەوتووبێت. ”نابێت دایک لەسەر حیسابی منداڵەکانی کار بکات. ئەگەر وابوو دایک دەبێتە کەسێکی خۆپەرست. بۆیە من بەرلەوەی ببمە دایک، بارودۆخێکی وام رەخساندووە کە لەکاتی دایکبوونی هەر منداڵێکم، ماوەی سێ چوار ساڵم بۆ ئەوان تەرخان کردووە. هەرچەندە لەو کاتەشدا شتم دەنووسی، بەڵام زۆربەی کاتم بۆ منداڵەکانم بوو. هەرچەندە زۆرجار لەسەر ئەوە رەخنەم لێدەگیرا، بەڵام باوەڕم بەخۆم هەبوو. پێموابوو منداڵەکانم مافیان لەسەرم هەیەو پێویستە کاتیان بدەمێ. واهەست دەکەم من بەبێ منداڵ و نووسین ناژیم“. بەرواری، لەبارەی یەکسانی ژن و پیاو لەنێو کۆمەڵگەدا رووی قسەکانی ئاراستەی ژنان، دەکات و ئاماژە بەوەدەکات ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبدرێتەوە دەردەکەوێت کە رۆڵی ژنان لەپیاوان سەختر بووە، بەوەی پیاو لەقۆناغی سەرەتای ژیانی مرۆڤ لەئەشکەوتەکاندا منداڵی بەهی ژنان زانییەو فەرامۆشی کردووە. بۆیە ژن، بەدوای بەخێوکردنی منداڵ گەراوەو لەهەمانکاتیشدا بژێوی پیاوی دابینکردووە. هێڤی، دەڵێت: ”پێویستە ژن، مێژووی خۆی بزانێت. تا باوەڕ بەتواناى خۆی و شانازی بە رەگەزی خۆیەوە بکات“. بەرواری، وەک یەکەم ژنێک لەپارێزگای دهۆکدا لەساڵی ١٩٨٣ دەبێتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی دهۆک، ”ئەوکاتە زۆر زەحمەت بوو، کچ لەماڵ بێتە دەرەوەو لەگەڵ پیاواندا بەشداری لەچالاکییەکان بکات. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کارکردنی ژن، گونجاو نەبوو. لەهەموو چالاکییەکانی ئەوکاتەی یەکێتی نووسەرانی دهۆکدا بەشداربووم. لەگەڵ ئەوشدا هەموو ئەندامانی ئەوێ رێزیان لەمن دەگرت، یەکەم کچ بوم کە لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا بۆ چالاکی دەچووینە هەولێر و سلێمانی و لەرێگادا گۆرانیمان دەگوت“. هێڤی بەرواری، وای نابینێت کە ئەدەبیاتی ژن و پیاو جیاواز بێت، ”بەلای منەوە ئەدەبیات بەناوی ژن و پیاوەوە نییە. ئەمە کارێکی مرۆڤایەتییە نەک رەگەزی بێت، چونکە لەسەر ئاستی داهێنانی کەسەکانەوە دەوەستێت جا ژن بێت یان پیاو“. لەبارەی بوونی توندوتیژی دژ بەژنانیش بەرواری، وای دەبینێت

## پڕۆفایل



هێڤی بەرواری:
لەگوندێکی نزیک چیای مەتین، لەدەڤەری بەرواری باڵا لەدایکبووە.
مامۆستای زمانی کوردییە.
لە ساڵی ١٩٨٦تا ١٩٩١ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی دهۆک بووە.
لە ئەنیستیتۆی کوردی بەرلین کاری کردووە.
ماوەی سێ ساڵ لە بەڕێوەبەری پەنابەرانی کورد کاری کردووە.
ئەندامی رێکخراوەی قەڵەمی نێودەوڵەتی- نووسەرانی ژنە.
ساڵی٢٠٠٢ لە ٩٨مین کۆنگرەی جیهانی نووسەرانی ژن، لەمەکدۆنیا بەشداریکردووە.



میڤی لەگەڵ فەهمی هاوسەری









چالاکییەکانی هێڤی لەرێکخراوەی قەڵەمی نێودەوڵەتی- نووسەرانی ژن

کە لەهەر کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا، کاتێ ئاستی رۆشنبیری نزم بێت ژن، بەشەرەفی پیاو وەسف دەکرێت و پیاوانی دەسەڵاتدار کەلتوور و یاسا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و ژن، ئازاردەدەن. هێڤی، گوتی کە نووسەر و کۆمەڵناسی ناوداری تورک ئیسماعیل بێشکچی کە دۆستی کوردە، لە کتێبێکی خۆیدا دەڵێت: "وەختێک من لە ناوچەیەکی کوردان سەربازبووم. بینیم کە کچێکیان کوشتووە لەبەرئەوەی حەزی لەکوڕێک کردووە. بەڵام سەربازێک دێت لەبەرچاوی ئەوان کچەکانیان لەکچێنی دەخەن و ئەوان دەمی خۆیان ناکەنەوە". هێڤی بەرواری، سەبارەت بەو تێکستەی ئیسماعیل بێشکچی، دەڵێت: کەواتە ژن، شەرەف و ناموسی پیاو نییە. لەبارەی رەوشی ژنانی کورد لەهەرێمی کوردستان و ئەورووپا لەچۆنیەتی ئەداو تێڕوانینان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، هێڤی بۆچوونی وایە کە ژنی کورد لەئەورووپاش بەپرەنسیپەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەژیت. ئەو باس لەوە دەکات کە هەندێجار ژنی نەخوێندەوار و بێ پێشینە، کاتێک دەچێتە ئەوروپاو ئەو ئازادییە دەبینێت، نازانێت چۆن لەگەڵ ئەو ئازادییەدا، هەڵسووکەوت بکەن و سنووری ئازادی نازانن. بۆیە بەبۆچوونی بەرواری، ئەو کەسانە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن. هێڤی، دەڵێت: "رێزگرتن لەیەکتری و پێکەوەژیان مەرجی ژن و پیاوە. ژن و پیاو پێکەوە ئاسوودەیی ماڵ دەپارێزن. بەبڕوای من، هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژنی کوردستان و ئەورووپادا نییە". لەبارەی گەیاندنی پەیامی ژنی کورد بەیەکێتی ئەورووپاو ناساندنی کێشەی کورد بەجیهان، بەرواری، دەڵێت لەمداوایانەدا بەهۆی هەندێ کاری هاوبەش جموجوولێک لە ژنان هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە کێشەی کورد بگەیەننە ئاستی نێونەتەوەیی. "لە رۆژانی نەورۆزو یادی هەڵەبجە، هەندێ چالاکی دەکەن. تائێستا نەیانتوانیوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەورووپا خۆیان بگونجێنن و کێشەی ژنی کورد بەژنی ئەورووپا بناسێنن". لەبارەی تێگەیشتنی ژن، لەماناکانی ئازادی و بوونی لەنێو پێگەیەکی ئابووریدا لەگەڵ ئەوەدایە کە ژن خاوەنی ئابووری خۆی بێت باشە، بەڵام ئەو بەپێویستی دەزانێت کە ژنانیش لەمانای ئازادی تێبگەن. "لەوانەیە ژنان وابزانن ئازادی بەتەنیا ئازادی ئابوورییە. پێویستە ژن سەرەتا بیری خۆی ئازاد بکات. وەک مرۆڤ خۆی پێناسە بکات و مافەکانی بناسێت و پێیوابێت هەبوونی ئەو مافانە سروشتییە".

بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنیش بەرواری، پەیامێک ئاراستەی ژنان دەکات و بەپێویستی دەزانێت کە ژن باوەڕی بەخۆی هەبێت و هەوڵبدات خۆی لەبارەی ژیانی خۆییەوە بڕیار بدات. "واهەست نەکەن کە ژنێک هەموو کارەکانی پیاوی ئەنجامدا مانای ئازادییە. بەرای من، ئەوە تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانە. ژن، دەتوانێت بە نەرمونیانی لەسەر هەر کێشەیەک دانووستان لەگەڵ مێردەکەی بکات. هەندێ ژن وابیردەکەنەوە ئەگەر پێچەوانەی پیاو رەفتاریان کرد ئەوە ئازادییە. شەڕکردن لەگەڵ پیاو ئازادی نییەو تێکدانی کۆمەڵگایە".

لەکۆتایدا هێڤی بەرواری، لەباری پێوەندی خۆی بەهاوسەرەکەیەوە باس لەوە دەکات کە هاوسەرەکەی (فەهمی بالایی) هونەرمەندێکی شێوەکارەو لەمیانەی فستڤاڵێکی ساڵی ١٩٨٦لە هەولێر ناسیویەتی. "خاڵی هاوبەشمان هەبوو و دوای چەند ساڵ هاورێیەتی دواتر پەیوەندییەکەمان بووە خۆشەویستی و رێزی یەکتر دەگرین و هاوکاری بەرێوەبردنی کارەکانی یەکتر دەکەین. وەک دوو هاورێ پێکەوە دەژین".



هەڵز عەلی







www.netewe.com


Exhibiti
25
November
دەزگای وارڤین بۆ بەرزڕاگرتنی ٢٥ی نۆڤێمبەر، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان
پێشانگایەکی هاوبەشی بۆ هونەرمەندانی شێوەکار کردەوە

# درا...
## ئاسی:



زنجیره درامای دۆبلاژکراوی تورکی"ئاسی" یەکێک لەو درامایانەیە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەهەرێمی کوردستان بینەری هەیەو لەجیهانی سینەماشدا بە درامایەکی سەرکەوتوو دادەنرێت. ئەم درامایە لەنواندنی هەردوو ئەکتەری بەناوبانگی تورک مورات و توبایە، فیلمێکی کۆمەڵایەتییەو دیمەنی ژنی لادێی تورک، پیشاندەدات.

ئاسی لەو فیلمەدا کچی بنەماڵەیەکی ئاغایە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی لیبەراڵ و پێشکەوتووی هەیە. لەگەڵ خێزانەکەی لە کێڵگەیەکدا دەژی. خێزانی ئاسی، کوڕیان نییەو سێ خوشکی هەیە. بەڵام ئاسی، توانیویەتی لەگەڵ باوکیدا کاربکات بەبێ ئەوەی هەست بەجیاوازییەکی ڕەگەزی لەنێوان خۆی و پیاوانی کرێکاری ئەو کێڵگەیەدا بکات.

ئاسی، عاشقی کوڕێک دەبێت بەناوی دەمیر کە پێشتر لە جووتیارانی ئەو کێڵگەیە بووەو دایکی کوڕەکە بەهۆی زوڵمی دەسەڵاتی باپیری ئاسی، لەناو ئاوێکی بەناوباگی ئەو ناوچەیەدا خۆی خنکاندووە. بۆیە ئەوشوێنە هەموو ڕووداوە تاڵەکان بەبیر دەمیر، دێنێتەوە. سەرەتا بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە



# امای
## ژن و ئاشتی

دێتـــەوە
کێڵگەکە، بەڵام
دوایـــی عـەشقـی ئـاسـی،
هـەرەس بەو رق و کینەیەی دێنێت. ویـڕای هەموو ئاستەنگ و یادەوەرییە دژوارەکان، ژیانێکی کامەران دروستدەکەن و دەبنە هۆی ئاشتبوونەوەی هـەردوو بنەماڵەش. لەو درامایەدا رۆڵی گرنگی ژن، پیشاندەدرێت کە هەمیشە رۆڵی ئاشتی و رووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری بووە. خۆشەویستی بە هەوێنی ئاشتبوونەوەو کۆتایی هێنان بەناکۆکییەکان دەخاتەروو. ژن، لەدیمەنی ئەو درامایەدا وێنەیەکی بەرزی هەیە، کاتێ میهرەبانی ژن، جێگەی رق و کینەو تۆڵەسەندنەوە دەگرێتەوە. لەبەشی دووەمی ئەو درامایەدا رۆڵگێڕانی ئافرەتە لەنێو بنەماڵەیەکی بێ کوڕدا. ئـەو ئافرەتە (ئـاسـی)، کاتێ ئـازادی کارکردنی پێدەدرێت و لەگەڵ باوکیدا بەبێ ئەوەی حیسابی ئەوەی بۆ بکرێت کە ژنـە، شانبەشانی پیاو کاردەکات. ئەمە دەبێتە هێمایەکی سەرکەوتووی ئەو بنەماڵەیەو وایلێدێت کە ئەو ئافرەتە رق و کینەی ماڵ و کۆمەڵگەیەک بسڕێتەوە. ئەو درامایە پێمان دەڵێت ئەگەر ئافرەت ببێتە خـاوەن کـار، ئـەوا ئـەو ئافرەتە لەچەوساندنەوەو ستەم رزگاری دەبێت و دەتوانێت پەیامی ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگەکەشی بێنێت.

www.netewe.com

# زمانی داتا

وارڤین

راپرسی لەجیهانی مودێرندا وەک زانستی دەوڵەت سەیر دەکرێ. ئەگەر ئاورێک لەرۆژئاوا بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چەندین ناوەندی ستراتیژیک و زانستی و کۆمپانیای گەورە خەریکی ئەنجامدانی راپرسین و دەرەئەنجامی راپرسییەکانیش بەحکوومەت، میدیاکان و دامودەزگاکان دەفرۆشنەوە. لەجیهانی مودێرندا راپرسی وەک هەڵسەنگاندنێک و شرۆڤەکردنێک بۆ ئەدای حکوومەت، پرسی گەندەڵی و توندوتیژی و بەگشتی پرسە ئـابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەدەیی وتەندروستی و.. کەڵکی لێوەر دەگیرێت. کادێرانی دەزگای گالۆپ کە گرنگترین دەزگای راپرسی و لێکۆڵینەوەی ئەمریکایە فۆرمەکانی راپرسی لەنێوان ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ کەسدا دابـەش دەکـەن، هەروەها لەوڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیای دراوسێماندا کە رێژەی دانیشتوانیان ٧٠ ملیۆن تێدەپەڕێنێت، بەگوێرەی ناوەرۆکی راپرسییەکە ١٠٠٠ یان ١٥٠٠ فۆرم دابەشدەکرێت. بۆ نموونە ئەنجامی راپرسییەکە پێماندەڵێت ئاستی زانستی مامۆستایانی زانکۆ بەبەراوورد لەگەڵ ٤ساڵی رابـردوودا دابەزیوە، یان فلان پارتی سیاسی جەماوەرەکەی دابەزیوە. بێگومان یەکسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو فلانە پارتی سیاسی ترس دەیگرێت و بەخێرایی دەچێتەوەو هەوڵدەدات کە کەموکورییەکانی چارەسەر بکات. بەڵام لە وڵاتی ئێمە کە رێژەی دانیشتوانەکەی ٥ ملیۆن کەس تێناپەڕێنێت نزیکەی ٢٠٠٠ فـۆرم دابەشدەکرێت، بـەڵام لایەنە سیاسییەکان و بەرپرسانی حکوومەت و بگرە هەندێک لەمیدیاکانیش هێشتا گومان لەدەرەئەنجامەکان دەکەن و ئامادەنین گوێ لەراستییەکان بگرن. بەرای ئێمە بەشێک لەو پرسە بۆ تێنەگەیشتن و جێگیرنەبوونی پرسی راپرسی لەهەرێمی کوردستان و نەبوونی کادری پەروەردەکراو دەگەڕێتەوەو بەشێکی دیکەشی بۆ تێنەگەیشتنی لایەنە سیاسییەکان و نەبوونی فەرهەنگی زمانی داتـاو هەڵسەنگاندنی رێژەیی و وەرنەگرتنی رخنەو رەنگە خۆ بەبێمنەت بینین لەزمانی داتا بگەڕێتەوە. هەرچەندە ئەو دەزگا و میدیایانەی کە لەکوردستان راپرسی ئەنجامدەدەن ماوەیەکی زۆر لەتەمەنیان تێنەپەڕیوە، بەڵام لەو تەمەنە کورتەی خۆشیاندا توانیویانە بەکارەکانی خۆیان حکوومەت، پـارتـە سیاسییەکان و میدیاکان لـەسـەر پرسە هەنووکەییەکان و کەموکورتییەکان بەئاگا بێننەوە. بۆ نموونە دەزگـای وارڤین، ماوەیەک لەمەوپێش راپرسییەکی لەسەر پرسی تەحەروش لەچوار پارێزگای باشووری کوردستان ئەنجامدا کە تێیدا دەرکەوت ٥٩٪ ی ژنانی ئەو چوار پارێزگایە بەرەورووی تەحەروش بوونەتەوە. هەندێک کەس کە خۆیان بەرۆشنبیر ناودێر دەکەن بەبێ ئەوەی راپرسییەکەیان خوێندبێتەوەو ئاگایان لەتوانایی و ئەزموونی ستافی راپرسی دەزگای وارڤین هەبێت، ئەو پرسەیان وەها لێکداوەتەوە کە گوایە بڵاوکردنەوەی ئەو ئەنجامە ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام ئێمە بۆ رایگشتی کوردستان دەڵێین نابێت خۆمان لەراستییەکان گێل بکەین و پێشمانوایە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستی بەوە نییە کە راستییەکان بشاردرێنەوە. حکوومەتێک کە هەوڵ بۆ پتەوکردن و جێگیرکردنی دیموکراسی بدات قەت لەزمانی داتا ناترسێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێشوازی لێ دەکات و دەرەئەنجامەکان بەهەند وەردەگـرێـت و بەدواداچوونی بۆ دەکـات. ئێمە سنگمان فراوانەو رەخنەش وەردەگرین، بەڵام لەکەسانێک کە ئەزموونێکیان لەو بوارەدا هەبێت و لەپرسەکە شارەزا بن. نەک ئەوەی هیچ زانیارییەکیان نەبێت و چێو لەتاریکی بکوتن.

www.netewe.com